




# بەشێک لە وتووێژو لێدوانەکانی

## هاوڕێ حەسەن شەرەفی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

پووشپەڕی ٢٧٢٦ی کوردی = جوولای ٢٠٢٦ی زایینی

# پێرست:


١- تایبەتمەندیو کەسایەتیی دوکتور شەرەفکەندی، لە روانگەی رێبەرانی حیزبەوە................ کوردستان میدیا ..... ٤

٢- ئەو کارە دزێوە لە ئاکامدا هەر بێئابڕوویی بۆ ئەنجامدەرانی لێدەکەوێتەوە......................... کوردستان ..... ٦

٣- سەرۆک بارزانی بەر لەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بێت بیرۆکەی کۆنگرەی نەتەوەیی هەر هەبوو..................

........................................................................................ دیمانە: سەعد هەورامی ..... ١٠

١٠- وتووێژی ماڵپەڕی دۆیچەوێلە لەگەڵ حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی.............. و: شەریف فەلاح ..... ١٥

٤- لە حیزبی دێموکراتدا دێموکراسی نەکراوەتە پاشکۆی هیچ باوەڕو ئیدئۆلۆژییەک.........................................

...................................................................................... هەڤپەیڤین: لوقمان عەبدوڵلازادە ..... ١٨

٥- هاودەنگییەش بە نۆرەی خۆی شوێندانەر دەبێ لەسەر چڕوپڕتر بوونی کاری راگەیەنەکان.... کوردستان میدیا ..... ٢٣

٦- لە پێوەندیی پێکهاتنی کۆمیتەی کورد لە SI ................................................ کوردستان میدیا ..... ٢٦

٧- کۆنگرەی نەتەوەیی کورد و هۆکارەکانی دواکەوتنی.............................................. هیوا میرزایی ..... ٣٠

٨- ئەم کردەوە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی گۆڕەپانی کردەوە تیرۆریستییەکان.......... وتووێژ: سەلام ئیسماعیلپوور ..... ٣٣

٩- ناوەرۆکی تەفاهومەنامەی لۆزان دەری دەخات کە دۆڕاوی سەرەکی رێژیمی ئێرانە............... کوردستان میدیا ..... ٤١

١١- ئاکرێ چیتر رۆژهەڵات بکرێتە قوربانیی بەرژەوەندیی باشوور......................................... وشە نێت ..... ٤٦

١٢- ئەوانەی رێژیمی ئێران پێی دەڵێت شەیتانی گەورە و دوژمن، بە کردەوە دەبنە جیرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران..........

....................................................................................... وتووێژ: سەلیم زەنجیری ..... ٥٣

١٣- وڵاتانی ئیقلیمی لە دۆخێکی لەباردا نین، کە بتوانن بڕیار بەسەر هەرێمدا بدەن.................................

..................................................................................... کارزان سەباح هەورامی ..... ٥٩

١٤- وتووێژی کەیهانی لەندەن لەگەڵ کاک حەسەن شەرەفی................ بیژن فەرهوودی... و: رەشید زەرواوی ..... ٦٢

١٥- بوونی پەیوەندییەکی دۆستانە بە دوور لە کێشە و ناتەبایی لە نێو هێزەکان دەبێ هەبێ......... رۆژی کورد ...... ٧٤

١٦- ئێمە لە بەشەکانی کوردستان دەست تێوەردان ناکەین بەڵام پەرۆشی هەموو پارچەکانی کوردستانین... رووداو .... ٧٧

١٧- لە هێرشەکەی ساڵی ١٩٩٦ ئێران کە دەستەیەکی ناو یەکێتی کردیان دەستەکەی دیکە پێیان خۆش نەبوو..............

...................................................................................................... باس نیوز ..... ٨١

١٨- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی ٧٥ی ساڵەی تەمەنی خۆی تێپەڕ دەکا و

یووبیلی ئەڵماسیی خۆی جێژن دەگرێت.......................................................... وتووێژ: ڕەحمان سەلیمی ..... ٨٧

١٩- دەبێ چ بکەین و چۆنی بکەین؟............................................................ کوردستان میدیا ..... ٩١

٢٠- پڕشوبڵاویی ئۆپۆزیسیۆن یارمەتیدەری سەرەکیی مانەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەسەر خەڵک و وڵاتە............

........................................................................................ دیمانە: عەلی بداغی ..... ٩٥

٢١- هاوڕانە بوونی هێزەکانی ئۆپۆزیسیون و بێکردەوەیی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی هۆکاری سەرنەکەوتنی شۆڕشی ژینا

بوون..................................................................................... دیمانە: شەهرام سوبحانی ..... ١٠١

٢٢- دامەزرانی حیزبی دێموکرات خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی خەباتی سیاسی و نەتەوەیی کورد بوو........................

........................................................................................ وتووێژ: شەهرام سوبحانی ..... ١٠٦

٢٣- کوردستان مەکۆی هەستان و بەرەنگارییە................................................ وتووێژ: شەهرام سوبحانی ..... ١١١

٢٤- ترسی دژبەرانی مافە نەتەوەییەکان نەک لە پارچەبوونی خاک، بەڵکوو لە دابەشبوونی هێز و دەسەڵاتە..............

........................................................................................ دیمانە: فاتیمە عوسمانی ..... ١١٦



## تایبەتمەندیو کەسایەتیی دوکتور شەرەفکەندی، لە روانگەی رێبەرانی حیزبەوە



**پرسیار**: بەڕێز کاک حەسەن شەرەفی! ئەوکات دروشمی ستراتیژیکی حیزبەکەمان "دێموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان" بوو، دوکتور سادیق چون دەیڕوانیە مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلەکەمان؟

**وەڵام**: ئەوکات کە دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزب بووو، تەنانەت دواتریشو دوای شەهیدبوونیشی تا کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب، دورشمی حیزب، دێموکراسی بۆ ئێرانو خوموختاری بۆ کوردستان بوو. لە واقیعدا دابینبوونی مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ئێرانێکی دێموکراتیکو لە شکڵێکی خودموختاری دابوو. زۆر ئاسایی بوو کە دوکتور سادق شەرەفکەندی وەک سکرتێری گشتیی حیزب، داخوازەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئەو دروشمەدا مەترەحو پشتیوانی لێ بکا، بەڵام هەر ئەو کاتەش مەسەلەی مافی چارەنووس بۆ گەلی کوردو شکڵی موناسب بۆ چارەسەری ئەو مەسەلەیە یانی فیدراڵیزم لە ئەدەبیاتی حیزبدا ئاماژەی پێ کرابووو دوکتور سەعیدیش لەو پێوەندییەدا زۆر دواوەو رای خۆی دەربڕیوە. سەرەڕای هەموو ئەو باسو مەسەلانە، دوکتور سادیقیش وەک دوکتور قاسملوو باوەڕی بەوە هەبوو کە کورد هەمووی یەک نەتەوەیەو کوردستانیش یەک خاکە کە دابەش کراوەو خەڵکەکەی لێک دابڕاوە. بۆیە ئەگەر رۆڵەکانی ئەو نەتەوەیە بیانەوێ بەسەر یەکەوە خاوەنی کیانێکی خۆیان بن، ئەوە مافی بێئەملاوئەولای خۆیانە. جا ئەوە ئەگەر لە روانگەی دوژمنانو نەیارانی کوردەوە بە جیاوازیخوازی دادەنرێ، لە روانگەی کوردو لە راستیشدا یەکگرتنەوەیە. لەگەڵ ئەوەشدا کوردو هێزە سیاسییەکانی لەگەڵ واقیعییاتی مەوجوود هەڵسوکەوت دەکەنو لە مەیدانی سیاسیەتو کردەوەدا لە هەر پارچەیەکی کوردستان دروشمی تایبەت هەڵدەگرن. ئەوەی ئاماژەی پێکرا گوشەیەک لە بۆچوونو باوەڕی دوکتور سادیق

شەرەفکەندی بەرانبەر بە مەسەلەی نەتەوایەتی‌و مافی چارەنووسی گەلەکەمان بوو کە لە واقیعدا ئەو بۆچوونە چ ئەوکاتو چ ئێستا بۆچوونێکی دروستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە. دیارە دیاریکردنی شکڵی مافی چارەنووسیش مافی هەموو ئەو گەلو نەتەوانەیە کە خوازیاری دابینبوون مافی نەتەوایەتیی خۆیانو خەباتی بۆ دەکەن.


پێم باشە ئاماژە بەوەش بکەم کە دوکتور سادیق شەرەفکەندی، لێکۆڵینەوەیەکی زۆری لە جووڵانەوەکانی کورد کردوە کە "تاریخچەی جنبشهای کرد" یەکێک لە بەرهەمەکانیەتی‌و گەلێک نووسراوەو بابەتیشی لەو پێوەندیەدا بۆ دەزگاکانی راگەیاندنی حیزب نووسیوە کە هەرکام لە کاتی خۆیدا لە رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێرانو رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو کراونەتەوە.

**پرسیار**: کاک حەسەن! روانگەی دوکتور سادق لەمەڕ دێموکراسی‌و کۆمەڵگای کوردی چۆن بوو؟

**وەڵام**: دوکتور سادق شەرەفکەندی کەسایەتی‌یەکی ناسراو بوو، هەم لە نێو حیزبداو هەم لەنێو کۆمەڵی کوردەواری‌دا، بەتایبەت لە نێو توێژی دانیشگاهی‌و رووناکبیردا. باوەڕێکی قووڵی بە دێموکراسی هەبووو دژی هەر جۆرە دیکتاتۆری‌یەک بوو. بۆ چەسپاندنی سوسیالیزمی دێموکراتیک وەک ئامانجی دوارۆژی حیزب یەکێک لە پشتگرانو یاریدەدەرانی دوکتور قاسملووی نەمر بوو لە کۆنگرەی شەشەمی حیزبداو، لە هەمان کاتدا باوەڕی بە عەداڵەتی کۆمەڵایەتی هەبوو. ناسیاوی‌یەکی باشی لەسەر کۆمەڵی کوردەواری‌و پێکهاتەو دابونەریتەکەی هەبوو، هەر بۆیە زۆربەی هەرەزۆری بیروبۆچوونەکانی لە نێو کۆمەڵی کوردەواری‌دا بە ئاسانی‌و بە پێشوازی‌یەوە وەردەگیران. راستگۆیی، خاکی‌و خەڵکی‌بوونەکەی ئەوی هێندەی دیکە لە لای خەڵکو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەتایبەت ئەوانەی لە نزیکەوە دیبوویانو هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کردبوو، خۆشەویستتر کردبوو. ئەو پێی وابوو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەو پلەو پایە لە ئاگاهی‌و زانیاری گەیشتون کە باش لە دێموکراسی تێبگەنو کەڵکی لێ وەربگرن. تەنانەت ناسیاویی زۆری لەسەر گەلانی دیکەی ئێران هەبووو لەگەڵ تایبەتمەندی‌یەکانیان ئاشنا بوو. ئەو ئەوەندەی پشتگیری‌و لێک نزیکبوونەوەی لە هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستان بەگشتی بە پێویستی‌یەکی سەرەکی دەزانی، ئەوەندە باوەڕی بە یەکگرتوویی‌و یەکریزیی هێزە سیاسی‌یەکانی ئێرانو گەلانی ئێران هەبووو ئەو یەکدەنگی‌و هەماهەنگی‌یە بە مەرجی سەرەکیی سەرکەوتن بەسەر دیکتاتۆری‌دا دەزانی.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان مێدیا. رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٤٢١

## حەسەن شەرەفی: ئەو کارە دزێوە لە ئاکامدا هەر بێئابڕوویی بۆ ئەنجامدەرانی لێدەکەوێتەوە



**وتووێژ لەگەڵ رۆژنامەی "کوردستان**

رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی ٣١ی خەرمانان لە کاتی بەڕێوەبردنی مەراسمی یادەوەری یەکەم رۆژی دەستپێکردنی شەڕی ئێران – عێراق کە کۆماری ئیسلامی بە حەوتووی "دیفاعی موقەددەس" ناودێری کردووە، لە شاری مەهابادو لەنێو ژنو منداڵی ئەو خەڵکەی کە بۆ سەیرکردن هاتبوون بۆمبێک تەقییەوەو بووە هۆی کوشتنی ١٢ کەسو برینداربوونی دەیان کەسی دیکە کە زۆربەیان ژنو منداڵ بوون. بەرپرسانی رێژیم هاوکات لەگەڵ تەقینەوەکەو بێسێودوو لە رادەربڕینی جیاجیاو پێکناکۆکدا قامکی تاوانیان بۆ لای حیزبە بەرهەڵستکارە کوردستانییەکان راداشتو ئەو کارەیان بە پیلانی ئامریکا، ئیسرائیلو حیزبی بەعس لەقەڵەم دا. ئەم تەقینەوەو شوێنی تەقینەوەکەو هەڵوێستی رێژیم لەو بارەوە پرسیارگەلێکی زۆری لای خەڵکی کوردستانو حیزبە کوردستانییەکان بەگشتیو خەڵکی مەهاباد بەتایبەتی هێناوەتە ئاراوە. بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانەو روونکردنەوەی زیاتر لە سەر ئەم بابەتە، رۆژنامەی کوردستان وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز کاک حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێک هێناوە کە سەرنجی خوێنەرانی بەڕێزی بۆ رادەکێشین.

**کوردستان**: دوای تەقینەوەکەی مەهاباد دەستبەجێ ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە لایەن بەرپرسانی رێژیمەوە تاوانبار دەکرێن، ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە مێژووی خەباتی ئەم حیزبانەدا هەرگیز بەدی نەکراوەو نەبینراوە کە ئەم حیزبانە بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانیان پەنا بۆ تەقینەوەو بۆمبدانانەوە بەرن، ئێوە ئەم پەلەکردنە لە تاوانبارکردنی حیزبە کوردستانییەکان بۆ چی دەگێڕنەوە؟

**حەسەن شەرەفی**: تەقینەوەکەی مەهاباد ڕووداوێکی ناخۆشو هەژێنەر بووو بەداخەوە لەو ڕووداوەدا دەیان کەس کوژرانو بریندار بوون، ئەو کردەوەیە هەر بەو ڕادەیە کە بۆ هەموو لایەک بە ژان بوو بەو ڕادەیەش لە ئاکارو کردارو پرنسیپی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردیش بە دوورە. هەر وەک خۆشت ئاماژەت پێ دا کورد تەنانەت لە حادترین شێوەی خەباتیشدا پەنای بۆ ئەو جۆرە کارە دزێوانە نەبردووە، هەرچەند خۆی زۆرجار قوربانی ئەم کارە ناجایزو ناحەزە بووە.

ئەوەش کە ڕێژیم قامکی تۆمەت بۆ ئەمو ئەو ڕادەدێرێ شتێکی تازە نیە. ئەوە لە تایبەتمەندییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە لەو جۆرە مەواریدانەدا بێلێکۆڵینەوەو بێبەڵگەو بێهۆ دەستبەجێ دوژمنانی دەرەکی یا ئۆپۆزسیۆنی کورد یا ئێرانی تۆمەتبار بکاو سەیریش ئەمەیە هەرجارێکیش کە بە دەگمەن لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا لەو جۆرە ڕووداوانە کۆڵراوەتەوە نادروستی تۆمەتەکەی دەرکەوتووە.

مەحکوومکردنی ئەو جینایەتە کە دەرهەق بە ژنو منداڵ کرا، لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو باقی هێزە کوردییەکانەوە کارێکی بەجێو دروست بوو کە لەگەڵ پرەنسیپو باوەڕەکانیان یەکی دەگرتەوەو شتێکی زۆر ئاسایىو تەنانەت ئەرکێکی سەرشانیان بوو. حەز دەکەم ئەوەش لە وەڵامی ئەم پرسیارەت زیاد بکەم کە پەلەکردنی ڕێژیم لە تۆمەتبارکردنی ئەمو ئەو دەگەڕێتەوە بۆ بەرنامەی کەڵکوەرگرتنی ڕێژیم لەو ڕووداوە بۆ میلیتاریزەکردنی زیاتری ناوچەو ئەمنییەتیکردنی ناوچەکانی کوردستانو لە پەنا ئەوەش دڕدۆنگی پێکهێنان لە نێوان خەڵکو دروستکردنی کەشوهەوایەکی بێئێعتمادیو پێشگرتن لە یەکگرتوویی زیاتری خەڵک.

**کوردستان**: لە چەند ساڵ لەمەوبەرەوە جۆرێک هەڵوەرین لەنێو ڕیزی چەکدارانی ڕێژیمدا دەستی پێکردووە کە بێگومان ڕاگەیەندراوی پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش کە باس لە لێبوردن لەو کەسانە دەکات، کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبووە لە چوونەسەری ڕەوتی هەڵوەرینەکەدا. ئایا ئەم تەقینەوە دەتوانێ مەبەستێکی وای لە پشت بێ کە بیهەوێ پێش بەو ڕەوتە بگرێ، واتا چەکدارە مەنگوڕەکان بێنێتە سەر ئەو باوەڕە کە نەگەڕێنەوە باوەشی خەڵکو وەک چەکداری ڕێژیم بمێننەوە؟

**حەسەن شەرەفی**: هەڵوەرین لە نێو ڕیزی چەکدارەکانی ڕێژیم بە تایبەت لەم یەک دوو ساڵەی ڕابردوودا شتێکی چاوەڕوانکراو بوو. چوونکە ئەم چەکدارانە پتر تێکەڵاوی ڕێژیمو دەزگا سەرکوتکەرەکانیان هەنو لە نزیکەوە دەبینن کە چۆن پیلان بۆ خەڵک دادەڕێژنو چۆنی جێبەجێ دەکەنو زۆرجار ئەوانیشی تێوە دەگلێنن. بۆیە ڕێژیمیان باشتر ناسیوەو نایانهەوێ لەوە زیاتر بەشداری ئەو جینایەتانە بن کە ڕێژیمو هێزەکانی بەرانبەر بە خەڵک دەیکەن. لە لایەکی دیکەوە ئاسۆی تەمەنو مانەوەی ئەو ڕێژیمە بەو هەموو ناڕەزایەتییەی کە خەڵک لە ڕێژیمیان هەیەو ئەو وەزعە نالەبارە کە ڕێژیم

بۆ خەڵکی خوڵقاندووە، لێڵ دەبینن‌و نایانهەوێ چارەنووسی خۆیان تا ئاخر لە چارەنووسی ڕێژیم گرێ بدەن. با ئەوەش بڵێم کە هەڵوەرین تەنیا تایبەت بە هێزە چەکدارەکان نیە بەڵکوو لایەنی دیکەشی لە نێو دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا گرتۆتەوە. هەر لەم یەک دوو مانگەی دواییدا دیتمان کە چەند کەس لە بەرپرسانی ڕێژیم لە سەفارەتخانەکانی ئەو ڕێژیمە لە فنلاند، نۆرویژو بلژیک دەست لەکارکێشانەوەی خۆیان ڕاگەیاندو ناڕەزایەتیی خۆیان لە سیاسەتو کردەوەکانی ڕێژیم دەربڕیوە.

هەر لەو پێوەندییەدا ئاشکرایە کە هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕادەی خۆیدا شوێندانەر بووە. گومانی تێدا نیە کە ڕێژیم لە چوارچێوەی کەڵکوەرگرتن لەو ڕووداوەی مەهابادو پیلانگێڕی بۆ ئەو مەبەستانەی کە ئاماژەم پێکرد بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵ دەدا.

**کوردستان**: خەباتی مەدەنی، هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ڕێژیمی ئیسلامییەوە تا ئێستا، لایەنێکی بەرچاو لە خەباتی خەڵکی کوردستان بووە کە بەشێکی زۆر لە توانای زەینی‌و عەینی ئەم نەتەوەیە بۆ ئەم شێوە خەباتە تەرخان کراوەو قوربانی زۆریشی لەو ڕێگایەدا داوە، دیارە دوای کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتو پەسەندکردنی درووشمی "بەجەماوەریترکردنی خەبات" لەو کۆنگرەیەدا کاریگەری ئەو شێوە خەباتە لە کوردستاندا زەقتر بۆتەوەو کاریگەری زۆریشی لەسەر باقی ناوچەکانی دیکەی ئێرانیشدا داناوەو تەنانەت توانیویەتی سەرنجی زۆرێک لە کارناسانی دەرەوەی وڵاتو بیانیش بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. پرسیار لێرەدایە ئایا تاوانبارکردنی ئۆپۆزسیۆنی کوردو ڕاداشتنی قامکی تاوان بۆ لای هێزە کوردییەکان دەتوانێ ئەم سیما دەرەوشاوە مەدەنییە تووشی چرژان بکات، بەتایبەتی کە ئەم تەقینەوەیە لە مەهابادا ڕوویدا؟

**حەسەن شەرەفی**: خەباتی مەدەنی‌و هەر شێوە خەباتێکی ڕەوای دیکە هەرکام بە نۆرەی خۆیان لە بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا کاریگەری تایبەت بە خۆیان هەبووە. جەماوەریکردنی خەبات هەمیشە لەبەرچاوو لە دەستووری کاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بووە، بەڵام لە کۆنگرەی ١٤ بەملاوە پێداگری‌و گرینگی زیاتری پێ دراوەو شوێندانەریشی بە کردەوە پتر دەرکەوتووە، ڕێژیمیش هەمیشە هەوڵی داوە کە سیمای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هەر شێوە خەباتێکەوە بشێوێنێ‌و پێچەوانە نیشانی بدا، بەڵام ٦٤ ساڵ خەباتی بێوچانی ئەم حیزبە بە سیمای دێموکراتیکو درەوشاوەیەوە هەرگیز ڕێگای نەداوە ئەو هەوڵانەی ڕێژیم بە ئاکام بگا. بێجگە لەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هەموو تایبەتمەندییەکانییەوە بۆ خەڵکی کوردستان‌و تەنانەت زۆر هێزو لایەنی سیاسی ئێرانی‌و دەرەکیش لەوە ناسراوترە کە کۆماری ئیسلامی بتوانێ بەجۆرێکی دیکە بیخاتە بەرچاو. دیارە ڕەنگە لەو بارەشەوە کە ئاماژەت پێدا دیسان هەوڵی خۆی بدا بەڵام دڵنیام ئەمجارەش هەوڵەکەی نەزۆک دەمێنیتەوە.

**کوردستان**: ئاکامی ئەم کارانە بە کوێ دەگا، ئایا دەتوانرێ بەم شێوە کردەوانە یەکڕیزیی خەڵکی کورد تووشی لێکدابڕان بکرێت؟

**حەسەن شەرەفی**: ئەو کارە دزێوانە لە ئاکامدا هەر بێئابڕوویی بۆ ئەنجامدەرانی لێدەکەوێتەوە. هەوڵەکانی ڕێژیمیش بۆ پیلانگێڕیو دڕدونگی پێکهێنانو شێواندنی یەکڕیزی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد هەمیشە لە گۆڕێ دابووە بەڵام هەروەک تا ئێستا نەیتوانیوە مەبەستەکانی ڕێژیم وەدی بێنێ لەوپێوەندییەشدا هەر وادەبێ. بەتایبەت کە ئێستا خەڵک زۆر لە رابردوو زیاتر ڕێژیمیان ناسیوەو باش لە پیلانگێڕیو بەرنامە دژی گەلییەکانی ئاگادارن.

**کوردستان**: ئەرکی خەڵکی کوردستان چییە لە ئاست ئەم شێوە کردەوانەو هەڵوێستی حیزبەکان دەبێ چۆن بێ؟

**حەسەن شەرەفی**: خەڵکی کوردستان ئەرکی ئەساسیو بنەڕەتی خۆیان کە خەبات دژی ڕێژیمی کۆنەپەرەستو دژی ئینسانی کۆماری ئیسلامییە باش دەناسنو باش دەزاننو لەو پێوەندییەشدا بە خوێنو قوربانیدان بە فیداکارییەکی کەم وێنە ئەم ئەرکە پیرۆزەیان بە ئەنجام گەیاندووە. لە ئاست ئەم شێوە کردەوانەشدا پێویستە بە پشوو لە سەرخۆییەوە هەڵسووکەوت بکەنو هەوڵ بدەن پیلانی ڕێژیمو هەوڵی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی بۆ کەڵکوەرگرتن لەم ڕووداوە پووچەڵ بکەنەوە. هەڵوێستی حیزبە کوردییەکان دەبێ هەر وەک رابردوو پێداگریو شێلگیربوون لە سەر مافو ئازادییەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بێو لە پێوەندی لەگەڵ ئەمجۆرە ڕووداوانەشدا هەروا لەسەر هەست بنو بە هەڵوێستی دروستی خۆیان پیلانی کەڵکوەرگرتنی ڕێژیم لەو کردەوە دزێوانە بەرپەرچ بدەنەوە.

لە وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامەی "کوردستان"، ژمارە ٥٣٢

## حەسەن شەرەفی: سەرۆک بارزانی بەر لەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بێت بیرۆکەی کۆنگرەی نەتەوەیی هەر هەبوو



**دیمانە: سەعد هەورامی**

**جێگری سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران حەسەن شەرەفی، لە دیمانەیەکی رۆژنامەی "هەولێر" دا ڕایگەیاند کە کاری ئەو لیژنە ٢١ کەسییەی لە کۆنفرانسی ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی دەستنیشان کران، بڕیاردان نیە، بەڵکو ئەرکیان ئامادەکاری و رێکخستنی کۆنگرەیە، هەروەها ئەو لایەنانەش کە بەشدارییان تێدا نەکردووە، هەوڵ دەدرێت لە کۆبوونەوەکانی دیکەدا ڕازی بکرێن بۆ ئەوەی بەشدار بن.**

### یەکهەڵوێستیی کورد زۆر لەمێژە زەروورەتی هەیە

**سەعد هەورامی: کۆنگرەی نەتەوەیی کورد کە بڕیار وایە لە مانگی داهاتوودا ببەسترێت، تا چەند کورد لە ئامانجەکانی نزیک دەکاتەوە؟**

**حەسەن شەرەفی: لە راستیدا مەسەلەی یەکدەنگی و یەکهەڵوێستیی کورد زۆر لەمێژە زەروورەتی هەیە و پێویستییەکی حەتمییە و ئەو یەکگرتن و یەکهەڵویستییەی کوردیش، نەتەوەی کورد دەباتە پێشەوە و لە رووی جیهانی و ناوچەییشەوە هێزی دەداتێ.**

**سەعد هەورامی**: چۆن هێز دەداتە کورد؟

**حەسەن شەرەفی**: ئەو گۆنگرەی کە دەبەسترێت، چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، ئەو کۆنگرەیە لە کاتێکدا دەبەسترێت کە وڵاتانی ناوچەکە ڕووبەڕووی ئاڵۆزی و جۆرێک لە هەلومەرجی تایبەتی بوونەتەوە، دەکرێت چاوەڕێی ئەوەی لێ بکرێت کە کورد لە هەر پارچەیەک بە مافەکانی بگات، ئەگەر ئێمە پێشتر بەشێک لە کوردستانمان ئازاد کراو نەبوو، حکوومەتی کوردیمان نەبوو، دەرفەتی کۆبوونەوەمان نەبووە، بەڵام ئێستا بە خۆشحاڵییەوە لە باشوور کوردستانێکی ئازادمان هەیە و دەسەڵاتێکی کوردیمان هەیە، لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە ئەو دەستەڵاتە کوردییە بە تایبەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەستی بە زەروورەتێکی وەها کردووە کە لە بارودۆخێکی جیهانی و ناوچەیی ئاوادا هەنگاو بنێت بۆ ئەوەی ئەو کۆنگرەیە ببەسترێت.

## ڕۆڵی سەرۆکی هەرێم زۆر گەورە و گرنگە

**سەعد هەورامی**: ڕۆڵی سەرۆکی هەرێم چی بووە؟

**حەسەن شەرەفی**: ڕۆڵێکی زۆر باشی هەبووە و ئێمە ئەو دەستپێشخەرییەی بە کارێکی زۆر گەورە دەزانین، ئەو کۆنگرەیەش کە پێک دێت، بە کۆنگرەیەکی وای دەزانین کە شتێکی بێوێنەیە، چونکە شتی وا لە رابردوودا نەبووە، بۆیە کارێکی گەورەیە و لە مێژووی کورددا دەمێنێتەوە، لە هەمان کاتدا پێویستە بڵێین ئەگەر کاک مەسعود سەرۆکی هەرێمیش نەبووایە، ئەو بیرۆکەیەی هەر هەبوو، بەڵام ئەو پێگە سیاسییەی کە لە باشووری کوردستان هەیەتی وەکو سەرۆکی هەرێم، کەڵکی لێ وەرگرت بۆ ئەوەی ئەو ئامانجەی هەیە بۆ پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی بێتە دی و هەموو پشتیوانییەکی خۆیشی بۆ ئەو کۆنگرەیە دەربڕیوە و ئەوەیشی گوتووە کە سەرکەوتنی لیژنەکەی ئێمە دەبێ ببێتە هۆی سەرکەوتنی کۆنگرەکە و کۆنگرەکەیش پەیامی ڕاستەقینەی خۆی پێبێت بۆ بیروڕای گشتیی جیهانی و بۆ وڵاتانی ناوچەکە و پەیوەندیی نێوان ڕێکخراوەکانی هەر پارچەیەک یان هەرچوار پارچەکە، من پێم وایە ڕۆڵی سەرۆکی هەرێم زۆر گەورە و گرنگە و ئەو کۆنگرەیەیش لە کاتێکی زۆر باشدا هەوڵی بەستی دراوە.

**سەعد هەورامی**: پێت وایە تا چەند سەرکەوتوو دەبێت؟

**حەسەن شەرەفی**: سەرکەوتن و سەرنەکەوتنەکەی دەبەسترێتەوە بە نیەتی خاوێنی ئەو لایەنانەی کە لە کۆنگرەکەدا بەشدار دەبن و ئەوانەی کە کاری بۆ دەکەن، چەندە بە دڵسۆزییەوە کارەکان دەکەن، چەندە نیەتپاکانە و لە بەرژەوەندیی

میللەتەکەی خۆیاندا کارەکان ئەنجام دەدەن، چەندی زیاتریش کار بۆ سەرخستنی کۆنگرەکە بکرێت، پتر لە سەرکەوتن نزیک دەبێتەوە.

### "بۆ یەکەم جار کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان یەکترمان بینی"

**سەعد هەورامی**: باشترین دەرهاویشەی هەنگاوەکانی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی چین؟

**حەسەن شەرەفی**: هەر خودی هەوڵەکان بۆ بەستنی ئەو کۆنگرەیە و هەنگاوهەڵگرتن بۆی جوانترین شتە، بەڵام بۆ یەکەم جار بوو کە کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان لە هەر پارچەیەکی کوردستان هەموو حزب و ڕێکخراو و لایەنە سیاسییەکان تێیدا بەشدار بوون، زۆر هەبوون لە کوردانی پارچەکان یەکتریان نەناسیوە یان یەکترییان نەبینیوە لەوێدا هەموو یەکترییان بینی و یەکترییان ناسی و ڕا و بۆچوونی هەر پارچەیەک لەوی دیکە ئاگادار بووەوە، باسی چۆنیەتیی خەبات لە پارچەکاندا کراوە، بۆیە هەر لەوێشدا لە چۆنیەتیی کارکردن و چۆنیەتیی خەباتکردن ئاگادار بوون و لە چۆنیەتی مامەڵەی دەستەڵاتی ئەو وڵاتانە لەگەڵ پرسی کورد ئاگادار بوون.

### ئەرکی لیژنە ٢١ کەسییەکە

**سەعد هەورامی**: کاری ئەو لیژنەیەی ئێوە کە ٢١ کەسن، چییە؟ ئایا دەتوانن ئێوە هیچ بڕیارێک بدەن، لە کاتێکدا هەندێک کێشە لەلایەن هەندێک لایەنەوە لەسەر کورسی بۆ ئەو لیژنەیە دروست بووە؟

**حەسەن شەرەفی**: ئەو لیژنەیە کاری بڕیاردان نییە، بەڵکو ئەرکیان ئامادەکاری و سەرخستنی کارەکانە بۆ بەستنی کۆنگرەکە ئەگەرنا بڕیارە سیاسییەکان لە ناو کۆنگرە دەدرێن نەک لەو لیژنەیە و هەر مەسەلەیەک بێت لە ناو کۆنگرەکەدا دەبێت.

### "هیوادارم ئەوانەی بەشدار نەبوون، بەشداری بکەن"

**سەعد هەورامی**: هیچ نوێنەرێک هەبوو ئامادە نەبێت، ئەگەر هەیە هەوڵتان نەداوە ئەوانیش بێننەوە ناو لیژنەکەوە؟

**حەسەن شەرەفی**: ئەگەر هیچ کێشەیەک نەبووایە زۆر باشتر بوو، بەڵام ئەگەر کێشەیەکیش هەبێت لە کۆتاییدا دەبێت

چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە، باش نییە هیچ لایەنێکیش بە بێ هۆ بەشداری لە کۆبوونەوەی ئەو لیژنەیەدا نەکات، من هیوادارم ئەوانەیش کە بەشدار نەبوون، بەشداری بکەن، کۆبوونەوەی دوێنێش پێداگری لەسەر ئەوە کرد کە هەوڵی زیاتر بدرێت بۆ ئەوەی ئەو لایەنانەش بەشدار بن.

**سەعد هەورامی**: کورسییەکانی بەشەکانی کوردستان چۆن دابەش کراون کە ئێستا هەندێک لە لایەن چەند لایەنێکەوە کێشەی لەسەرە؟

**حەسەن شەرەفی**: بەپێی مەوقیعییەتی بەشەکە، بۆ نموونە باکوور کە گەورەترە ٦ کورسیی پێدراوە، بۆ کوردستانی رۆژهەڵات ٥ کورسی، بۆ رۆژئاوا ٤ کورسی و بۆ باشووریش ٥ کورسی، یەکێکیش بۆ ئەوانەی کە کارێکیان بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی کردووە، بەڵام بەداخەوە سەری نەگرتووە و نوێنەرێکیش لەوان بەشدار بێت.

## سەرخستنی کۆنگرەکە ئیرادە و لەخۆبوردوویی دەوێت

**سەعد هەورامی**: ئەگەر ئەو کۆنگرەیە بە سەرکەوتوویی کۆتایی پێبێت چ کاریگەرییەکی لەسەر پرسی کورد دەبێت؟

**حەسەن شەرەفی**: سەرکەوتنی ئەو کۆنگرەیە جێگەی خۆشحاڵی نییە بۆ نەیارانی کورد، بۆیە رەنگە کاریش بکەن بۆ ئەوەی کە ئەو کۆنگرەیە سەر نەکەوێت، بەڵام یەکگرتوویی هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچە دەتوانێت ئەو پیلانانە پووچەڵ بکاتەوە، هەروەها کارێکی لەو شێوەیەش ئیرادە و لەخۆبوردوویی دەوێت، بەڵام گرنگییەکەی لەوەدایە کە بە رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە هەرچوار پارچە دەڵێت کە کورد دەتوانێت یەک بگرێت، دەتوانێت بە وڵاتانی ناوچەکە بڵێت کە ئێمە دوژمن و نەیاری هیچ کامیان نین، بە پێچەوانەوە دەمانەوێت دوژمنمان نەبن، لە هەمان کاتدا بە جیهان بڵێین کە ئێمە میللەتێکین مافمان خوراوە و پێشێل کراوە دەمانەوێت لە رێگەی دیالۆگ و ئاشتییەوە مافەکانمان وەرگرینەوە، ئەوەیش بڵێین کە لە کاتێکدا کورد پەنای بۆ چەک بردووە ناچار بووە، بەڵام هەرکام لە پارچەکانی کوردستانیش هەلومەرجی تایبەتی خۆی هەیە، لە وڵاتێکدا کە باسی ئازادی کورد دەکرێت، لە وڵاتێکی دیکەدا ئەو باسە هەر نییە و لە وڵاتێکی دیکەدا بە جۆرێکی دیکەیە، بۆیە ئەو کۆنگرەیە دەبێت ئەوەی لە بەرچاو بێت و لە پەیامی سیاسیی خۆیدا رەچاوی بکات.

## پەیامەکەی سەرۆکی هەرێم پەیامی ئاشتی و پێکەوەژیان بوو

**سەعد هەورامی**: لە چەند میدیایەکی وڵاتانی دەوروبەردا باس لەوە کرا کە لە کۆنفرانسی ئامادەکاریدا باسی کوردستانی

گەورە کراوە، شتی لەو شێوەیە هەبوو؟

**حەسەن شەرەفی**: بە شێوەیەکی گشتی من دەتوانم بڵێم کە ئەو کۆبوونەوەیەی کە ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو ئەنجام درا و سەرۆکی هەرێم وتارێکی پێشکەش کرد، نەک تەنیا بۆنی ئەوەی لێ نەدەهات کە باسی شتی لەو شێوەیە بکات، بەڵکو پەیامی ئاشتی و پێکەوەژیان بوو، ئەگەر کەسێک بیەوێت تەفسیری خراپ لەسەر پەیامەکەی سەرۆکی هەرێم بکات، ئەوە کەملوتفییە بەرانبەر بە کورد و نەتەوەی کورد و لەو پەیامەیشدا شتی وای تێدا نەبووە و باس نەکراوە، بەڵکو باسی چارەسەری پرسی کورد لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا کراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژنامەی "هەولێر" - ڕێکەوتی: ٢٩ی جوولای ٢٠١٣

## وتووێژی ماڵپەڕی دۆیچەوێلە لەگەڵ حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی PDKI



**و : شەریف فەلاح**

**شەریف فەلاح**: بەڕای ئێوە پەیامو مەبەستی ئێران لە بانگهێشتی رکەبەرەکانی ئەیاد عەلاوی بۆ دانوستانی سیاسیو پشت گوێ خستنی ناوبراو چیە؟

**حەسەن شەرەفی**: مەسەلە دەگەڕێتەوە بۆ دەستێوەردانو پێوەندیی ئێران لەگەڵ ئوپۆزیسیۆنی شیعە لە زەمانی سەدام کە ئەوکات زۆر چڕوپڕتر بووە. بەڵام جیاوازی لەمە دایە کە ئەم پێوەندیو دەستێوەردانانە پێشتر داپۆشراوو نهێنی بوون، بەڵام لەم هەڵبژاردنی ئەم جارەی پارلمانی عێراقدا بە تەواوەتی ئاشکراو بەرچاوە. هەموو هەوڵی ئێران ئەوەیە کە لە مەیدانی سیاسیی عێراقدا، زۆرینە بە دەستی شیعەکانەوە بێتو لەولاشەوە وڵاتانی قەراخ کەنداو، هەوڵیان داوە بە لایەنگری لە سوننەکانی عێراق لە ئاستی نفووزو رۆڵی ئێران کەم بکەنەوە.

راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەرخەری سەرکەوتنی سوننەکانە لە هەڵبژاردنی عێراقداو ئەمەش ئێرانی نیگەران کردووە. مەبەستی ئێران لە پێکهێنانی ئەو کۆبوونەوانە، ئەمەیە کە ئەیاد عەلاوی ببێتە کەمینە. ئەوەش شتێکی ئاساییە کە عەلاوی بانگهێشت نەکرێ، چوونکە ئامانجیئەم دانیشتنانە سەرکەوتنی جەناحی شیعەو خستنەپەراوێزی عەلاوییە.

**شەریف فەلاح**: گرووپی سەدرو حەکیم سەرەڕای لایەنگریو پشتیوانیی ئێران، لە هەموو لایەنو گرووپەکانی دیکە لەم هەڵبژاردنانە دەنگی کەمتریان هێنایەوە. بەم زەمینەوە، ئاخۆ ئێران بۆ دەستێوەردان لە چۆنیەتیی پێکهاتەی سیاسەتی

داهاتووی عێراق شانسی دەبێ؟

**حەسەن شەرەفی**: بە تەواوی راستە. کۆماری ئیسلامی لەوە گەیشتووە لە رێگای بەهێزکردنی گرووپەکانی لایەنگری خۆیەوە بە ئەنجامی شیاو نەگەیشتووە. هەر لەبەر ئەمەیە ئێستا هەوڵ دەدات لە نێوان گرووپەکانی حەکیمو موقتەدا سەدەرو مالکیدا هاوپەیمانییەک پێک بێنێ. گرووپی مالکی بە ٩٠ کورسیو هاوپەیمانیی سەدەرو حەکیم ٧٠ کورسی، ئەم سێ گرووپە پێکەوە بە بوونی ١٦٠ کورسی دەتوانن پۆستی سەرۆک وەزیری لە خۆیان هەڵبژێرن. هەڵبەت وادیارە موقتەدا لەگەڵ مالکی رێک نەکەوتووەو نەیتوانیوە بەو رێککەوتنەی کە کۆماری ئیسلامی مەبەستیەتی بگا. بۆیە تەواوی نیگەرانییەکانی ئێران رێککەوتنو لێک نزیک بوونەوەی سوننەکانە لە ئەیاد عەلاوی.

**شەریف فەلاح**: باس لەوە دەکرێ کە کۆماری ئیسلامی بۆ رکەبەریو هاوسەنگی لەگەڵ عەرەبستان کە پشتیوانی عەلاویو سوننەکانە لە عێراق، دەست دەداتە ئەم کارانە. بە لەبەرچاو گرتنی ئەم مەسەلەیە، ئەم یارگیرییانەو هەروەها سەپاندنی نفووزی ئاشکرای ئێران لە عێراق، هەتا چەندە لەگەڵ رێوشوێنو نۆرمە ئاساییەکانی سیاسەتی دەرەوەدا دەگونجێ؟

**حەسەن شەرەفی**: حەرەکەتە ئاژاوەگێرانەو سەرەڕۆیانەکانی ئێران لە ناوچە لەگەڵ هیچ رێوشوێنێکی دیپلۆماتیکدا نایەتەوە. کۆماری ئیسلامی ئەو کارەی کە پێشتر بە نهێنیو شاراوە دەی کرد، حاشای لێ دەکرد، بەڵام ئێستا بە تەواوەتی راشکاوانەو بە ئاشکرا دەی کات. لە راستیدا لێپرسراوانی کۆماری ئیسلامی نە تەنیا لە سەپاندنی نفووزی خۆیان لە وڵاتانی دراوسێ ترسێکیان نیەو شەرم نایانگرێ، بەڵکوو ئەمە وەکوو شانازییەک لە بەرامبەر ئەمریکاو رکەبەرەکانی دیکەی خۆیان لە ناوچەدا لە قەڵەم دەدەن.

**شەریف فەلاح**: لە لایەکی دیکەوە وادیتە بەرچاو کە دەوڵەتی عێراق لە سەردەمی کابینەی مالکیشدا نزیکایەتییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئێران نەبووە. ئاستی ئاڵوێرە ئابوورییەکان لە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ناوچە نزم بووو هیچ پشکێک لە ئیمتیازی نەوتی عێراق نەردا بە ئێران. ئاخۆ مالکی لە داهاتوواشدا هاوپەیمانێکی جێگیر دەمێنێتەوە بۆ کۆماری ئیسلامی؟

**حەسەن شەرەفی**: راستیەکەی ئەوەیە کە تەنانەت مالکیش هەندێ جار لە هەمبەر دەستێوەردانە راشکاوانەکانی ئێران لە عێراق ئیعترازی کردووە. هەرچەند مالکیش لە سەداسەد کسی جێگای پەسندی کۆماری ئیسلامی نیە، بەڵام پشتیوانیکردنی لە لایەن ئێرانەوە بۆ ئەوەیە کە شیعەکانی عێراق لە ئاستی بەرزی دەسەڵاتدا بن. ئێستا موقتەدا سەدر پێشنیاری راپرسیی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیریی خستۆتە روو، کە من پێم وایە ئەمە راسپاردەی ئێرانە. ئەگەری ئەوە لە گۆڕێ دایە کە مەبەستی ئێران لەم راسپاردەیە ئەمە بێت کە ئەگەر بێتو مالکی نەچێتە ژێر باری ئەم پێشنیارەوە، لە گرووپی مالکیشدا

ڕەوتێکی ناکۆکیو دووبەرکیو ڕکەبەری بێتە ئاراوە. هەموو ئەم شێوە ئاڵوگۆڕانە ڕێکارو شێوازی کۆماری ئیسلامین هەتا بگاتە ئامانجەکانی کە زیادکردنی نفووزی خۆیەتی لە عێراقدا.

**شەریف فەلاح: هەڵوێستی کوردەکان لە هەمبەر ئەم پرسانە چیە؟ بازنەی نفووزو کاریگەریی گرووپە کوردییەکان لە کێشمەکێشو دانوستانەکان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی هاوپەیمانیی عێراق چەندە؟**

**حەسەن شەرەفی**: کوردەکان لە پارلمانو مەیدانی سیاسیی عێراقدا سەنگێکی بەهێزن. ڕەنگە لایەنگریی کوردەکان لە عەلاویو گرووپە سوننەکان، کاریگەریی ئەرێنیی زیاتری بۆیان هەبێ، هەتا پشتیوانی لە شیعەکان بکەن. هۆکارەکەشی ئەمەیە کە گرووپە شیعەکان بەسەر یەکەوە ١٥٩ کورسیان هەیەو پێویستیان بە پشتیوانی لایەنەکانی دیکە نیە. بەڵام گرفتی کوردەکان لەگەڵ دوو لایەنی ڕکەبەر ئەمەیە کە نە عەلاویو سوننەکان وەڵامی ویستەکانیان داوەتەوەو نە گرووپە شیعەکان. کوردەکان هیوایان بە هیچکام لەو گرووپانە نیەو هەتا ئەو جێگایەی من ئاگادار بم، هێشتا بڕیاریان نەداوە لایەنگری لە چ لایەنێک بکەن.

**شەریف فەلاح: بەڵام ئاغای تاڵەبانی سەرکۆماری عێراق پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ئێران هەیە. ئەم پێوەندییە چاکانە، لە کێشمەکێشو هاوکێشە سیاسییەکانی عێراقدا هیچ ڕۆڵێکیان نیە؟**

**حەسەن شەرەفی**: من پێم وایە تاڵەبانی دانبەخوداگری دەکات. ئەو نایهەوێ لە ڕکەبەریی نێوان شیعەو سوننەدا، لایەنی هیچ لایەک بگرێ. هۆکارەکەشی ئەمەیە کە بارودۆخی کوردەکان لە عێراق هێندە جێگیرو سەقامگیر نیەو هەرچەشنە لایەنگرییەک بۆ ئەوان خەسارهەڵگر دەبێ. بەڕای من، ئەوان وەکوو گرووپێکی پارلمانی دەمێننەوە. ڕەنگە لە هەندێ مەسەلە لە ناو پارلەماندا لایەنی سوننەکانو لە هەندێ مەسەلەی دیکەشدا لایەنی شیعەکان بگرن. بە دووری دەزانم کە ئەوان بە فەرمیو ئاشکرا لەبارەی ڕکەبەریو کێشەو ناکۆکییەکانی هەنووکەوە هەڵوێستێک بگرن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵۆی کوردستان

# حەسەن شەرفی: لە حیزبی دێموکراتدا دێموکراسی نەکراوەتە پاشکۆی هیچ باوەڕو ئیدئۆلۆژییەک



**هەڤپەیڤین: لوقمان عەبدوڵڵازادە**

**لوقمان عەبدوڵڵازادە: بەڕێز کاک حەسەن، ئێستاش بەشێک لەو کەسانەی کە بە نیسبەت ڕووداوەکانەوە خوێندنەوەیان هەیە، لەوە دڕدۆنگن کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر بناغەی تەشکیلاتی کۆمەڵەی "ژ.ک" دامەزرابێت، جەنابت چ ڕوونکردنەوەیەکت هەیە بۆ ئەو کەسانە؟**

**حەسەن شەرفی**: ئەوانەی بە نیسبەت ئەو مەسەلەوە وا نیشان دەدەن کە دڕدۆنگن یا گومانیان لەوە هەیە کە حیزبی دێموکرات لە سەر بناغەی تەشکیلاتیی کۆمەڵەی ژ . کاف دامەزرابێ، پتر لەوە کە بە شوێن ڕوونتر کردنەوەی بابەتێکی مێژوویىدا چووبن، بە مەبەستی پچڕانی پێوەندی نێوان بەدەنەی تەشکیلاتیی کۆمەڵەی ژ . کافو حیزبی دێموکراتەوەنو بۆ ئەو مەبەستەشیان ئامادەن تەنانەت چەواشەی مێژوویش بکەن، ئەویش نەمێژوویەکی زۆر دوور بەڵکوو ئەوەندە نزیک کە تا چەند ساڵ لەمەوبەر بەشێکی بەرچاو لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ . کافو حیزبی دێموکرات لە ژیاندا بوونو دەست پێڕا گەیشتنیان بۆ زانیاری وەرگرتن لەوبارەوە کارێکی دژوار نەبوو. جیا لەوە کە سەیری ناوی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ . کافو حیزبی دێموکرات دەکەی، دەبینی لە ڕاستیدا هەر یەکنو بە دامەزرانی حیزبی دێموکرات هەموو ئەندامانی ڕێبەریی کۆمەڵەی ژ . کاف لە ڕێبەری حیزبی دێموکراتدا جێگیر بوونەوە. لە بەدەنەش دا ئەندامانی کۆمەڵەی ژ . کاف دەست بەجێ خۆیان بە ئەندامی حیزبی دێموکرات دەناساندو ئاڵوگۆڕ لە ناو و نێوەڕۆکو بەرنامەی کۆمەڵەی "ژ - کاف" یان بە ئاڵوگۆڕێکی

موسبەتو پێشکەوتووانەتری ڕێکخراوی خۆیان دەزانیو هەستیان بەوە نەدەکرد کە لە ڕێکخراوێک را، چووبنە نێو ڕێکخراوێکی دیکە. بە گشتی لە بەدەنەی کۆمەڵەی ژ . کاف دا بە دەگمەن کەسێک دەبینرێ کە دوای ئەو ئاڵوگۆڕە خۆی لە تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات دا نەدیبێتەوە.

پاشان ئەگەر حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر بناغەی تەشکیلاتیی کۆمەڵەی ژ - کاف دانەمەزرابێ، ئەی پاش دامەزرانی حیزبی دێموکرات بەدەنەی کۆمەڵەی ژ - کاف چی لێهات؟ ئایا هەروا بێ هەستو خوست تواپەوە؟! یا بڵێین لە ژێر پرژەنگیی حیزبی دێموکرات دا کەمڕەنگو نادیار مانەوە، ئەی دوای کۆمارو چوونە ژێر هێرشی ڕێژیم کە ئەندامانی حیزبی دێموکرات سەرەڕای ئەو هەمووە گرتنو راونانو پەرەوازە بوونە، دیسان مەوجوودیەتی خۆیان بە شێوەی جۆراوجۆر نیشان دەداو حیزبیان زیندوو راگرت، بۆچی هیچ نیشانەیەک لە ڕێبەری یا بەدەنەی تەشکیلاتی کۆمەڵەی ژ - کاف نەبیندرا؟ لە کوێ دیتراوە بە دامەزرانی حیزبێک ڕێبەریو بەدەنەی ڕێکخراوێکی دیکە دەستبەجێو کتو مت ئاسەواری نەمێنێ؟! ئەوانەی لە ڕێبەریو بەدەنەی حیزبی دێموکرات کە پاش رووخانی کۆمار زیندانی کران یان پەرەوازەی هەندەران بوون، لە راستیدا هەر ئەو کەسایەتییانە بوون کە دامەزرێنەری کۆمەڵەی ژ - کافو تەشکیلاتی ئەو ڕێکخراوەیە بوون. تەنانەت رۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکرات رۆژێک یانی ٢٥ گەلاوێژ دیاری کرا کە ٣ ساڵ پێشتر کۆمەڵەی ژ - کاف هەر لەو رۆژەدا دامەزرابوو.

جیا لەوانە، تۆ بڵێی ئەگەر بەدەنەو تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات هەر ئەو تەشکیلاتەی کۆمەڵەی ژ . کاف نەبوایە بیتوانیبا تەنانەت بەو ڕێبەرییە زانایانەو بەو بەرنامە پێشکەوتووانەشییەوە لە ماوەی 6 مانگ دوای دامەزرانییەوە ئەوەندە گەشە بکا، پەرە بسێنێو بتوانێ کۆماری کوردستان دامەزرێنێ؟ ئەوانەو کۆمەڵێک بەڵگەی دیکە ئەو راستییە نیشان دەدەن کە حیزبی دێموکرات لە سەر بناغەی تەشکیلاتی کۆمەڵەی ژ . کاف دامەزرا بەڵام بە ناوی حیزبی دێموکراتو بەرنامەو نێوەڕۆکێکی مۆدێرنترو پێشکەوتوانەتر.

**لوقمان عەبدوڵلازادە**: دامەزرانی حیزبی دێموکرات، رووداوێکی گرینگو مێژوییە لە ڕەوتی خەباتو بەرخۆدانی نەتەوەی کورداو بۆ یەکەمین جار حیزبێکی مۆدێرن بە پرۆگرامێکی پێشکەوتنخوازنەوە هاتە گۆڕەپانی خەباتی سیاسیی کوردو زۆر چەمکو مەقوولەی سیاسیی تازەی هێناوەتە نێو خەباتی سیاسی ئەو گەلەوە، زۆر نەریتی کۆنو بەستراوەیی خەبات بە تاکەکەسو سەرۆک عەشیرەو شێخو ... رزگار کرد، روانگەی جەنابت لەو بارەوە چیە؟

**حەسەن شەرفی**: لەوەدا گومان نیە کە بە دامەزرانیحیزبی دێموکرات، ئاڵوگۆڕێکی گرینگو تەنانەت بنەڕەتی لە خەباتی نەتەوەی کورددا هاتە ئاراوە، بۆ یەکەم جار حیزبێک دامەزرا کە باوەڕی بە ڕێبەریی جەمعیی هەبوو، کە دروشمەکانی

پێشکەوتنخوازانە بوون، کە مەسەلەی دێموکراسیو ئازادی رادەربڕینی بەلاوە ئەسڵو گرینگ بوو. گرینگیی بە هاندانی ژنان بۆ حزوور لە مەیدانی چالاکی دەداو لاوانی بە هێند دەگرتو بە هیوای دوارۆژی دەزانینو بۆ دوارۆژ پەروەردەی دەکردن. پێوەندی سالمی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران بەتایبەت تورکە ئازەرییەکان بە پێویست دەزانیو لە هەمان کاتدا سۆزی بۆ کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان هەبوو و دڵو باوەشی بۆیان ئاوەڵا بوو. لە کۆمەڵگای ئایینی پڕڕەنگو تەنانەت دەمارگرژی مەزهەبیی ئەوکاتدا دروشمەکانی بە شێوەیەک بوون کە مانای جیایی دین لە دەسەڵاتی لێ بکەوێتەوەو هەموو ئەو تایبەتمەندییانەش لە کۆماری کوردستان وەک دەسکەوتی سیاسیو گرینگی ئەو حیزبە رەنگیان دایەوەو دواتریش تا ئەمڕۆ رۆژ بە رۆژ زیاتر گەشەیان کردووەو زیاتر جێگیرو چەسپاو کراون. ئەو تایبەتمەندیو پرنسیپانە ساڵهایە کە رازێنەرەوەی سیمای حیزبی دێموکراتنو ئەو حیزبەیان پێ دەناسرێتەوە کە شانازییەکی گەلێک بەنرخە بۆ ئەو حیزبە.

**لوقمان عەبدوڵلازادە**: کاک حەسەن، جەنابت وەکوو کەسێک کە بەشێکی هەرە زۆری تەمەنت لە نێو ریزەکانی ئەو حیزبەدا تێپەڕاندووە، لە نزیکەوە لەگەڵ رووداوەکان ئاشنای، رۆڵو نەقشی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ئەو ٦٤ ساڵەدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**حەسەن شەرفی**: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە رەوتی بزووتنەوەی کورددا دەورێکی گەلێک بەرچاوی هەبووەو هەر دامەزرانی ئەو حیزبەو دروشمە پێشکەوتنخوازەکانی، خۆی شێوەیەکی دیکەی لە خەباتی ئازادی خوازانەی کورد هێنایە ئاراوە. پێکهێنەرو دامەزرێنەری کۆماری کوردستان، یانی دەسەڵاتێکی کۆماریی بوو کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی کورددا هاتە دیو کوردی بۆ بڕگەیەک لە زەمان بە بەشێکی بەرچاو لە ویستو ئاواتەکانی گەیاند. لە بزاوتنو پاراستنی هەستی نەتەوەیی کورددا دەوری بەرچاوی بینیوەو بۆ ناساندنی نەتەوەی کوردو دۆزی کورد هەوڵی بەرچاوی داوە.

لە گرینگیدان بە مەسەلەومافی ژنانو لاوان رچەشکێن بووەو گرینگی دان بە دێموکراسی نەکردۆتە پاشکۆی هیچ باوەڕو ئیدئۆلۆژییەکی دیکە، بەرژەوەندی نەتەوەی کوردی لە سەرووی هەر مەسەلەیەکی دیکە داناوە. هەڵگرتنی ئاڵای رزگاریی نەتەوەیی بۆ ماوەی ٦٤ ساڵ تا ئەمڕۆ شەکاوە راگرتووەو لەو پێوەندییەدا گەلێک سەردارو سەرکردەو رۆڵەی قوربانی داوەو هەر ئەوانەشن کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە لای خەڵکی کورد خۆشەویست کردووەو کردوویەتە جێگای متمانەی ئەو نەتەوەیە.

**لوقمان عەبدوڵلازادە**: یەکێک لە شانازییەکانی حیزبی دێموکرات، دامەزراندنی کۆماری دێموکراتیکی کوردستانە؟ بەسەرنجدان بەوەیکە هەر حیزبو رێکخراوێک خاڵی بەهێزو لاوازی هەیە، هۆکارەکەی چیە کە تاکوو ئێستا ئاواتو ئامانجەکانی حیزبو کۆمار وەدی نەهاتوون؟

**حەسەن شەرفی**: شی کردنەوەی ئەوە کە بۆچی کورد لە کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەو هەموو خوێنو قوربانیدانە بە مافو داخوازەکانی خۆی نەگەیشتووە، پێویستی بە لێکدانەوەیەکی قووڵو وردی هەموو لایەنەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیو موبارزاتی هەیە کە هەرکام بە نۆرەی خۆیان لە سەر درێژەی ئەو بێ مافیە کە کورد لەگەڵی بەرەوەڕوویە شوێن دانەرن، بەڵام بە کورتی دەکرێ بڵێین، کە بەداخەوە لە ئێراندا هەرگیز دەسەڵاتێکی ئینسانیو دێموکراتیک لە سەر کار نەبووە کە باوەڕی بە بایەخە ئینسانیو مافە نەتەوایەتییەکانو دێموکراسی هەبێو گرینگی بداتە ویستو داخوازەکانی خەڵک بە گشتیو کورد بەتایبەتی. نەک هەر دەسەڵات بەڵکوو حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش کە باس لە دێموکراسی دەکەن کە دێتە سەر مەسەلەی نەتەوایەتی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێرانو مەسەلەی کورد بیریان کورت دێنێو چاوی دیتنیان هەڵنایەو هەرجارەو لە هەر هەلومەرجێکدا بە جۆرێک خۆی لێ دەدزنەوە.

مەسەلەیەکی دیکە، لەگەڵ ئەوەی هەموو، یا بەشی هەرەزۆری رۆڵەکانی نەتەوەی کورد دڵسۆزی نەتەوەی خۆیانو ئاواتی دابین بوونی مافی نەتەوایەتیی دەخوازن بە کردەوەو بەمجۆرە کە خەبات دا پێویستە بە شێوەیەکی تێکڕاییو بەردەوام گۆڕەپانی خەبات راناگرن. زیاتر بە پشتیوانی لەو بەشە لە رۆڵەکانیان قەناعەت دەکەن کە بۆ رزگاریی ئەوان خەبات دەکەن. بۆ لەنێوبردنی ئەم کەمایەسییە پێویستە خەباتەکەمان چڕوپڕو تێکڕاییتر بکەینو هەموو شێوەیەکی خەباتی رەوا بگرینە بەر کە هەموو لایەک بتوانن بە لەبەرچاوگرتنی وەزعی خۆیان تێیدا بەشدار بن کە بە خۆشییەوە بەرەو ئەو مەبەستە دەڕواو ئەوەش هیوا بە سەرکەوتن زیاتر دەکا.

مەسەلەیەکی دیکەی شوێن دانەر لەو پێوەندییەدا یەک دەنگو یەکگرتوو نەبوونی هێزە سیاسییەکانی کوردە کە بە داخەوە تاقیکاری یەکگرتنو بە یەکەوە بوونو یەک دەنگی کەمەو لێک دابڕانو لێک نامۆ بوونیان زۆرە، ئەوە بە نۆرەی خۆی هەم شوێن لە سەر یەکڕیز نەبوونی خەڵک دادەنێو هەم توانای کورد لە بەرامبەر رێژیمدا لە کزی دەدا، هەرچەند ئێستا بە رواڵەتیش بێ زۆر لایەن هەستیان بەم مەسەلەیە کردووەو جاروبار لە یەکگرتن دەدوێن بەڵام تا ئێستا دەرفەتێکی لەبار بۆ ئەم مەسەلە گرینگە نەرەخساوە کە هیواداریین لە داهاتوودا پێویستییەکە زیاتر هەست پێ بکرێو هەوڵی جیددیتری بۆ بدرێ.

شتێکی دیکە کە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێ پیلانگێڕیی رێژیمە. بەو مانایە کە رێژیم زۆر بە جیددی هەوڵ دەدا لە جیاوازییە مەزهەبی، زاراوەییو هێندێ باوەڕو کولتوری دیکەی خەڵکی کوردستان کەڵکی خراپ وەربگرێو بە گەورە کردنەوەو بەرینتر کردنەوەی ئەم کەلێنانە بەر بە یەکگرتوویی رۆڵکانی نەتەوەی کورد بگرێ کە ئەمە وشیاریو لە سەر هەست بوونێکی تەواوی پێویستەو گرینگە کە هەموو لایەک بۆ پووچەڵ کردنەوەی ئەو پیلانانە تێبکۆشنو دێموکراسیو مافی نەتەوایەتی کورد بۆ هەمووان لە سەرەوەی هەر شتێکی دیکە دابنرێ.

دیارە سیاسەتی تواندنەوەی فەرهەنگی، لە هەژاریدا ڕاگرتنی ناوچە کوردنشینەکانو کۆمەڵێک مەسەلەی دیکەی جیهانی، ناوچەییش لەو بارەوە شوین دانەرن کە دەرەتانی ئاماژە کردن بە هەمووان لەو پرسیارو وەڵامەدا نییە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە ئەو موعادلاتانە تێک ناچن یا ئاڵوگۆڕیان بەسەردا نایە، من لەو بڕوایەدام ئیرادەو یەکگرتوویی کوردو بەردەوامیی لە خەبات دەتوانێ زۆر لەو وەزعە بە قازانجی کورد بگۆڕێو تا ڕادەیەکیش نیشانەکانی ئەو ئاڵوگۆڕانە خۆیان دەرخستووە، بەڵام پێویستە خۆشمان لە سەر ڕەوتی بەرەوپێش چوونی ئەو گۆڕانانە بە قازانجی زیاتری کورد شوێن دانەر بین.

**ڕۆژنامەی کوردستان - ژمارە ٥١٥**

---

## حەسەن شەرەفی: هاودەنگییەش بە نۆرەی خۆی شوێندانەر دەبێ لەسەر چڕوپڕتر بوونی کاری ڕاگەیەنەکان



**مژاری وتووێژ: خولی نۆیەمی هەڵبژاردنی مەجلیسی ڕێژیمی ئێران**

**چوارچێوەی باس: ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە تەحریمی چالاکدا**

لەم نزیکانە نۆیەمین خولی هەڵبژاردنی مەجلیسی ڕێژیمی ئێران بەڕێوە دەچێت. ئەم هەڵبژاردنە لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییەوە تەحریم کراوە کە بە شێوەیەکی بەربڵاو ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێران لەم تەحریمەدا چالاکە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش باسی تەحریمی چالاکی خستۆتە ڕۆژەڤەوە.

لە دوو بەرەی جیاوازدا ئوپۆزیسیۆن و دەسەڵات شەپۆلی تەبلیغاتی لەمەڕ هەڵبژاردنی مەجلیسی ڕێژیمی وەڕێخستووە.

**کوردستان میدیا**: بە ڕای بەڕێزتان بۆ سەرکەوتنی تەبلیغاتی بەرەی تەحریم بەسەر پڕۆپاگەندە و زەخت و گوشاری ڕێژیمدا، ڕاگەیاندن دەتوانێ ڕۆڵێکی کارا بگێڕێت؟

**حەسەن شەرەفی**: ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە فریوی بیروڕای گشتی و چەواشە کردنی ڕاستییەکان ئیمکانات و کەرەسەی جۆراوجۆری ڕاگەیاندنی لەبەر دەست دایە، بەڵام ناڕاست بێژیی زۆر بەرچاو لە تایبەتمەندیی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕێژیمن و لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا لە بەلاڕێدا بردنی خەڵکی ئێران بە ڕوونی ئەو ڕاستییەیان بۆ دەرکەوتووە کەمتر توانیویانە لە بەلاڕێدا بردنی بیروڕای خەڵکی ئێران و دوور خستنەوەیان لە ڕاستییەکان، مەبەستی ڕێژیم بێننە دی.لە

بەرانبەردا بەرەی تەحریم ئیمکاناتی کەمی راگەیاندنی لەبەر دەست دایە، بەڵام لەسەر ئەوەی کە چواشەکارییەکانی رێژیم لە قاو دەدەن، راستییەکان رادەگەیەنن، ئێش و ئازارەکانی خەڵک وەک هەیە دەردەخەن، پتر توانیویانە بۆ خەڵکی ئێران جێگای متمانە و باوەڕ پێ کردن بن. بۆیە بێگومان راگەیاندنی بەرەی تەحریم هەرچەند کەم ئیمکاناتیش بن دەتوانێ رۆڵی کاریگەرییان هەبێ. دیارە ئیمکاناتی رێژیم بۆ راکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان بە کاری راگەیاندن بەرتەسک نابێتەوە و کۆمەڵێک ئیمکانات بۆ هاندانی خەڵک یان هەڕەشە لێکردنیان و سەرەنجام ناچار کردنی بەشێکیان لەبەر دەست دایە کە لەبەر دەستی بەرەی تەحریمدا نییە و رەنگە ئەگەر لەبەر دەستیشی بوایە وەک رێژیم کەڵکی خراپ و نابەجێی لێ وەرنەگرتبا. بەو حاڵەش ئیمکاناتی راگەیاندنی بەرەی تەحریم هەرچەند بەرتەسک بێت بەڵام چونکە دەربڕێ راستی و دروستی و لەقاو دانی پیلانی رێژیمە لانیکەم لە دەزگاکانی فریودەری رێژیمی ئیسلامی شوێندانەرترن بەتایبەت کە خەڵکی ئێران ئەوەندەیان درۆ و ناڕاستی و پێچەوانە نیشاندان لە راگەیەنەکانی رێژیم دیوە و بیستووە کە گرینگیان پێ نادەن و هەر بۆیەش بیسەر و بینەر و خوێنەری راگەیەنەکانی رێژیمن ئێران نین.

**کوردستان میدیا**: چ وتارێکی هاوبەش بۆ راگەیاندنی گشتی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کە سیاسەتێکی لێک جیاوازییان هەیە، بتوانێ لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە؟

**حەسەن شەرەفی**: وتاری هاوبەشی راگەیەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لەگەڵ ئەوەی هەرکام سیاسەتێکی تایبەتی و بۆ بۆچوونێکی تایبەتی تەبلیغ دەکەن، بەڵام لانیکەم ئەمجارە لە پێوەندی لەگەڵ بەناو هەڵبژاردنی نۆیەمین خولی مەجلیسی شووراى ئیسلامیدا هەمان بایکوت یان تەحریم کردنیان بەشداری نەکردنە، کە هەرکام بە شێوەی خۆی ئەو هەڵوێستەی خۆی شی دەکاتەوە و لەیەنە جۆراوجۆرەکانی لێک دەداتەوە ئەوهاوهەڵوێستی و هاودەنگییەش بە نۆرەی خۆی شوێندانەر دەبێ لەسەر چڕوپڕتر بوونی کاری راگەیەنەکان لە پێوەندی لەگەڵ بەناو هەڵبژاردنی ئەمجارەی مەجلیسی شووراى ئیسلامی. هەر ئەو کۆدەنگی و یەک هەڵوێستییە کە دەتوانین بڵێین زۆر بەرین و کەم وێنەیە خۆی بەبێ نەفسی بەناو هەڵبژاردنە کە دەنگدانەوە و شوێندانەریی لەسەر بیروڕای گشتی لە نێوخۆ و دەرەوە بێ، بەتایبەت ئەگەر بەناو هەڵبژاردنەکانی پێشوو کەم و زۆریی هێندێ لایەن بە هەر هۆیەک خۆیان لایەنێکی گەرم راگرتنی تەنووری بەناو هەڵبژاردن بوون ئەمانەش ئەمجارە بە بەرەی تەحریم و بەشداری نەکردن پەیوەست بوون.

**کوردستان میدیا**: جیا لە وتاری هاوبەشی ئۆپۆزیسیۆن، ئەرکی راگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ چالاکتر کردنی ئەو تەحریمە چیە و چ کاریگەرییەکی ئەرێنیی لەو راستایەدا دەبێت؟

**حەسەن شەرەفی**: جیا لە وتاری هاوبەش و کۆدەنگی و یەک هەڵوێستیی کە دەرەتانی تەبلیغ و مەودایەکی بەرینتر دەخاتە

بەر دەست راگەیەنەکانی هەر لایەنێک، راگەیەنەکانی حدک ئێران تێدەکۆشن لە سیاسەت و هەڵوێستی حیزب لە پێوەندی لەگەڵ ئەو بەناو هەڵبژاردنانەدا شی بکاتەوە و وردتر لەسەریان بدوێن و لایەنەکانی ئەوم مەسەلەیە بخەنە بەرچاو و بیری کۆمەڵانی خەڵک کە وا دێتە بەرچاو، ئەو ئەرکە بە باشی ئەنجام بدەن. ئەرکێکی دیکەی راگەیەنەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان جۆرێک هاوکاری لەو پێوەندییە دایە لەگەڵ راگەیەنەکانی دیکەی کوردی و ئێرانی کە دڵنیام ئەوەش کاریگەری ئەرێنیی خۆی لەو راستایەدا دادەنێ، بەتایبەت کە هەرچەندە زیاتر روانگەی لایەنەکان و کەسایەتییەکان بە ئاگاداری خەڵک بگات ئەو کاریگەرییە زیاتر دەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی ڕەشەمەی ٢٧١١



سەرچاوە
Serchawe

## وتووێژی ماڵپەڕی کوردستان میدیا لەگەڵ بەڕێز حەسەن شەرەفی لەپێوەندیی پێکهاتنی کۆمیتەی کورد لە SI



**کوردستان میدیا بەمەبەستی تاوتوێ‌کردنی پێک هاتنی کۆمیتەی کورد لە ئینترناسیونالٛ سوسیالیست وتووێژیکی لەگەڵ جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران پێکهێنا.**

**لەو وتووێژەدا هەوڵ دراوە زانیاری زیاتر لەبەڕێز حەسەن شەرەفی بەمەبەستی ئاگادار بوونی زیاتری بەردەنگانمان لە کاروباری کۆمیتەی کورد، وەربگرین و تیشک بخەینە سەر چۆنیەتی پێکهاتنی ئەو کۆمیتەیە.**

**کوردستان میدیا**: مێژووی ئەندامیەتی یان چوونی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بۆ ئینترناسیونالٛ سوسیالیست بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

**حەسەن شەرەفی**: مێژووی حیزبی دێمۆکرات لەگەڵ ئینترناسیونالٛ سوسیالیست دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ٢٠ ساڵ لەوە پێش کە لەرێگای دکتور قاسملوو سکرتێری گشتیی ئەو کاتی حیزبەوە دامەزرا. دواتر و لەدرێژەی ئەو پێوەندییەدا ساڵی ١٩٩٦ی زایینی (١٣٧٥)هەتاوی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران وەک ئەندامی چاوەدێر لەو رێکخراوەیەدا وەرگیرا و بە فەرمی پێوەندیی حیزب لەگەڵ ئەو رێکخراوە نێودەوڵەتییە پتەوتر بوو لەدرێژەی ئەو ئەندام بوونەدا دواتر پلەی ئەندامەتییەکەی لە چاوەدێرەوە بۆ ئەندامی راوێژکار بەرز بووە و لەهەموو ئەو ماوەیەدا حیزبی دێمۆکرات وەک ئەندامێکی چالاکی ئینترناسیونالٛ سوسیالیست خۆی دەرخستووە و لەرێگای ئەو رێکخراوەشەوە هەوڵی ناساندنی کورد بەگشتیی و کورد لە کوردستانی ئێرانی بەتایبەتی بەئەندامانی دیکەی ئەو رێکخراوەیە کەئێستا ١٦٨ ئەندامی لەنزیک لە ١٢٠ وڵات هەیە، داوە و لە زۆربەی هەرە زۆری کۆنگرە و کۆبوونەوەکانی ئەو رێکخراوە جیهانییەدا بەشدار بووە و زۆر جار بڕیارنامەی سەبارەت

بە دۆزی کورد و پشتیوانی لەداخوازەکانی بەپەسندی ئەو کۆنگرە و کۆبوونەوانە گەیاندووە هەتا ئەو جێگایەی کە گرینگی دانی مەسەلەی کورد لەلایەن ئینترناسیونالٚ سوسیالیستەوە گەیشتە شوێنێک کە گرووپێکی کاری کوردان لەو ڕێکخراوەیەدا پێک بێ.

ئەو گرووپە کە چەند ڕێکخراوی رۆژئاوایشی تێدا بەشدار بوو سەرەتا چالاکتر لەپێوەندیی لەگەڵ مەسەلەی کوردا هەنگاوی نا، بەڵام لەم دوو ساڵەی دواییدا بەهەر هۆیەک چالاکییەکانی لەکزی دا، بۆیە کار کرا بۆ ئەوەی کە نەتەنیا ئەو گرووپە چالاک بکرێتەوە، بەڵکوو لەگرووپیش بەرەو کۆمیتە هەڵکشێ‌کە بە خۆشیەوە ئەو هەوڵە بەئاکام گەیشت، دیارە بێجگە لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لەم ساڵانەی دوایشدا یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و پارتی ئاشتی و دێمۆکراسیش BDP بوون بە ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە و جێگای کورد قایمتر بوو، بەتایبەت کە بەڕێز جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵیش بوو بە جێگری سەرۆکی ئینترناسیونالٚ سوسیالیست، ئێمە هیواداریــن کە بە پێک هاتنی کۆمیتەی کورد لەو ڕێکخراوەیەدا کە یەکیەتی نیشتمانی سەرۆک و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و BDP ش کە هاوجێگری سەرۆکی ئەو کۆمیتەیەن پتر لە پێشوو مەسەلەی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان لە ڕێکخراوی ئینترناسیونالٚ سوسیالیست و لەرێگای ئەویشەوە لەکۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکاندا بهێنێتە گۆڕێ‌و کاری شوێنداری بۆ بکا.

**کوردستان میدیا**: وەرگرتنی حیزبی دێمۆکرات لە SI هەتا چەندە پێوەندیی بەسیاسیەت و نزیکایەتیەکانی دکتور قاسملوو بەو ڕێکخراوەیەوە هەبووە؟

**حەسەن شەرەفی**: بێگومان بەرنامەی سیاسی، سیاسەتەکان و رابردووی پڕ لەشانازی حیزبی دێموکرات و کەسایەتی ناسراوی دکتور قاسملوو بۆ کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکان و راو بۆچوونە پێشکەوتووەکانی ئەو کەسایەتییە لەوەرگرتنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە SI شوێندانەر بوون.

**کوردستان میدیا**: ئایا لەو دانیشتانەی کە ئێوە لەو ڕێکخراوەیەدا هەتانبووە هەتا چەندە توانیوتانە پرسی نەتەوەیی کە کێشەی سەرەکیی کوردە لەوێدا باس بکەن و ئەگەریش کراوە دەسکەوتەکانی چی بوون؟

**حەسەن شەرەفی**: بوونی حیزبی دێمۆکرات وەک ئەندام SI دا و چالاک بوونی ئەو حیزبە لەو ڕێکخراوەیەدا یارمەتی بە دۆزی کورد و ناساندنی زیاتری دا و هەر وەک پێشتر لە وەڵامی پرسیارێکدا ئاماژەم پێداوە بۆتە هۆی پەسند کرانی کۆمەڵێک بریار و هەڵویستی ئەرێنی ئەو ڕێکخراوەیە سەربارەت بە دۆزی کورد و ڕێ خۆشکەر بوون بۆبە ئەندام بوونی لایەنی دیکەی کوردیش، کەهیوادارم لەداهاتوودا هێز و لایەنی کوردی دیکەش بگرێتەوە.

**کوردستان میدیا**: لە پێوەندیی پێکهێنانی کۆمیتەی کورد دەکرێ چۆنیەتی دروست بوون و شێوازی کارکردنی بۆ بەردەنگای کوردستان میدیا باس بکەن؟

**حەسەن شەرەفی**: پاش کەمتر چالاک بوونی گرووپی کاری کوردان لە SI هەوڵ درا کە ئەو گرووپە ببوژێتەوە و پلەکەشی لە گرووپەوە بۆ کۆمیتە بەرز ببێتەوە کە ئەوە دەرەتانی زیاتر بۆ کورد دەخولقێنێ‌هەتا لەداهاتوودا لەو ڕێکخراوەیەدا بە بەرینی و شوێندارنەریی زیاترەوە کار بۆ دۆزی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان بکرێ، ئێستا کە ئەو کۆمیتەیە لە دانیشتنی ڕێکەوتی ١٢ ئاوریلی ٢٠١٣ لە سلێمانی پێکهات دەکرێ چاوەڕوانی تێکۆشانی زیاتر بە قازانجی دۆزی کورد لە ئینتر ناسیونالٚ سوسیالیستدا بکرێ.

**کوردستان میدیا**: ئایا دەکرێ کاری ئەو کۆمیتەیە وەکوو سەکۆیەکی سیاسی هاوبەش بۆ هەموو حیزب و لایەنەکانی تر کە ئەندامەتییان لە ئینترناسیونالٚ سوسیالیستدا نیە سەیر بکرێ؟

**حەسەن شەرەفی**: بێگومان کاری ئەو کۆمیتەیە خزمەت بە مەسەلەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستانە و بە خۆشییەوە پێک هاتنەکەشی بە ئامادە بوونی ٢٤ حیزب و لایەنی سیاسیی لەهەر چوار پارچەی کوردستان بە ئەنجام گەیشتووە، ئەو کۆمیتەیە پێویستە کار بۆ هەموو لایەک بکا و راوێژ لەگەڵ ئەو لایەنانەش کە ئەندامی SI نین بکات، هەروەها تێ بکۆشێ حیزب و لایەنی دیکەی کوردیش لەو ڕێکخراوەدا وەک ئەندام وەربگیرێن ئەگەر خۆیان خوازراو بن.

**کوردستان میدیا**: لە ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانی کۆمیتەی کوردانذا باس لە چەند خاڵ بۆ هەر چوار بەشی کوردستان کراوە و لە پێوەندیی کوردستانی ڕۆژهەڵات باس لە مافی دێمۆکراسی کراوە، تکایە لەو پێوەندییەدا زانیاری زیاترمان پێ بدەن و ئەو مافە خۆی لە چیدا دەبینێتەوە؟

**حەسەن شەرەفی**: لە ڕاگەیەندراوەکەدا زیاتر ئاماژە بە مەسەلەکانی ڕۆژ کراوە، بەڵام هەوەک ئاماژەم پێدا کاری کۆمیتە لەخزمەت دۆزی کورد و داخوازە نەتەوایەتییەکانی کورد لەهەر چوار بەشی کوردستان دەبێ بەبێ جیاوازی.

**کوردستان میدیا**: حیزبی دێمۆکرات وەکوو پارتێک کە خەبات بۆ نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران دەکا وەکوو جێگری کۆمیتەی کورد دیاری کراوە و ئێوە ئەوە هەتا چەندە بەمافی ئەو بەشەی کوردستان دەزانن؟

**حەسەن شەرەفی**: هەر چەند لەو جۆرە هەڵبژاردن و دەست نیشان کردنانەدا ناکرێ باس لە ماف بکەین، بەڵام بەو

رابـردوویەی کە حیزبـی دێمـۆکراتی کوردسـتانی ئێـران لە SI هەیەتـی و بەو سیاسـەت و بـارودۆخە کە حیزبـی دێمـۆکرات خاوەنیەتی دەکرێ‌بڵێن شایانی گرینگی پێدانی لەوە زیاتریشە.

**کوردستان میدیا**: ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکی تایبەتتان لەوپێوەندییەدا هەیە دەتوانن باسی بکەن.

**حەسەن شەرەفی**: سپاس بۆ ئێوە بۆ ئەو دەرفەتەی کە پێتـان دام من شتێکی تـایبەتیم نیە ،بێجگە لەوە سەرکەوتن و بەماف گەیشتنی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان بە ئاوات بخوازم و رابگەیەنم کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لەو بەرپرسایەتییەدا کە بەرامبەر بە دۆزی کورد بەگشتیی دەکەوێتە ئەستۆی بەرپرسانە و چالاکانە تێدەکۆشێ‌و ئەرکی خۆی بەو جۆرەی کە پێویستە بە ئەنجام دەگەیەنێت.

**کوردستان میدیا**: سپاس بۆ بەڕێز حەسەن شەرەفی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی بانەمەڕی ٢٧١٣

---

## وتووێژ لەگەڵ بەڕێز حەسەن شەرەفی سەبارەت بە کۆنگرەی نەتەوەیی کورد



**دیمانە: هیوا میرزایی**

**کۆنگرەی نەتەوەیی کورد و هۆکارەکانی دواکەوتنی، لە وتووێژ لەگەڵ بەڕێز حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**کۆنگرەی نەتەوەیی کورد کە بڕیار بوو لە مانگی سێپتامبری ٢٠١٣دا لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بەڕێوە بچێت، بە چەندین هۆکاری جیاواز دوا کەوت. لەم پێوەندییە و بۆ تاوتوێکردنی لایەنەکانی کۆنگرە و هۆکارەکانی دوا کەوتنی کۆنگرە وتووێژێکمان پێکهێناوە لەگەڵ بەڕێز حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئەندامی کومیتەی ئامادەکاری یەکەمین کۆنگرەی نەتەوەیی کورد.**

**هیوا میرزایی: گرینگیی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی لە سەردەمی ئێستادا چییە؟**

**حەسەن شەرەفی: گرینگیی لێک نزیکبوونەوە و هاوسۆزیی و پشتیوانیکردنی هەر پارچەیەکی کوردستان لە خەبات و مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان، هەروەها یەکگرتوویی و هاوکاری هێزە سیاسییەکانی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان هەر لە زووەوە پێویستییەکی خەباتی ئازادیخوازانە و نەتەوایەتیی کورد بووە کە بەداخەوە کەمتر هاتۆتە دی و بە شێوەی شیاوی خەباتی گشتیی کورد، گرینگی پێ نەدراوە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە حکوومەتەکانی زاڵ بە سەر هەرکام لە پارچەکانی کوردستان سەرەڕای هەموو گیروگرفت و ناکۆکییەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی کورد، لە**

ناوچە هەمیشە یەکگرتوو بوون و پیلانی هاوبەشیان لە دژی کورد داڕشتووە و لە سەرکوتی کورددا هاوکاری یەکتریان کردووە.

ئەگەر پێویستیی یەکگرتوویی و هاوکاری و هاوسۆزیی کورد لە هەر پارچەیەک بۆ پارچەکانی دیکە هەمیشە لە گۆڕێدا بووە و کەم تا کورتیش رەنگە لە هێندێ بڕگەی زەمانیدا خۆی نیشان دابێ بەڵام هەرگیز بە گوێرەی پێویست و شوێندانەر لە گۆڕێدا نەبووە بەڵام ئێستا بە لەبەرچاوگرتنی زەقبوونەوەی دۆزی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان و ئەم هەلومەرج و ئاڵوگۆڕانەی لە ناوچەدا روویان داوە یا لە حاڵی رووداندان ئەوە دەخوازێ کە کورد بە شێوەیەکی شیاو ئاوڕ لەو مەسەلە گرینگە بداتەوە و ئەو مەسەلەیە بە مەرجی سەرکەوتنی کورد و گەشەکردنی خەباتەکەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بزانێ.

بۆیە هێنانەگۆڕی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە راستیدا ئاواتێکی لەمێژینەی رۆڵەکانی نەتەوەی کوردە و دەبێ بە گرینگییەوە سەیری بکەین.

**هیوا میرزایی: دەکرێ باسێکی کومیتە و کومیسیۆنەکانی لێژنەی ئامادەکاریمان بۆ بکەیی و بە بڕوای بەڕێزتان دەسکەوتەکانی ئەم کومیتە و کومیسیۆنانە تا ئێستا چ بووە؟**

**حەسەن شەرەفی**: پاش کوبۆونەوە بەرینەکەی رۆژی دووشەممە ٣١ی پووشپەڕ کە بە دەسپێشخەریی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەنجام دراو لە لەو کۆبوونەوەیەدا پێشنیاری پێکهاتنی کومیتەی ئامادەکاری کۆنگرە پێکهاتوو لە ٢١کەس و لە هەموو پارچەکانی کوردستان کرا. ئەو کومیتەیە دەستبەکار بوو و تا ئێستا ٨کومیسیۆنی بۆ مەسەلە جۆراوجۆرەکانی پێوەندیدار بە کۆمەڵگای کوردی و خەباتی کوردەوە پێکهێنا کە ئەو کومیسیۆنانە بێجگە لەوەی کە هەر کام یەک یا دوو یا چەند ئەندامی کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی تێدا بەشدار بوون لە کۆمەڵێک شارەزا و پسپۆری هەر کام لە مەسەلەکان و بابەتەکانی هەر کومیسیۆنێک کەڵک وەرگیراوە و لە هەر کومیسیۆنێکدا چەند گەڵاڵە و راپۆرت ئامادەکرا کە پاش باس و راوێژ لە سەر هەر گەڵاڵەیەک بۆ هەر کومیسیۆنێک گەڵاڵەیەکی یەکە و راپۆرتێکی جێگای پەسندی ئەندامانی کومیسیۆنەکانی لێکەوتەوە. راپۆرتەکان درانەوە بە کومیتەی ئامادەکاری کۆنگرە و پاش باس و هەڵسەنگاندنی راپۆرتی هەر کومیسیۆنێک بە هێندی تێبینی و دەسکارییەوە پەسندکران.

دیارە کاری دوو لە کومیسیۆنانە ماوە کە لە چەند رۆژی داهاتوودا ئەوانیش دەچنە ریزی راپۆرتە پەسندکراوەکان. بێجگە لە کاری کومیسیۆنەکان کومیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، دروشمەکانی کۆنگرە و ژمارەی میوانانی خاریجی کە

٣٠٠ کەس دەبن هەروەها ژمارەی بەشدارانی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان کە ٦٠٠کەس دەبن دیاری کردوە بەڵام لەو پێوەندیەشدا ئێستا ڕێژەی هەر کام لە پارچەکانی کوردستان لەو ٦٠٠کەسە دیاری نەکراوە.

بە بڕوای من وەک یەکێک لە ئەندامانی ٢١کەسی کومیتەی ئامادەکاری کۆنگرە کە لە ماوەی ٤٥ ڕۆژی رابردوودا لە نزیکەوە ئاگاداری کومیسیۆنەکان و تەنانەت ئەندامانی کومیسیۆنی سیاسی و دیپلۆماسی بووم شاهێدی کار و هەموو زەحمەتی زۆری ئەندامانی کومیسیۆنەکان بووم و ئاکامی زەحمەتەکانیان باش دەنرخێنم و راپۆرتە ئامادەکراوەکان بە کاری سەرکوتووانەی ئەندامانی کومیسیۆنەکان دەزانم بەتایبەت کە بەئاکام گەیشتنی کاری کومیسیۆنەکان و تەنانەت کومیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەی کورد بێ گیروگرفت نەبووە و ئەوەش ئاسایی بوو چونکە روانینی حیزب و لایەنە سیاسییەکان لە چوار پارچەی کوردستان و هەلومەرجی خەباتیان لە هەر پارچەیەک بە تەواوی وەک یەک نییە و ئەوەش کە بۆ یەکەمجارە نوێنەرانی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان بە مەبەستی پێکهێنانی کۆنگرەیەکی کورد کە پەیامی هاوبەشی هەبێ و هەموو لایەنەکانی خەباتی هەر پارچەیەک لەبەر چاو بگرێ دەتوانێ ئەو ئاسایی بوونە پاساو بدا.

**هیوا میرزایی**: **هۆکارەکانی دواکەوتنی کۆنگرەی نەتەوەیی چین؟**

**حەسەن شەرەفی**: دواخستنی کاتیی بەستنی کۆنگرە لە لایەن کومیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بۆ دوو هۆی سەرەکی دەگەڕێتەوە.

یەکەم ئەوەیکە کومیتەی ئامادەکاری کۆنگرە لە ماوەی ٤٥ ڕۆژدا هەر چەند بەشێکی گرینگی کارەکانی خۆی بۆ ئامادەکردنی کۆنگرە راپەڕاند بەڵام بەشێکی ئەساسی و پڕباستر و پڕ بیروبۆچوونتری مابوون کە ئەوەش لە ماوە ١٠ - ١٢ ڕۆژدا کە بۆ کاتی دیاری کراوی کۆنگرە مابوو بە کردەوە مومکین نەبوو.

جیا لەو مومکین نەبوونە، کاتەکەش موناسب نەبوو، چونکە پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی پێویستی بە کەشوهەوایەکی سالمی پێوەندی نێوان حیزب و لایەنە سیاسییەکان یا لانیکەم عادی هەیە کە راست لەم کاتەدا هەڵمەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی پارلمانی هەرێمی کوردستان هاتە کایەوە کە کێبەرکێی نێوان لایەنە سیاسییەکانی باشووری بەدوای خۆیدا هێنا، ئەو هەلومەرجە ئەگەر بۆ فەزای هەڵبژاردن ئاسایی و یاساییە بەمشێوە بۆ بەستنی کۆنگرە فەزایەکی موناسب نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٤ی سێپتەمبەری ٢٧١٣



سەرچاوە
Serchawe

## حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ تیشک تی‌ڤی



**وتووێژ: سەلام ئیسماعیلپوور**

**تیشک**: بۆچی سەرەڕای تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر لە سەرهەڵدانی خەڵکی سووریە و دەورگێڕانی گرووپی داعیش لە وەرچەرەخانەکانی ئەم وڵاتەدا و لەگەڵ ئەوەیکە لە یەک ساڵی دواییدا پێشکەوتنێکی بەرچاو لە ئیش و کارەکانی ئەم گرووپە لە سووریە نابیندرێن، بەڵام هەر ئەم هێزانە کاتێک بە شێوەیەکی جیددی هاتنە نێو گۆڕەپانی وەرچەرخانەکانی عێراق، بینیمان بەشێکی بەرچاو لە جوگرافیای عێراق کەوتە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی ئەم گرووپە؟

**حەسەن شەرەفی**: ئەم کردەوە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی گۆڕەپانی کردەوە تیرۆریستییەکان و ئەو کار و چالاکییانەی کە دەوڵەتی ئیسلامی لە دوو وڵاتی سووریە و عێراقدا بەڕێوەی بردووە. دەبینین کە لە سووریەدا وێڕای حکوومەتی ناوەندی و سوپای ئەم وڵاتە، لە شەڕ لەگەڵ دژبەراندا گرووپگەلێکی دیکەش بوونیان هەیە بۆ وێنە ئەلنۆسرە و هەمان دەوڵەتی ئیسلامی یان داعش، کوردەکان و هەموو ئەمانە جگە لەوەیکە لە چوارچێوەی سووریەدا خەریکی شەڕن، لە بەرامبەر حکوومەتی ناوەندیدا، سوپای ئازاد یان کوردەکان یان ئەلنۆسرە یان هەر ئەم دەوڵەتی ئیسلامییە چەشنێک لە هاوگرتوویی و هاوکارییان تێدا بەدی نەدەکرا و ناشکرێ. جگە لەمە، ڕەنگە هەر کامەیان زیاتر لەوەیکە لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیی بەشار ئەسد لە بەرەنگاربوونەوەدا بن، لەگەڵ یەکتردا لە ڕووبەڕووبوونەوەدان و ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەیکە پانتای چالاکی دەوڵەتی ئیسلامی لە سووریە بە هۆی هەبوونی ڕەوتگەلێکی دیکە جگە لە دەوڵەتی ئیسلامی بەرتەسکتر بێ و لەسەرەخۆتر

بەڕێوە بچێت، بەڵام پانتای چالاکییە تیرۆریستییەکان و هەوڵە تێکدەرانەکانی ئەم گرووپە لە عێراقدا بە شێوەیەکی دیکەیە. دەبینن کە لە ناوچە سوننەنشینەکاندا، عەشیرە سوننە مەزهەبەکانی ناوچەکانی مووسڵ و تکریت و دیالە لە ڕاستیدا لە حکوومەتی ناوەندی و دەوڵەتی ئاغای مالکی ناڕازیی بوون و دژایەتییان دەکرد لەگەڵ کار و کردەوەکانی دەوڵەتی ناوبراودا. جگە لەمانە، نەقشبەندییەکان و پاشماوەکانی ڕێژیمی پێشووی بەعسیش بوونیان هەیە و لە ڕاستیدا دەکرێ بوترێ کە ناوچەکانی مووسڵ و تکریت و ئەمانە ئاخێزگەی حیزبی بەعس بوون. هەر بۆیە، وێڕای ئەوەیکە ئەمانە لەوانەیە هەندێ جیاوازییان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی یان هەمان داعیشی پێشوو لە باری سیاسی یان ڕەنگە لە باری کردەوە و ڕەفتارەوە کە لە ناوچەکەدا بەڕێوەی دەبن، هەبێت، بەڵام بەگشتی جۆرێک لە هاوگرتووی و یەکگرتووییان پێکەوە هەیە کە دەتوانن لە بەرامبەر دەوڵەتی ناوەندیدا دەست بدەنە وەها ئۆپراسیۆنێک کە لە ماوەی یەک دوو ڕۆژدا ناوچەیەکی بەرفراوان بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. لەم پێوەندییەدا هێما کردن بۆ پرسێکی دیکەش گرینگە و ئەوەش ئەمەیە کە بۆچی سوپای عێراق بەمشێوە پاشەکشەی کرد؟ وێڕای ئەوەیکە ئەو لایەنانەی کە هێمام بۆ کردن هەموویان هاوکار بوون و ڕەنگە لە بەرامبەر سوپای عێراقدا هاوپەیمان بوون بەڵام سوپای عێراقیش لەم ناوچەیەدا سوپایەک نەبوو کە پاڵپشتی خەڵکی لەگەڵ بێت. سوپای عێراق لە سەردەمی ئاغای مالکیدا بە شێوەیەک پاکتاو کرابوو کە زیاتر لە هەشتا لە سەدی ئەو سوپایە لە پەیڕوانی مەزهەبی شیعە پێکهاتبوو. وەها سوپایەک لە ناوچە سوننەنشینەکاندا بە شێوەیەکی سروشتی پاڵپشتی خەڵکیان لەگەڵ نابێت، سوپایەک کە پاڵپشتیی خەڵکی لەگەڵ نییە و ڕەنگە لە ڕوانگەی خەڵکی ناوچەکە و باڵادەستانی عەشیرە سوننەکان و تەنانەت دەوڵەتی ئیسلامی و نەقشبەندییەکان و پاشماوەکانی حیزبی بەعس تەنیا وەک بێگانەیەک سەیر بکرێ کە لەوێدا بوونیان هەیە. ئەمە بوو کە ئەم گرووپانە لەم ناوچەیەدا هاوکاریی خەڵکی ناوچەکەیان تا ڕادەیەک لەگەڵدا بوو و هاوگرتوویی ئەم هێزانە سەرەڕای ئەو جیاوازییانەی کە لەگەڵ یەک هەیانبوو، بوو بە هۆی ئەوەیکە ئەو شتەی کە لە سووریە بە هێواشی دەچووە پێش، لە عێراق هەم بەرینتر بێت و هەم بەربڵاوتریش بەڕێوە بچێت.

**تیشک**: پاش داگیرکردنی شەنگال، هۆکاری پێشڕەویی خێرا و سەرەتایی هێزە ئیسلامییەکان لە خاکی هەرێمی کوردستان تا نزیک شاری هەولێر و ڕاوەستان و پاشەکشەیان لە ڕۆژانی دواتردا چ بوو؟

**حەسەن شەرەفی**: ئەم پێشڕەوییانەی دەوڵەتی ئیسلامی لە ڕۆژە یەکەمەکاندا دەرئەنجامی دوو پرس بوون، یەکەم ئەوەیکە حکوومەتی هەرێمی کوردستان یان خەڵکانی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەک خڵافان، یانی بە دوورەدیمەنی ئەوەیکە ئەم هێزانە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندییان لە ئەجندای کاریی خۆیاندا داناوە و داگیرکردن و دەسبەسەرداگرتنی بەغدادیان لە بەرنامەدا بوو، پێیان وانەبوو کە بەمشێوە و بەم جۆرە هێرش بکەنە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان. هەربۆیە جۆرێک نائامادەیی لە نێو هێزی پێشمەرگەدا دەبینرا. جگە لەمە، هێزەکانی دەوڵەتی

ئیسلامی لە باری کەرەستەی سەربازیی زۆر تەیارتر بوون بەو چەک و چۆڵانەی کە لە سوپای عێراق بە دەسکەوت بەدەستیان هێنابوو، دژی هێزەکانی پێشمەرگە بەکاریان هێنا، لە حاڵێکدا کە ئەو کەرەستە و چەک و چۆڵانەی کە دەبوایە لە دەستی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستاندا بێت بۆ بەرەنگاریی و پاراستنی هەرێمەکە لە بەرامبەر چەک و چۆڵی دەوڵەتی ئیسلامیدا زۆر ناهاوسەنگ بوو. بەڵام پاش چەن ڕۆژ کە هێزی پێشمەرگە سازماندەییەکی نوێیان بە خۆیانەوە بینی و ئەو ئامادەکارییانەی کە بۆ بەرەکانی شەڕ کران و پاشان یارمەتی سەربازیی و چەک و چۆڵی وڵاتانی بیانی کە گەیشتە دەستی هێزەکانی پێشمەرگە بینیمان کە پاش چەن ڕۆژ پێشڕەویی سەرەتایی دەوڵەتی ئیسلامی توانیان لە هەنگاوی یەکەمدا، ئەم پێشڕەوییەی دەوڵەتی ئیسلامی بوەستێنن و لە قۆناغی دووهەمدا پاشەکشەیان پێ بکەن. ئەم پرسی خافڵبوونە، پرسی ناهاوسەنگیی نێوان چەک و چۆڵی دەوڵەتی ئیسلامی و هێزەکانی پێشمەرگە و هەموو ئەمانە بوون بە هۆی ئەوەیکە کە لە ڕۆژەکانی یەکەمدا دەوڵەتی ئیسلامی هەندێ پێشڕەویی بکات بەڵام لە ڕۆژەکانی دواتردا پێش بەم پێشڕەوییانە گیردرا و لە ڕۆژانی دیکەشدا بینیمان کە هێزی پێشمەگەری هەرێم پێشڕەوییان کرد و پاشەکشەیان بە هێزەکانی دەوڵەتی ئیسلامی کرد.

**تیشک**: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەمان ڕۆژانی یەکەمی هێرشی داعیش بۆ سەر کوردستان بە دەرکردنی ڕاگەیەنراوێک وێڕای پاڵپشتی لە خەڵک و هەرێمی کورستان ڕایگەیاند کە ئەگەر هەرێمی کوردستان و کاربەدەستانی پێوەندیدار داوامان لێ بکەن ئامادەین کە تەنانەت لە بەرەکانی شەڕ لەگەڵ ئەم گرووپەدا هەم هێز ڕەوانە بکەین و هەم بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و چالاکانە بەشداریی بکەین لەو شەڕەدا و لە ڕۆژانی دواتردا بە کردەوە ئەم کارەی کرد، هانەی ئەم حیزبە بۆ ئەم کردەوەیە واتە ئامادەبوونی سەربازیی لە بەرەکانی شەڕ دژی دەوڵەتی ئیسلامی چ بوو؟

**حەسەن شەرەفی**: یەکەم ئەوەیکە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە چەن ڕۆژ پێش ئێستا جێژنی شەست و نۆهەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی خۆی بەڕێوە برد، لە هەموو ئەم ماوەدا بەردەوام بۆ دابینکردنی دێموکراسی و دەستەبەرکردنی مافەکانی نەتەوەی کورد بۆ بەرەوپێش بردنی دادوەری، بەرابەری، هاوتایی و سڕینەوەی هەر چەشنە ستەمێک لە کۆمەڵگادا خەباتی کردووە، دژی تیرۆو و خەڵک ڕفاندن و کاولکاریی بووە و هیچ کام لەم شێوازانەی نە تەنیا لە ئەجندای کاریی خۆیدا دانەناوە بەڵکوو دەتوانین بڵێین کە ئیدانەشی کردووە. هەربۆیە، کاتێ بینیمان کە هێزێکی چەکداری دواکەوتوو بە ئایدیایەکی دواکەوتووانە و توندوتیژی لەڕادەبەدەر هێرشیان کردووەتە سەر خەڵکی هەرێمی کوردستان و خوشکان و برایانی ئێمە و بەزەییان بە کچان و ژنان و پیران و پەککەوتان نایەت، سروشتییە لە وەها هەلومەرجێکدا، حیزبێک کە خۆی لە بەرەی جیهانی دژی تیرۆر دەبینێتەوە، ئامادەیە کە لەم شەڕەدا دژی تیرۆریسم بەشداریی بکات. دەزانن کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەردەوام خۆی قوربانیی تیرۆریسم بووە و ئەمەش هۆکارێکە بۆ هاوسۆزیی و هاودەنگی لەگەڵ خوشک و برا کوردەکانمان لە کوردستانی عێراق. دووهەم ئەوەیکە ڕەنگە پازدە هەزار کەس لە کوردەکانی کوردستانی ئێران

بە هۆکاری سیاسی لە ژێر بەدواداچووندان و بۆ دەربازبوون و خۆ ڕزگار کردن لە بەدواداچوون و ئەشکەنجە و ئیعدامی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پەنایان هێناوە بۆ کوردستانی عێراق، هەربۆیە بمانهەوێ و نەمانهەوێ، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ چارەنووسی ئەم پازدە هەزار کەسە کەم یان زۆر گرێدراوی چارەنووسی خەڵکانی کوردستانی عێراقە و بۆیە هەر ئامادەبوونێ لەم بەرانە و داکۆکی لە هەرێمی کورستان بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ داکۆکی لەم پازدە هەزار کەسەیە کە لە کوردستانی ئێرانەوە هاتوون بۆ کوردستانی عێراق. هەر بۆیە بە پێی باوەڕی ئێمە بە دێموکراسی و خەبات دژی تیرۆریسم و بۆ پاراستنی گیانی ئەمانە و لە تەنیشت ئەمانەشدا بۆ هاوسۆزیی، هاودەنگی و پاڵپشتی لە هەرێمی کوردستان، ڕاگەیەنراوێکمان دەرکرد کە ئەگەر داوامان لێ بکرێت، دەڕۆینە بەرەکانی شەڕەوە. بۆچی وتمان ئەگەر داوامان لێ بکرێت؟ چونکوو لە وەها هەلومەرجێکی هەستیاردا ئەگەر هەر هێزێک سەرەڕۆیانە بڕواتە نێو کێشەکەوە و لە پلاندانان و هەڵکەوتەکانی گۆڕەپانی جەنگ و تێکهەڵچوونەکان زانیارییەکی نەبێت، لەوانەیە خەسارێکی بەر کەوێت و لە هەمان حاڵدا وەک دەستێوەردان لە کاروباری بەشێکی دیکەی کوردستان لە قەڵەم دەدرێت کە ئێمە دژی ئەم دەستێوەردانانەین، بەڵام کە لە ئێمە داوا کرا، بە هەمان شێوە کە وتم لە ئاست توانای خۆماندا لە بەرەکانی شەڕ ئامادە دەبین، بە شەوێک دەفتەری سیاسی ئێمە بڕیاری دا و لە هەمان شەودا توانیمان فەرماندەرانی سەربازیی و ژمارەیەک لە هێزەکانی خۆمان ڕێک بخەین و لە ڕاستیدا ستادی عەمەلیاتیمان پێک هێنا و هەمان ئەو شەوە تا بەیانی ئەم ستادە پێشمەرگەکانیان ئامادە کرد. کاتژمێر ٦ی بەیانی هەمان ڕۆژ بینیمان کە هێزەکانی ئێمە ئامادە، سەرزیندوو و ئۆگرانە و بە شانازییەوە بەرەو بەرەکانی شەڕ وەڕێ کەوتن. لەوێش دەسبەجێ پاش گەیشتنیان و جێگیربوونیان لە مەتەرێزەکانی پێشەوەی ئەم شەڕە هەندێ سەرکەوتنیان تۆمار کرد و دوو گوندیان ئازاد کرد، چەن سەیارەی هێزەکانی دەوڵەتی ئیسلامیان ئاگر تێبەردا، هەندێ کەسیان لە نێو برد و کەسانێکیشیان بە دیل گرت و ئەمە سەرکەوتنێ بوو. دواتر داوا لە ئێمە کرا کە بگەڕێینەوە بۆ شوێنەکانی خۆمان و ئێمەش بە هەمان شێوە کە داوامان لێ کرا و ڕۆیشتین، بە هەمان شێوەش کە داوامان لێ کرا گەڕاینەوە.

**تیشک**: بە سەرەنجدان بە هێماکانی ئێوە کە پێشمەرگەکانی حیزب لەم شەڕەدا بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە ئامادە بوون و بە پێی ئەوەیکە لەسەر بڕیاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیارتان دابوو کە هێزەکانتان ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ بکەن، بۆچی بەم خێراییە کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان داوایان لە حیزب کرد کە پاشەکشە بە هێزەکانی بکات و وێڕای ئەم دەسپێکە سەرکەوتووانە، پێشیان بە ئامادەبوونی پێشمەرگەمانی حیزبی دێموکرات لە بەرەکانی شەڕ گرت؟ دەوترێ کە هۆکاری ئەم کردەوەیە، گوشارەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان بووە. بەڵام بۆچی دەبێ کۆماری ئیسلامی وەها داوایەک بکات لە حکوومەتی هەرێمی کورستان؟

**حەسەن شەرەفی**: هۆکاری ئەم پرسە بە ڕوونی بۆ خۆیشمان دیار نییە. ئێمە ئەم پرسیارەی ئێوەمان لە شوێنە پێوەندیدار

و جێگەی متمانەکانی حکوومەتی هەرێمی کورستان کردووە، بەڵام وەڵامێکمان وەر نەگرتووەتەوە، بەڵام بە هەمان شێوە کە هێماتان بۆ کرد ئەگەری ئەوەیکە لە ژێر گوشاری کۆماری ئیسلامیدا بووبێ زۆر بەهێزە، بۆچی؟ یەکەم ئەوەیکە سەرەڕای ئەوەیکە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبێکی دێموکرات بووە و هەیشە و بۆ دێموکراسی و بۆ دژی دیکتاتۆریەت و حکوومەتە دواکەوتووەکانی وەک کۆماری ئیسلامی خەبات دەکات و بۆ خۆیشی قوربانیی تیرۆریزمە و ڕێبەرانێک وەک دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی لە لایەن تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە شەهید بوون و چەن سەد کەس لە کادر و پێشمەرگەکانمان لە شوێنە جیاجیاکانی جیهان و تەنانەت هەرێمی کوردستان لە لایەن تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە تیرۆر کراون، بەم حاڵەش کۆماری ئیسلامی تۆمەتی تیرۆریست بوون لە حیزبی دێموکرات دەدات. بۆ کۆماری ئیسلامی قورس تەواو دەبێت ئەو هێزەی کە بە تیرۆریست تۆمەتباری دەکات لە دەرەوەی خاکی خۆیدا خەریکە لە گەڵ تیرۆریسم شەڕ دەکات و تەنانەت ئەو کەسانەی کە ڕەنگە بڕوایان بە کۆماری ئیسلامی هەبێت دەبینن کە بەمشێوە نییە و لە ڕاستیدا ئەمە تۆمەتێکی بێ بنەمایە. دووهەم ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی بەردەوام وتوویەتی کە حیزبی دێموکرات حیزبێکی هەڵوەشاوەیە و ئەمانە لەنێو چوون و ئاسەوارێکیان لێ نەماوە. لەم پێوەندیەشدا ساڵانێکی دوور و درێژ تۆی ڕەشبینی و دووبەرەکی و خەمساردی و هیوابڕاویی لە دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا چاندووە، بەڵام دەبینێ کە ئەم هێزە بە شەوێک دەچێتە نێو شەڕێکی مەزنەوە و ئەم ئامادەییەی هەیە کە یەک شەوە هێزەکانی تەیار بکات و ڕەوانەی بەرەکانی شەڕیان بکات و بڕۆنە مەتەرێزەکانی پێشەوەی شەڕ و دەبینین کە ئەم ساوێری لەنێوچوونی حیزبی دێموکراتە تەنانەت لە نێو ئەو کسانەشی کە بڕوایان بەم ڕێژیمەیە، دەبێتە بڵقی سەر ئاو و ئەوان دەبینن کە نا بەمشێوەیە نییە. سێهەم ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی کاتێ کە بینی هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕیزەکانی هەرە پێشەوەی شەڕ سەرقاڵی شەڕ لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی بوون، بە هەزاران کەس لە گەنجانی کورد لە کوردستانی ئێران ئامادەیی خۆیان دەربڕی و بە ئێمەیان ڕاگەیاند کە خوازیارن هەرچی خێراتر پێوەست بن بە ڕیزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لەم شەڕەدا بەشداریی بکەن. ئەمەش بەدڵی کۆماری ئیسلامی نەبوو. هەربۆیە ئەگەر کۆماری ئیسلامی بەڕاستی ناتەبا بێ لەگەل دەوڵەتی ئیسلامیدا و بە هەمان شێوە کە بانگەشە دەکات ئەو دەوڵەتە بە دژ یان دوژمنی خۆی دەزانێ، بە شێوەیەکی بنەڕەتی دەبوایە پێشوازیی لێ کردبایە، بەڵام بۆ کۆماری ئیسلامی ئەو شتانەی کە باسم کردن، گرینگتر لەمە بوون کە بتوانێ ئامادەبوونی هێزێکی سیاسی کوردی کورستانی ئێران لە بەرەکانی شەڕدا قبووڵ بکات. بە هەمان شێوە کە وتم، ئێمە بە پێی ویست و داواکاریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەو شەڕەدا ئامادە بووین و کاتێکیش داوایان لێ کردین بگەڕینەوە، گەڕاینەوە. بەڵام هۆکاری سەرەکییەکەی لە شوێنە پێوەندیدارەکانەوە بە ئێمە ڕانەگەیەندرا. گوایە تەنیا بەرژەوەندییەکە لەمەدا بووە، ئێستا بە هەر هۆکارێ، بەڵام بە سەرەنجدان بەو هۆکارانەی کە باسم کردوون، ئاماژەکان وا پیشانی دەدەن کە هۆکاری ئەم داواکارییە، گوشار لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بووە.

**تیشک**: پاش نزیکبوونەوەی هێزەکانی داعیش لە هەولێر، پێتەختی هەرێمی کوردستان دەبینین کە وڵاتانی ڕۆژاوایی و لە

سەرووی هەموویانەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خێرا دژکردەوەیان لە خۆیان پیشان دا و فەرمانی دا کە فڕۆکە شەڕکەرەکانی ئەم وڵاتە لە بنکەی سەربازی ئەنجرلیکی تورکییەوە بفڕن و بنکەکانی داعیش بوردمان بکەن و هەر بەم پاڵپشتییانە و هەروەها پاڵپشتییە مرۆییەکانیان لە ئاوارەکانی ئەم شەڕە، بارودۆخەکە بە قازانجی هەرێمی کوردستان گۆڕدرا. بە سەرەنجدان بەوەیکە لە وەرچەرخانەکانی سووریە و تەنانەت لە وەرچەرخانەکانی عێراق پێش لە هێرشی داعیش بۆ سەر کوردستان چەندین جار داواکاریی سەربازیی لە ئامریکا هاتە گۆڕێ، بەڵام ئەمریکا خۆی لەم داواکارییانە بەدوور گرت، بەڵام بۆچی لەم برگەدا بە قازانجی هەرێمی کوردستان بەم خێراییە هاتە سەر خەت؟ هەڵسەنگاندنی ئێوە لە ئامانج و هانەکانی ڕۆژاوا لەم پێوەندییەدا چییە؟

**حەسەن شەرەفی**: یەکەم ئەوەیکە وڵاتە ڕۆژاواییەکان و لە سەرووی هەموویانەوە ئەمریکا بەردەوام هەستیار بوون لەهەمبەر هەبوونی گرووپە تیرۆریستییەکان، بەڵام ئەمریکا لە پێوەندی لەگەڵ پرسی سووریەدا تا ڕادەیەک لەهەمبەر دەستێوەردانی سەربازیی و هێرش بۆ سەر گرووپە تیرۆریستییەکان هەندێ پارێزی هەبوو و هۆکارەکەشی ئەمەیە کە لە سووریە دەوڵەت و سوپا هەیە، پاڵپشتی ڕووسیە هەیە، پاڵپشتی کۆماری ئیسلامی هەیە، هەموو ئەمانە پێش بەوە دەگرن کە ئەمریکا یان ڕۆژاوا بە شێوەیەکی گشتی لەوێدا یان بە شێوەی دەستێوەردان یان تەنانەت هاوکاریکردن لەگەڵ دەوڵەتانی ڕووسیە و کۆماری ئیسلامیی ئێران بڕۆنە نێو گۆڕەپانی شەڕەکە، چونکوو ئەم کردەوە لە ڕاستیدا جۆرێک یارمەتیدانی دیکتاتۆری بەشار ئەسەد دێتە ئەژمار، ڕەنگە هۆکارەکەی ئەمە بووبێ بەڵام لەمەڕ بەغداد شتێکی دیکەیە. ڕاست کە دەڵێن دەوڵەتی ئیسلامی مەبەستی داگیرکردن و کونترۆڵی بەغدادی بووە بەڵام دەوڵەتی عێراق بۆ خۆی کەرەستەی سەربازیی زۆرە و ئەمریکا چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد کە ئەم سوپایە لە ماوەی ٤٨ کاتژمێردا چەندین پارێزگای گەورە و پڕ حەشیمەتی خۆی چۆڵ بکات و بۆی دەرچێ و کەرەستە و چەک و چۆڵەکانی بداتە دەستی دەوڵەتی ئیسلامییەوە، هەر بۆیە لەم پێوەندییەدا هەندێ پارێزی بوو، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا دەبینێ کە حکوومەتێکی ناوچەیی هەیە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا لەباری دێموکراسی و لە باری هاوگرتووی لەگەڵ کەلتووری ڕۆژاوا و ئەمانە خاڵی وەرچەرخانێکە بۆ ڕۆژاواییەکان و وێڕای ئەمە پێشتریش ڕوویداوە کە لە بەرانبەر حکوومەتی بەعسی عێراق هێڵی ٣٦ دەرەجەی بۆ پاڵپشتی و یارمەتیدان و ڕەنگە لە چوارچێوەی هەمان ئەو شتەدا یان بگرە زیاتر لەوە لەهەمبەر هەلومەرجی ئێستای کوردستاندا هاوکاریی کردووە. یارمەتییەکانی ڕۆژاوا لە ڕاستیدا دوو جۆرە: یەکیان یارمەتییە سەربازییەکانە کە هەڵبەتە یەکە سەربازییەکان و هێزی سەربازیی و ئەم شتە نییە، چونکوو کوردستانیش ئەوەندە پێویستی بەم شتانە نییە، زۆربەی یارمەتییەکانی ڕۆژاوا بریتی دەبێ لە کەرەستەی سەربازیی کە ئێرانیش ئەم شتەی پێ خۆش نییە، چونکوو وا بیر دەکاتەوە کە ئەم یارمەتییانە بە تایبەتی لە بواری چەک و چۆڵدا بۆ هەرێمی کوردستاندا لە داهاتوودا بە قازانجی حکوومەتی ناوەندیی شیعەی عێراق نابێت. بەم حاڵەش یارمەتییان دا و ڕێژەی ئەم یارمەتییانە بەرفراوانە. یەک وڵات، دوو وڵات و تەنانەت چوار وڵات نین، زۆربەی وڵاتانی دونیا ئەوانەی کە توانای یارمەتی سەربازییان هەیە، ئەوانەی کە توانای بەشداریی لە شەڕ دژی

تیرۆریسمیان هەیە، هەموو ئەم وڵاتانە پاڵپشتییان لە هەرێمی کوردستان کردووە، جگە لە یارمەتییە سەربازییەکان، زۆربەشیان یارمەتی مرۆڤدۆستانەشیان کردووە. خۆتان دەزانن کە ژمارەی ئاوارەکان زۆرن، پاشان وڵاتانی ڕۆژاوایی باش دەزانن کە هەم لە ڕەوتی قەیرانی سووریە و دواتریش لە ناوچە ناوەندییەکانی عێراقەوە و هەم ناوچەی مووسڵیش و.... هەرکەس ڕای کردبوو و ئاوارە ببوو پەنایان بۆ دوورگەی ئارامی ناوچەکە، هەرێمی کوردستان هێنابوو. یانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان خۆی لە باری چەک و چۆڵەوە توانایەکی ئەوەندەی نییە و لە وەها هەلومەرجێکدا دەژی. لە کاتێکدا کە نزیک بە یەک ملوێن ئاوارە لە نەتەوە جیاوازەکان و پێڕەوانی ئایینە جیاوازەکانیشی دەبوایە پەنا بدابایە. جگە لەمە، ئێمە بینەری ئەوە بووین کە وەزیرانی دەرەوەی زۆربەی ئەم وڵاتانە بۆ خۆیان هاتن بۆ هەرێمی کوردستان، خۆیان بارودۆخەکەیان لە نزیکەوە بینی، تاوتوێیان کرد و بینیان کە بە ڕاستی میوانداریی یەک میلیۆن ئاوارە لە توانای حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا نییە، ئەویش بەم دۆخە ئابوورییە و بەو دژایەتییانەی کە لە لایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە لەباری دارایی بە سەریدا سەپاوە، زۆربەیانی هان دا کە یارمەتییە مرۆڤدۆستانەکانی خۆیان بە زووترین کات هەناردەی هەرێمی کوردستان بکەن و ڕێز لە خۆڕاگری هێزی پێشمەرگە بگرن و لە بەرامبەر ئەم گرووپە تیرۆریستییەدا لەباری سەربازیشەوە بەهێزی بکەن. هەر بۆیە هاتوچۆی ئەم هەموو لێژنە دیپلۆماتیکە و وەزیرانی دەرەوە هەڵکەوتەیەکی زۆر لەباری بە هەوڵێر وەک پێتەختی هەرێمی کوردستانی بەخشیوە. جگە لەمانە، کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش هەم لەباری پاڵپشتی و پشتیوانی مەعنەوی و هەم ئامادەبوون لە شەڕ و کۆکردنەوەی یارمەتییە دارایی و غەیری داراییەکان چالاکانە هاتنە گۆڕەپانەکە. هەر بۆیە دەبینین لە شارەکانی کوردستانی ئێراندا یارمەتییەکی زۆر بۆ ئاوارە ئێزەدییەکان و ئاوارەکانی ناوچەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستاندا کۆ کرایەوە. کۆماری ئیسلامییش لە بەرامبەر هەرکام لە ناوەندەکانی کۆکردنەوەی ئەم یارمەتییانە، ناوەندێکیشی بۆ یارمەتیدانی خەڵکی غەززە دانابوو کە لەوانەیە خەڵک یارمەتی هەر دووی ئەوانە بدەن، بەڵام بەداخەوە تا ئەو جێگەی کە ئێمە زانیاریمان هەیە تەنانەت ئەو یارمەتیانەشی کە بڕیار بوو هەناردەی هەرێمی کوردستان بکرێت، کۆماری ئیسلامی هەناردەی غەززەی دەکات. هەر بۆیە پشتیوانی کردن لە کوردەکان لە لایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە، ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان و یارمەتییە سەربازییەکان هەموویان پێگەیەکی وایان بە هەرێمی کوردستان بەخشی کە بۆ بەراورد کردن لەگەڵ سەردەمی پێش لە هێرشی دەوڵەتی ئیسلامی نابێت.

**تیشک**: هێماتان کرد کە زیاتر لە یەک میلیۆن ئاوارە لە کوردستانی عێراقدا بوونیان هەیە و زۆربەی ئەم ئاوارانەی کە هێماتان پێ کردن، ئەو عەرەبانەن کە ڕەنگە سەردەمێک لە کاتی دەسەڵاتی بەعسدا لە کوردستان نیشتەجێ کرابوون. زۆرکەس نیگەرانن کە ئەم ئاوارە عەرەبانە کە پەنایان بۆ هەرێم هێناوە، دواتر بیانووی نائەمنی و یان هەر هۆکارێکی دیکە نەیانهەوێ بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان و ئەم پرسە پێکهاتەی حەشیمەتیی کوردستان بە تایبەت لە ناوچەگەلێ وەک کەرکووک بگۆڕێت و نەگەڕانەوەیان هەرێمی کوردستان تووشی کێشە بکات، ئێوە تا چەن ئەم شتە بە نیگەرانی دەزانن و هەڵوێستی حکووومەتی هەرێمی کوردستان لە پەنا دان بەم ئاوارانە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**حەسەن شەرەفی**: ئەو هەڵوێستەی کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە خۆی پیشانی داوە لە ڕاستیدا هەڵوێستێکی زۆر مرۆڤدۆستانەیە و یارمەتیدان بە ئاوارەکان لە هەر نەتەوە و ئایینێک پرسێکی ئەرێنییە کە دونیا دەیبینێ. ئەوەیکە عەرەبەکانی ناوچەکانی دیکەش وەک ئاوارە هاتوون بۆ هەرێمی کوردستان و لەوێ نیشتەجێ بوون، ڕەنگە بەشێک لەم سیاسەتە لە لایەن حیزبی بەعس لە چوارچێوەی تەعریب یان تەعبیس یانی بە بەعسی کردن بەڕێوە چووبێت، بەڵام ئەو ئاکامەی کە لێی شین بووە ئەوەندە بەرچاو نەبوو و جگە لە هەندێ ناوچەی وەک کەرکووک، لە باقی ناوچەکانی دیکەدا زۆر سەرکەوتوو نەبوو، بەم حاڵەش هەر ئێستاش ئەگەر دەوڵەتی ناوەندی دڵنیا بوایەت کە لە ئەگەری جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ و سەرژمێری ژمارەی دانیشتووانی ئەو ناوچانەی کە هێشتا لە چوارچێوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا نین، ئاکامەکەی بە قازانجی ئەوان تەواو بوایە، تا ئێستا ماددەی ١٤٠ و داواکارییەکانی دیکە کوردەکان کە لە یاسای بنەڕەتی ئەم وڵاتەدا گونجێندراوە، دەخستە خانەی جێبەجێ کردنەوە و بەڕێوەنەبردنی ئەم کردەوەش هۆکارەکەی ئەمە بووە کە دەوڵەت دڵنیا نییە کە بەمشێوە سیاسەتەکەی سەرکەوتن بەدەست دێنێ و هەر بۆیە نیگەرانە. دیارە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا کوردەکان باس لەم نیگەرانییە دەکەن، بەڵام من پێم وانیە کە کوردەکان جارێکی دیکە ئیزنی ئەوە بدەن کسانێک کە وەک ئاوارە بوونەتە میوانی کوردەکان، ئەگەر ناوچەکانی خۆیان ئازاد کرا و داخوازییەکانیان جێبەجێ کرا، بیانهەوێ دیسان لە هەرێمی کوردستان بمێننەوە. پێم وایە لەم پێوەندییەدا کوردەکان ئەگەر بیانهەوێ لەهەمبەر ئەم گۆڕانی دێمۆگرافییە ناوچەکانی کوردستان هەوڵێک دژی نیشتەجێ بوونی ئەو ئاوارانە بدەن، بایەخی هیچ کام لەو خزمەتانەی کە کوردەکان کردوویانە بەم ئاوارانە لە بیروڕای گشتیدا کەم نابێتەوە و ئەمە مافی کوردەکانە کە ئەوان بگەڕێننەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی خەرمانانی ٢٠١٤

## حەسەن شەرەفی: ناوەڕۆکی تەفاهومەنامەی لۆزان دەری دەخات کە دۆڕاوی سەرەکی ڕێژیمی ئێرانە



**ماڵپەڕی کوردستان میدیا لەگەڵ حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی و ووتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پەیوەندی لەگەڵ تەفاهومنامەی وڵاتانی ١+٥ و ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران وتووێژێکی پێک هێناوە.**

**کوردستان میدیا**: کاک حەسەن وەک ئاگادارن ڕۆژی پێنجشەممەی حەفتەی ڕابردوو، ١٣ی خاکەلێوە بەرنامبەر لەگەڵ ٢ی ئاوریلی ٢٠١٥ی زایینی پاش وتووێژێکی درێژماوە تەفاهومنامەیەک لە نیوان گرووپی ١+٥ و ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ناوکی ڕاگەیەندرا. بەڕای جەنابت ئەوەی ڕاگەیەندرا هەموو ئەو بابەتەن کە وتووێژیان لەسەر کراوە و لەسەری بە تەفاهوم گەیشتوون؟

**حەسەن شەرەفی**: ئەوەی وەک تەفاهومنامە ڕاگەیەندرا، وێ ناچی هەموو ئەو بابەتانەی لەخۆ گرتبێ کە باسیان لەسەر کراوە و لەسەری بە تەفاهوم گەیشتوون، چوونکە پێش ڕاگەیاندنی تەفاهومنامەکە باسیان لەوە کرد کە ڕێککەوتوون چ بەشێک لە تەفاهومنامەکە رابگەینن و چ بەشێکی ڕانەگەیەنن.

**کوردستان میدیا**: لێدوانەکانی بەرپرسانی ئامریکا و ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لەسەر ئەو بەشەش لە تەفاهومنامەکە کە ڕاگەیەندرا، جیاوازییان پێوە دیارە، چۆنە هەر لایەک بە جۆرێک خاڵەکانی ئەو تەفاهومنامەیە بەیان دەکات؟

**حەسەن شەرەفی**: ئەوەی لەسەرەتادا لەلایەن نوێنەری یەکیەتیی ئورووپا و وەزیری دەرەوی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران

راگەیەندرا جیاوازییەکی بەرچاویان پێوە دیار نەبوو، بەڵام دواتر کە هەرکام لە وەزیرانی دەرەوەی ئامریکا و ڕێژیمی ئیسلامی ئێران بە جیا لێدوانیان لەسەردا جیاوازی پێوە دیار بوو ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەرکام زیاتر بۆ بەردەنگانی خۆیان دواون.

دەزانین کە هەم لە ئەمریکا و هەمیش لە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا هێندێ لایەن و چەند ئۆرگانێکی شوێندانەر لە ئاکامی وتووێژەکان ناڕازین و لە راستیدا هەر لایەنێک لە لێدوانەکانیاندا بە جۆرێک لە خاڵەکانی تەفاهومنامەکە دەدوێن کە بەردەنگانی خۆیان ئەگەر رازیش نەکەن، بێ دەنگیان بکەن.

**کوردستان میدیا**: لە پەیوەندی لەگەڵ ئەوەی وەک تەفاهومنانە راگەیەندرا جیا لەوەی هەرکام چۆنی باس دەکەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چۆنی لێک دەداتەوە؟

**حەسەن شەرەفی**: ناوەرۆکی ئەو تەفاهومەنامەیەی کە راگەیەندرا دەری دەخا کە دۆڕاوی سەرەکیی ئەم پرسە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە هەرچەند ئەو ڕێژیمە بە درێژایی تەمەنی هەر دۆڕانێکیشی هەر بە براوە داناوە و خەڵکی پێچەواشە کردووە، بەڵام دەزانن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە مێژە هەڵوەدای چالاکیی ناوکی و زیاتر لە ١٢ ساڵیشە سەدان میلیارد دولاری لە سامانی خەڵکی ئێران لەو ڕێگایەدا بە فیڕۆ داوە و خەرج کردوە. هەر لەو پەیوەندیەدا گیروگرفتی بەرچاویشی بۆ خۆی و زیاتر بۆ خەڵکی ئێران پێکهێناوە؛ بەهۆی گەمارۆ ئابوورییەکانیش میلیاردها دولار زیانی بە خەڵکی ئێران گەیاند، ژیانی خەڵکی لەگەڵ تەنگەژە بەرەوڕوو کردووە، بێکاری پەرەی گرت و زۆر پڕۆژە راوەستان. ئێستا بە قەبوولی ئەو تەفاهومنامەیە هاتووەتەوە خاڵی سفر، یانی ئەگەر ڕێژیمی ئیسلامی لە ساڵانی رابردوودا و پێش ئەوەی ئەو هەموو ساڵە ئەو هەموو زیانەی بە خەڵکی ئێران گەیاندبا، ملی بۆ ڕێکەوتنێکی بە ناوەرۆکی ئەو تەفاهومنامەیە راکێشابا نە ئەو زیانانە بە خەڵک و سامانی ئێران دەکەوت و نە ئەو هەموو گیروگرفتەی لەگەڵ دونیای دەرەوە پێک دێنا.

**کوردستان میدیا**: راستە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە مل بادانی خۆی و بە هێندنەگرتنی داخوازەکانی دونیای دەرەوە و گاڵتەکردن بە بڕیاراتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بە کاغەز پارە، ناوبردنی بڕیاری گەمارۆکان و تەنانەت گەمارۆکانی بە هۆی گەشە کردن و خۆدکەفایی ناودەبرد و لە ئاکامدا ئەو زیانانەی بەرەوڕووی خەڵکی ئێران کردەوە کە باست کرد. بەڵام نەفسی تەفاهومنامەکە چۆنە و بە چ شێوەیەک دارێژراوە؟

**حەسەن شەرەفی**: تەفاهومنامەکە بە جۆرێک ئامادە کراوە کە ئەوەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران قبووڵی کردووە هەمووی بەرعوهدە بوونە( تعهد)، بەڵام لایەنی بەرانبەر یانی ١+٥ ئەوەی قبووڵی کردوە یا بەرتەسکە یا مەرج دارە یا

هەڵپەساردنە و هەمووی بەستراوەتەوە بە جێبەجێ کردنی ئەو مەرجانەی بۆی دانراوە چ لە رادە سانتریفیووژەکان چ لە پەیوەندنی لەگەڵ پیتاندنی ئورانیۆم و زۆر مەسەلەی دیکەی پەیوەندیدار بەم بابەتە کە ئێران ئەگەر نەڵێین بۆ هەمیشە بۆ ١٠ تا ١٥ ساڵی دیکە ڕێگا لە پەرەپێدان بە فەنناوەری ناوکی لە ئێران بەربەست دەکا.

**کوردستان میدیا**: بەڵام لابردنی گەمارۆکان ئەویش لەو هەلومەرجە نالەبارە ئابوورییەی کە ڕێژیمی ئیسلامی تێیدایە دەتوانی گیانێکی دیکە بەرجەستەی شپرزەی ئابووری ئێراندا بکا لەو بارەوە راتان چییە؟

**حەسەن شەرەفی**: دیارە ئەو هەلومەرجە ئابووریە باست کرد دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کات کە ئەو تەفاهومنامەیە تا ٣ مانگی دیکە بگاتە ڕێککەوتنامەیەکی گشتگیر بە وردەکاریەکانییەوە ئەو کاتیش وێ ناچێ گەمارۆکان یەکجێی و بە تەواوی لابچن، بەڵام ئاساییە تەنانەت ئەگەر گەمارۆکان قۆناغ بە قۆناغیش لابچن شوێندانەری ئەرێنیان لەسەر وەزعی ئابووری ڕێژیمی ئیسلامی ئێران دەبێ. بۆیە ناڵێم ئێران دەڵێم ڕێژیمی ئیسلامی ئێران، چونکە ئابووریی ئێران کەمتر لە خزمەتی خەڵکی ئێران دایە، بەڵکوو زیاتر لە خزمەت ڕێژیم و دامودەزگاکانی پارێزەری ئەم ڕێژیمەدایە. بەوحاڵەش لاچوونی گەمارۆکان تا رادەیەکی کەم شوێنی ئەرێنی لەسەر بازار و بژێوی خەڵک دادەنێ ئەوەش لە حاڵێکدایە کە گرفتی سەرەکیی خەڵکی ئێران و نەتەوەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ ڕێژیمی ئیسلامی کەمتر ماددی و مەعیشەتی، بەڵکوو زیاتر سیاسی و نەبوونی ئازادی و درێژەی ماف پێشێلکارییەکانی ڕێژیمە کە وێناچێبە دوای ئەو ڕێککەوتننامەیەش کە بەرێوەیە ئاڵوگۆری ئەرێنی بەسەردا بێت و کرانەوەیەکی سیاسی بەدوای خۆیدا بێنێ، بە پێچەوانە تاقیکاری نیشانی داوە هەرچی ڕێژیمی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران داشکاندن بەرانبەر بە دونیای دەرەوە و وڵاتانی دیکە لە خۆی نیشان بدا فشار و زەخت و زۆری لە نێوخۆ بەرانبەر بە خەڵکی ئێران و ئازادیخوازانی ئەو وڵاتە زیاتر دەکات.

ئەگەر چۆن ڕێژیمی ئیسلامی ئامادە بووە لەبەرانبەر دونیای دەرەوە و وڵاتاندا مل کەچ بکا هەر بەو جۆرەش ملی بۆ داخوازە سیاسی و دابینبوونی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی ئێرانیش راکێشابا دەکرا بڵێین کە ئاڵوگۆڕ لە ڕێژیمی ئیسلامیدا پێکهاتووە و ژیانی خەڵک گۆڕانێکی ئەرێنی بەسەردا هاتووە.

**کوردستان میدیا**: باسی ئەوەت کرد کە باشبوونی وەزعی ئابووری، زیاتر ڕێژیم کەڵکی لێی وەردەگرێتا خەڵکی ئێران مەبەستت چییە؟

**حەسەن شەرەفی**: مەبەستم ئەوەیە کە ڕێژیمی ڕێژیمی ئیسلامی پتر لە خەڵکی ئێران گرینگیی بە سیاسەت و کردەوەکانی خۆی دەدا و سامانی وڵاتیشی لە ماوەی تەمەنی خۆیدا بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کردووە، بۆیە باشبوونی وەزعی ئابووری

ڕێـژیم دەسـتی ڕێژیمـی ئیسـلامی ئـاوەڵاتر دەکـا لە پارمەتیـدانی دەسـتە و گـرووپە توندڕەوەکانی نـاوچە، گـرووپە تێرۆریستەکان، دەخاڵەت و دەستێوەردانی زیاتر لە کاروباری وڵاتان و ئاژاوەنانەوە و نائەمنتر کردنی ناوچەکە.

ئێمە هیواداریـن چـۆن کۆمەڵگـای جیهـانی و بە تـایبەت وڵاتـانی ١+٥ گرنگییـان بە مەسـەلەی چەکـی نـاوکی ئێـران دا و هەستیان بە مەترسی دەستوێڕاگەیشتنی ئەم ڕێژیمە بە چەکی نـاوکی کـرد و سـەرئەنجام مل کەچـی ویست و مەرجەکـانی خۆیانیان کرد ئاوەهاش گرنگیی بە مافی مرۆڤ و ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکانی ئێران و ئـارامی نـاوچە بـدەن و هەر بەو جیددیەتەیشەوە ڕێژیمی ئیسلامی بخەنە ژێـر گوشـار و مل کەچـی ڕەچـاوکردنی ئازادییەکـان و مافەکـانی خەڵکـی ئێـران و ئارامی ناوچەکە بکەن.

**کوردسـتان میـدیا**: بەگشـتی پێتـان وایە ئەگەر ئەو تەفاهومنـامەیە ببێـتە ڕێککەوتننـامە و ڕێککەوتنێکـی یەکجـارەکی لـێ بکەوێتەوە، لە چوارچێوەی ڕێکەوتننـامەکەدا گەمارۆکـان لا بچـن، شـوێنی ئەرێنـی لەسـەر پەیوەنـدیەکانی ڕێژیمـی ئیسلامی لەگەڵ ڕۆژئاوا دادەنێت؟

**حەسـەن شـەرەفی**: بە لاچـوونی گەمارۆکـان تەنـانەت پلەبەپلە، پەیوەنـدی بـازرگـانی و تجاریـیەکـانی وڵاتـانی ڕۆژئـاوایی لەگەڵ ڕێژیمی ئیسلامی زیاد دەکات، ڕەنگە لەگەڵ ئەو وڵاتـانەی کە ڕێژیمی ئیسلامی ئێران تا ئێستا بەچاوی نەیـار سـەیری کـردوون کەمتـر یـا درەنگتـر و ئەوانەش کە ڕێژیمـی ئیسـلامیی ئێـران بە شـێوەیەکی ئـاسـایی هەڵسـووکەوتی لەگەڵ کـردوون زووتر یا زیاتر بێتە کایەوە. ئاسایشە کە ئەو جۆرە پەیوەندییانە لە بورای دیکەشدا شوێندانەر بن.

**کوردسـتان میـدیا**: بە لەبەرچـاوگرتنی هەمـوو ئەو وەزعە و بە دوای ڕێکەوتنـی یەکجـارەکی ١+٥ لەگەڵ ڕێژیمـی ئیسـلامیی ئێران، وەزعی جووڵانەوەی کورد و خەبـاتی خەڵکی کوردستان چۆن دەبینن؟

**حەسـەن شـەرەفی**: خەبـاتی ڕەوای کـورد و خەڵکـی کوردسـتانی خـۆرهەڵات و تەنـانەت ئەو ئـازادیخوازانەی ئێـران کە لە سەرەتاوە بەرانبەر بە نێوەڕۆکی دواکەوتوانە، کۆنەپەرەستانە و دژی دێموکراسی و دژی مافی نەتەوایەتی، گومانیـان نەبـووە هەر لە سـەرەتای هـاتنە سـەرکاری ڕێژیمـی ڕێژیمـی ئیسـلامیی ئێـرانەوە دەسـتی پێکـردووە، درێـژەی کێشـاوە و ئێسـتاش بەردەوامە و نابەسـترێتەوە بە پەیوەنـدیەکانی ڕێژیمـی ئیسـلامیی ئێـران لەگەڵ ئێـرە و ئەوێ تەنـانەت ئەگەر ئەو پەیوەندییانە تا ڕادەیەکیش بە ئەرێنی یا نەرێنی کاریگەر بن.

مەسەلەی دێموکراسی، مافی نەتەوایەتی، عەداڵەتی کۆمەڵایەتی، بەرابەری مافی ژن و پیاو لە بنەماڵە و کۆمەڵدا شتێک

نین کە لەگەڵ نێوەرۆکی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران یەکبگرنەوە و لە چوارچێوەی ئەو ڕێژیمەدا دەستەبەر بن، بۆیە تا ڕوخاندنی ڕێژیمی ئیسلامی وەک بەربەستێک لەسەر ڕێگای دابینبوونی ئەو مافانە خەباتی ئازادیخوازانی ئێران و نەتەوەکانی ئێران و لەسەرویانەوە نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران هەر بەردەوام دەبێ و بە پشتیوانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئازادیخوازانی ئێران پشت ئەستوور دەبێ.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٨ی خاکەلێوەی ٢٠١٥**

## ناکرێ چیتر ڕۆژهەڵات بکرێتە قوربانیی بەرژەوەندی باشوور



**حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ئاشکرای دەکات کە کار بۆ شێوازێک دەکەن بۆ ئەوەی خەباتی ڕۆژهەڵات چیتر لە "بێ دەنگیدا" نەبێت و بەرژەوەندییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش پارێزراو بێت. شەرەفی، لە دیمانەیەکدا لەگەڵ "وشە"، دووپاتی دەکاتەوە کە ناکرێ چیتر ڕۆژهەڵات بکرێتە قوربانیی بەرژەوەندی باشوور.**

**وشە: حکوومەتی هەرێمی کوردستان، داوای لە حزبەکانی ڕۆژهەڵات کردووە لە هەرێمی کوردستانەوە نەچنە ناو خاکی ئێران، هەڵوێست ئێوە چییە؟ ئایا پێیەوە پابەند دەبن؟**

ئێمە لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا بە هەموو شێوەیەک کە پێویست بووبێ، بەرژەوەندی خەڵک و حکوومەتی هەرێمی کوردستانمان لەبەرچاو گرتووە و ئێستەش لە بەرچاوی ئێمە ون نییە، بەڵام لەبەر ئەوەش کە ناکرێ بەرژەوەندەی و خەباتی پارچەیەک لە کوردستان بۆ زیاتر لە ٢٠ ساڵ، بکرێتە قوربانیی بەرژەوەندی پارچەیەکی تر، پێویستە ڕێوشوێنێک بگرینە بەر بۆ ئەوەی خەباتی ئێمە وەک هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بێ دەنگیدا نەمێنێ و بەرژەوەندی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش پارێزراو بێت. پێویستە دانیشتنێکی لەو شێوەیە بکرێ و بە شێوەیەک لێکی بدەینەوە کە قازانج و بەرژەوەندی هەردوولا لەبەرچاو بێت.

**وشە: دانیشتن لەگەڵ کێ؟ ئەوە چ سیستەمێکە کە دەکرێ بە هۆیەوە بەرژەوەندی هەردوو لایەن پارێزراو بێت؟**

کۆبوونەوە لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان. کارێکی لەو شێوەیە کارێکی ئەستەم نییە. لە کۆبوونەوەی هاوبەشدا دەکرێ ئێمە و ئەوان هەندێ ئەلتەرناتیڤ و پێشنیازمان هەبێت. دەکرێ بەو شێوەیەک ڕێگەیەک ببینینەوە بۆ ئەوەی نە ئەوان تووشی سەرئێشە بن لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران و نە ئێمە خەباتمان ڕاوەستاو بێت، چونکە هەموو خەباتی ئێمە تەنیا لە دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ئێمە تا ئێستە ئەوەمان کردووە کە ئێران بە بیانووی ئێمە پاڵەپەستۆ نەخاتە سەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەرچەند بە بێ ئێمە ئەو پاڵەپەستۆیە هەبووە. پێشتریش کە نە هێزی ئێمە لەسەر سنوور بووە و کێشە لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتیشدا نەبووە، ناوچە سنوورییەکانی تۆپباران کردووە. ئێستە کە هێزی ئێمە و پشتیوانی ئەو هێزانە لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، تا ئێستەش کۆماری ئیسلامیی ئێران ناتوانێ بیسەلمێنێ ئەو ئەندامانەی ئێمە هێرشیان کردبێتە سەر ناوەندێکی سەربازی یان دامودەزگەیەکی دەوڵەتی، بە پێچەوانەوە تەنیا ئەوان هێرشیان کردووە سەر ئەندامانی ئێمە. بەرنامەی زیاتری ئێمە لە ناوخۆدا، ڕێکخستنە نەک هێرشبردن، بۆیە دەکرێ ئێمە لەگەڵ حکوومەتی هەرێمدا لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەش بە شێوازێک بگەین کە هەم بەرژەوەندی ئەوان پارێزاو بێت و هەم ئێمەش لە جووڵەی خۆمان بەردەوام بین.

**وشە**: ئەو شێوازە چییە کە ئێوە دەتانەوێ بە حکوومەتی هەرێمی کوردستانی پێشنیاز بکەن؟

تا ئێستە ئەوەمان تاوتوێ نەکردووە. ئەو بوونەی لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەمانە، لەگەڵ حکوومەتی هەرێم و هێزەکانیدا باسمان نەکردووە. لەبەر ئەوەش باسمان نەکردووە، چونکە ئەگەر بڵێین نا، ئێمە پێمان ناخۆش دەبێت و هاوکات ناتوانن لە ڕووی یاساییەوە بڵێن با.

**وشە**: ئەگەر شتەکە بەو جۆرەیە و ئێوە دەیزانن، ئەی بۆ لەگەڵیان باس دەکەن؟ بۆ لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا ئەوەتان لەگەڵ باس نەکردوون؟ بۆ ئێستە دەتانەوێ قسەی لەسەر بکەن؟ گۆڕانکاری جدی لە ناوچەکەدا هەیە، بۆیە؟

پەیوەست بەو مەسەلەیە، گۆڕانکاری جدی لە ناوچەکەدا نابینین. گۆڕانکارییەکان، پارچەکانی تری کوردستانی گرتووەتەوە و ئێرانیش ئەوە دەزانێ. دەسەڵاتدارانی تاران بەردەوام دووپاتی دەکەنەوە کە دۆستی کوردن، بەڵام کاتێک کورد لە هەرێمی کوردستان بە ئیرادەی خۆی باس لە ریفراندۆم دەکات، وەڵامەکەی نایە. کاتێک کوردی ڕۆژئاوا باس لە بەڕێوەبردنی ناوچەکانی خۆیان دەکەن، وەڵامی ئێران هەر نایە. لە باکوریش کاتێک پێوەندیی ڕووسیا و تورکیا ئاڵۆز دەبێت، کارێکی وا دەکات کە کوردەکان تووشی شەڕ بن و ئەمەش لە بەرژەوەندیی کورددا نییە. ئێران کاتێک دەڵێ دۆستی

کوردم، دۆستی مافەکانی نییە، دۆستی هەندێ مەسەلەیە لە ناوچەکەدا بۆ ئەوەی لە بەرژەوەندیی خۆیدا بشکێتەوە. ئەو شێوازە دەبێ ئێمە و حکوومەتی هەرێم بیری لێ بکەینەوە و لەسەری ساغ ببینەوە.

**وشە**: مستەفا هیجری سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە نەورۆزی ئەمساڵدا باسی لە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری کردەوە، ئەو جموجۆڵەی ئێستە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە چ ناوێکی لێ دەنێن؟ خەباتی چەکدارییە یان خەباتی سیاسی؟

ئەو پەیامە لە زمانی کاک مستەفا هیجرییەوە ڕاگەیەنرا، بەڵام لە واقیعدا ئیرادەی حزبە و سەرکردایەتییەکەی بڕیاری لەسەر داوە. ئەو جموجۆڵانە بە هیچ شێوەیەک بە واتای خەباتی چەکداری نییە، بەڵکو بە واتای ئامادەبوونمانە لە ناو خەڵکی خۆماندا.

**وشە**: لە ڕووداوەکانی ئەم دواییەدا بەردەوام لە بەیاننامەکانتدا دووپاتی دەکەنەوە کە هێرش کرایە سەر هێزی پێشمەرگە و پێشمەرگە کەوتە بۆسەوە. واتان نیشان داوە کە تەنیا ئێرانە هێرش دەکات، ئەوە بە مانای لاوازبوونی پێشمەرگە و ڕێکخستنەکانتانە یان بە واتای بەهێزبوونی سوپای ئێران و جاشەکانە؟

نیشانەی هیچیان نییە. لە ڕێکخستنەکانی خۆمان ڕادەبینین، بۆیە ئەو کارەمان کردووە.

باست لەوە کرد کە گەڕانەوەی پێشمەرگە تەنیا وەک ئامادەبوونە، تا کەی تەنیا ئەوەتان مەبەستە؟ هیچ بەرنامەیەکی تر هەیە؟ چونکە ئێستە ڕەنگە زۆربەی وڵاتانی ناوچەیی و بەتایبەت وڵاتانی عەرەبی، بیانەوێ نائارامی لە ئێران هەبێت و گۆڕانکاریی جدی تێیدا ڕوو بدات.

حەزی وڵاتان و شێوەی سیاسەتیان بەرامبەر بە ئێران، مەسەلەی ئێمە نییە و ئێمە بە ئیرادە و بڕیاری خۆمان دەیکەین. ئێران هەمیشە ڕاهاتووە کە دژبەرانی خۆی دەخاتە پاڵ لایەنێک کە خەیاڵییە، یان لە واقیعدا پێوەندیی خراپی لەگەڵدا هەیە. ئێمە لەگەڵ زۆر وڵاتانی ئەورووپاییدا پێوەندیی ئاساییمان هەیە، بەڵام لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی ناوچەییدا تەنیا ئەو پێوەندییە ئاساییەشمان نییە. هیچ کەس دنەدەر و یارمەتیدەری ئێمە نییە، خۆزگە هەبووایە. کەس یارمەتیدەری ئێمە نەبووە، جیا لە خەڵکی خۆمان. هەر حزبێک سیاسەتی خۆی بە پێی ئاڵوگۆڕەکان دادەڕێژێتەوە، ڕووخانی ڕژێمی ئێران دروشمی ئێمەیە، بەڵام مەسەلەیەک نییە کە تەنیا بە کورد جێبەجێ بێت، دەبێ نەتەوەکانی تری ئێرانیش لە جووڵە و ئاراستەیدا بەیەکەوە بن. ئەگەر ئاڵوگۆڕێک لە ناوچەکەدا هەبێت، ئێمەش سیاسەتی خۆمان بە پێی ئەو ئاڵوگۆڕانە

دەگۆڕین.

**وشە: خۆزگە بۆ ئەو پشتگیرییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییە دەخوازی، بۆ لە ماوەی ساڵانی رابردوودا نەتانتوانیوە ئەوە بکەن؟**

وڵاتانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی پشتگیریمان ناکەن. رەنگە لە کۆبوونەوەکاندا تێکۆشانی ئێمە بەرەوا ببینن، بەڵام لە راستیدا ئەوان کارەکانیان بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی خۆیان دەکەن. ئێستە بەرژەوەندییەکانیان دەرفەتی ئەوەیان پێ نادات پشتگیری لە بزووتنەوەیەک دژ بە کۆماری ئیسلامیی ئێران بکەن. کارمان بۆ پشتگیری کردووە، بەڵام ئەوان زیاتر بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەبەرچاو دەگرن نەک کورد و مافەکەی.

**وشە: هەڵوێستی نەتەوەکانی تری ئێران لەبارەی جموجۆڵەکانی ئێوە چییە؟ لەوبارەیەوە گفتوگۆتان لەگەڵدا کردوون؟**

ئێمە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵمان هەیە و هەموویان دژی ئەو هێرشەن کە دەکرێتە سەر حزبی دیموکرات و لەگەڵ جووڵەی دیموکراتدان و خۆشحاڵن، چونکە ئەو کارە بۆ ماف و ئازادیی ئەوانیشە و تەنیا بۆ کورد نییە.

**وشە: لەو ماوەیەدا لەگەڵ ئەندامانی ئەو کۆنگرەیە لەبارەی رووداوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان قسەتان کردووە؟**

بەڵێ، گفتوگۆ و کۆبوونەوەیان لەگەڵدا کراوە، لەگەڵ حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیش قسە کراوە و ئەوانیش پشتیوانیی خۆیان بۆ ئێمە دەربڕیوە. هاوکات دووپاتیان کردووەتەوە کە لە دۆخی پێویستدا هەر هەنگاوێک هەبێت، بۆ پشتیوانی لە دیموکرات دەینێن.

**وشە: پێناسەی ئەو دۆخە پێویستەیان کردووە؟ مەبەستیان چییە؟**

نازانم، دەبێ ئەوە لە خۆیان پرسیار بکرێت.

**وشە: هیچ کام لە حزبە کوردییەکان ئامادەییان دەربڕیوە کە ئەوانیش بوونی چەکداریان لە رۆژهەڵاتدا هەبێت، وەک پشتیوانییەک بۆ ئێوە؟**

پێیان وایە کە دەبێ ئەوانیش بوونیان هەبێت، بەڵام بە پێویستی دەزانن لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی گشتگیر و دانیشتنی هەمەلایەندا بێت. بەداخەوە تا ئێستە ئەو دانیشتن و یەکگرتووییە نەبووە.

**وشە**: کاری بۆ دەکرێ؟

بەڵێ، بەڵام تا ئێستە سەرکەوتوو نەبووە.

**وشە**: هۆکاری سەرەکیی ئەو سەرنەکەوتنە چییە؟

بەداخەوە کورد زیاتر لەوەی بەلای یەکگرتوویی و پێکەوەبوون بێت، بە لای دابڕان ڕۆیشتووە.

**وشە**: دوای جموجۆڵەکانی ئێوە لە ڕۆژهەلات، لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە هیچ پاڵەپەستۆتان خراوەتە سەر؟

کارەکە نەگەیشتووەتە ئەو قۆناغەی کە ئەوان پاڵەپەستۆمان بخەنە سەر، بەڵام پێوەندی و داواکارییان هەبووە.

**وشە**: داواکارییەکانیان چی بوونە؟

داوایان کردووە وەک جاران بەرژەوەندییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانمان لە بەرچاو بێت.

**وشە**: چۆنە لە سنووری پارتی جموجۆڵتان هەیە، بەڵام ئەو جموجۆڵەتان لە سنووری یەکێتی نییە؟

ڕەنگە جموجۆڵمان لە شوێنێک دیار بێت و لە شوێنێکی تر دیار نەبێت. حزبی دیموکرات تەنیا لە زۆنێکدا کاری نەکردووە و لە سنووری هەردوو لایەن هەیە.

**وشە**: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕێگر نییە لەوەی بچنە ناو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟

ڕەنگە هەردوولا ڕێگر بن، بەڵام هەڵسوکەوتمان جۆرێک نەبووە کە ئەوان ببینن و ڕێگر نەبن. هەردوو لایەن ئەگەر بزانن، ڕێگر دەبن.

**وشە**: مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکیدا باسی لە جموجۆڵەکانی ئێوە کردووە و دواتر لەگەڵ ئێوەش کۆ بوونەتەوە، پەیامی ئەوان چی بووە؟

کۆبوونەوەی یەکێتی، کۆبوونەوەکی ناوخۆیی بووە و ئێمە ئاگاداری ئەو قسانە نین ئەگەر لەبارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە کردبێتیان.

**وشە**: بەڵام دواتر لەگەڵ ئێوە کۆ بوونەوە، قسەیان چی بوو؟

تەنیا لەگەڵ ئێمە کۆ نەبوونەوە، جارێک لەگەڵ هەمووومان کۆ بوونەوە.

**وشە**: نزیکبوونی یەکێتی و گۆڕان لە ئێران، تا چەند کاریگەری لەسەر داواکاریی ئەو دوو حزبە لەسەر ئێوە بووە، بەتایبەت لەبارەی جموجۆڵتان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟

ئێمە دژی پێوەندیی ئەو هێزانە لەگەڵ ئێران نین، بەو مەرجەی پێوەندییەکەیان ئەوەندە پتەو نەبێت کە ئەگەر ڕۆژێک ویستیان بگەڕێنەوە، بە شێوەیەک تووش بوون کە نەتوانن بگەڕێنەوە. هەروەها پێوەندییەکانیان لە زیانی کوردی ئەو پارچەیەدا نەشکێتەوە کە هێزە کوردییەکان پێوەندییان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیدا هەیە. جیا لەوەش پێویستە هێزە کوردییەکان ئەگەر تەنانەت کێشەی بچووکیشیان هەبێت، بەڵام لەبارەی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکاندا لەگەڵ یەکتر هاوسۆز بن.

**وشە**: بەڵام پێوەندیی یەکێتی و گۆڕان لەگەڵ ئێران گەیشتووەتە ئاستێک کە کاریگەری لەسەر یەکڕیزیی کورد لە باشووری کوردستانیش هەیە، بەو حاڵەیشەوە ئێوە چۆن چاوەڕێ دەکەن کاریگەری لەسەر خەباتی ڕۆژهەڵات نەبێت؟

ئەرکە نیشتمانییەکە وا دەخوازێت کە لایەنە کوردییەکان ئەو مەرجانە ڕەچاو بکەن، بەڵام ئەگەر لایەنێک پێیەوە پابەند نەبوو، خۆی دەبێ وەڵام بداتەوە.

**وشە**: ئێوە بۆ لە بەرژەوەندیی خۆتان، سوودتان لە جەمسەربەندییە ناوچەییەکاندا وەرنەگرتووە؟

من هیوادار بووم کورد لە جەمسەربەندیی ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا بێ لایەن بوایە و تەنیا بەرژەوەندیی خۆی

لەبەرچاو گرتبایە، بەداخەوە ئێستە کورد بەسەر ئەو دوو جەمسەربەندییەدا دابەش بووە. کوردی رۆژهەڵات بەسەر هیچ کام لەو جەمسەربەندییانەدا دابەش نەبووە، چونکە دۆسیەکەی لەسەر مێزی هیچ کام لەو دوو میحوەرانە نییە.

**وشە**: ئێوە چیتان کردووە بۆ ئەوەی دۆسیەی کورد بخەنە سەر مێزی ئەو میحوەرەی کە دژبەری ئێرانە؟

هەر کام لەو میحوەرانە بەرژەوەندیی خۆیان هەیە، سەرەتا دەبێ بوون و کاریگەریت بسەلمێنی، دواتر ئەگەر خۆشت هەوڵ نەدەی، بەدواتدا دێن.

وشە/ کاوە جەم – باز ئەحمەد

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە نێت - ڕێکەوتی: ٣٠ی جوونی ٢٠١٦

## حەسەن شەرەفی: ئەوانەی ڕێژیمی ئێران پێی دەڵێت شەیتانی گەورە و دوژمن، بە کردەوە دەبنە جیرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران



**وتووێژ: سەلیم زەنجیری**

**سەردانی سوپاسالاری ئێران بۆ تورکیە، ئامانج و بەرنامەیان لەو کاتە هەستیارەدا مژاری دیمانەی ئەمجارەی کوردستانە لەگەڵ بەڕێز حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە سەرنجتانی بۆ ڕادەکێشین.**

**سەلیم زەنجیری: یەکەم جارە کە سەرۆک ئەرکانی ڕێژیمی ئێران بە یاوەری شاندێکی باڵای لەشکری، سەردانی تورکیە دەکات. ئێوە ئەو سەردانە لەو کات و ساتە هەستیارەدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و مەسەلەکانی پێوەندیداریی، بۆ هەر یەک لە وڵاتانی ناوچە بەتایبەتی ئێران و تورکیە گرنگییەکی زۆری هەیە و وێڕای جیاوازیی قووڵیان لە هەندێ بواردا، هەر کامیان بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆی هەیە. سەردانی سەرلەشکر باقری، ناکرێ هەروا لەناکاو بێت، بەڵکوو پێشتر زەمینەسازی بۆ کراوە. ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە بەتایبەتی دۆخی سووریا و ئەوەیکە لە کوردستان بە هەموو پارچەکانییەوە لە گۆڕێدایە، ئەوان ناچاردەکات پێکەوە دانیشن وبەرنامەیەکی وا دابڕێژن کە ئەگەر هەموو شتێکیش بە دڵیان نەبێت، لانیکەم زیانی کەمتری بۆیان هەبێت. ئەو دوو وڵاتە کە سنوورێکی دوورودرێژیان لە گەڵ یەکتر هەیە، پێیان وایە کە هاوکارییان دەتوانێ لە بەرژەوەندییاندا بێ و ئەو زیانانەی کە ڕەنگە لە ئەگەری ئاڵوگۆڕی ناوچەکە وەبەریان بکەوێ، لە سەر خۆیان کەمتر بکەن. بۆیە ڕەنگە سەردانی ئاست بەرزتریشیان بۆ ڕێککەوتن و هەماهەنگی باشتر بەدوادا بێ.

**سەلیم زەنجیری**: مەسەلەی سووریە یەکێک لە ناکۆکییەکانیان لەم چەند ساڵەی دواییدا بووە و لە سایەی دەستێوەردان و بەرژەوەندییەکانیاندا، ئەو وڵاتە کاول بووە و خوێنی زۆرە لە بەر ڕۆیشتووە، ئەو نزیکبوونەوەیان دەتوانێ چی بۆ سووریە بە دوای خۆیدا بێنێ؟

مەسەلەی سووریە وێڕای زیانە ئابوورییەکان، جینایەتی زۆر ناخۆشی مرۆیی بە دوای خۆیدا هێناوە و ڕەنگە چەندین ساڵی دیکەش بخایەنێت تاکوو برینەکانی سارێژ بێتەوە. تا ئێستا ڕێژیمی ئێران کە پشتیوانی سەرەکیی مانەوەی بەشار ئەسەد بووە، بەپێچەوانەی تورکیەوە عەمەلی کردووە ، بەڵام ئێستا خەریکە مەسەلەی سووریە گەورەتر دەبێت و ڕەنگە ناچار بە سازش بۆ یەکتری بن.

**سەلیم زەنجیری**: چ خاڵێکە کە ئەو دوو هێزە ناکۆک، بەڵام دژی کوردە لە سەر سووریە لێک نیزیک دەکاتەوە؟

سەرەتا ڕێژیمی ئێران لە سووریەدا یەکەتاز و حزووری بەرچاوی هەبوو. خۆی بە خاوەنی هەموو حەرەکەت و ئاڵوگۆڕێک لەو وڵاتەدا دەزانی، بەڵام دواتر دیتمان کە رووسیە پێی نایە گۆڕەپانی کێشەکانی سووریە و نەخشی یەکەمی لە ئێران وەرگرتەوە. پاشان ئامریکا بە شکڵێکی پڕڕەنگتر هاتە نێو سووریە و چوار سەربازخانە و دوو فرۆکەخانەی نیزامیی کردەوە، هەموو ئەوانە بەشێک لە بەرژەوەندییەکانی ئێران و تورکیە لە مەترسی دەخات، بۆیە بەو دانیشتنانە دەیانهەوێ بە ڕێگاچارەیەک بگەن کە بەرژەوەندییەکانی هەر کامیان دابین و زیانەکانیان کەمتر بێ. چونکە پێشتر چاوەڕوانیان دەکرد دەسەڵاتی یەکەم لە وڵاتەدا بن و دەوری یەکەم بگێڕن، ئێستا دەبینن کە کەم بووەتەوە و دەیانهەوێ لە چوارچێوەی ئەو بەرەو داکشانەدا، مەوقعییەتی خۆیان تا ڕادەیەک بپارێزن.

**سەلیم زەنجیری**: ڕێژیمی ئێران بە ڕواڵەت خۆی بە دۆستی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان دەزانێت، بەپێچەوانەوە تورکیە ئەو دیفاکتۆیەی ڕۆژئاوا بە هەڕەشە بۆ سەر خۆی دەبینێت و هەڕەشەی هێرشکردنە سەر کانتۆنی عەفرین دەکات. ئەو نزیکبوونەوەیان دەتوانێ چ مەترسییەک بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان هەبێت؟

بەشێک لە کوردەکان لە سووریە کە نەخشی سەرەکییان لە شەڕی دژی داعش هەیە، تەنیا پێوەندییان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران نییە، بەڵکوو تا ڕادەیەک رووسیاش پشتیوانیان لێدەکات و هەروەها ئامریکاش هاوکاریی زۆر باشیان دەکات، بەڵام تورکیە ئەو دەسەڵاتەی بە بەستراوەیی پ.ک.ک و مەترسی بۆ سەر خۆی دەزانێت. لە بەرانبەردا ڕێژیمی ئێران کە زۆر کوردی بۆ گرینگ نەبووە، لەو چوارچێوەیەدا کە لە گەڵ سیاسەتی یەک دەگرێتەوە، بێدەنگی لە نارەزایەتیی تورکیە دەکرد، بەڵام بە

هاتنی ئامریکا و هاوکاری بۆ ئەو هێزەی کوردستانی رۆژئاوا، ئێرانیش دەیهەوێ نارەزایەتی دەرببڕێت. بەو واتایەی کە لە دەست ئەو دەرچوو بێت! بۆیە ئەوان دەتوانن لە سەر ئەو خاڵەش یەک بگرنەوە.

**سەلیم زەنجیری:** مەسەلەی ریفراندۆمی باشوری کوردستان خاڵێکی گرینگی دانیشتنیان بووە و وێڕای دەربڕینی دژایەتیان، بەڕێوەچوونی گشتپرسی و ئاکامەکانیشی بە زیانی ناوچە، ئێران، تورکیە و عێراق دەزانن، لە ڕوانگەی جەنابتەوە لێکەوتەکانی چین؟

زۆر سرووشتییە کە لێکەوتەکانی بۆ کورد ئەرێنی، نیشتمانی و نەتەوەیییە. کورد لە مێژساڵە کە قوربانی، خوێن و فیداکاری دەکا کە بە رۆژێکی وا بگات. بەڵام لێکەوتەکانی ریفراندۆم و سەربەخۆیی بۆ ئەو وڵاتانە چی دەبێ؟ ڕەنگە نیگەرانییەکانی تورکیە لەو پێوەندییەدا بە قەد ئێران نەبێت، تەنها نیگەرانی تورکیە مەسەلەی کوردە لە نێوخۆی خۆیدا، دەنا پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە و ڕەنگە بە ئاسانی نەتوانێ چاوپۆشی لەو هەموو بەرژەوەندییە ئابوورییەی خۆی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات، بەڵام چونکە مەسەلەکە پرسی کوردە، ڕەنگە پێی خۆش نەبێت بەو ئاراستەیەدا بڕوات کە کورد بۆ خۆی هەوڵی بۆ دەدات. هەڵبەت لێکەوتەکانی بۆ کۆماری ئیسلامی زیاترن. یەکەم کۆماری ئیسلامی پێی خۆش نییە وڵاتێکی سەربەخۆی کورد لە جیرانەتی ئەو دروست ببێت، ئەویش لە جیرانەتی ئەو بەشە لە ئێران، کە خۆی کوردە و رێژیم مافیان پێشێل و سەرکوتیان دەکا. ئەو لەو دۆخەدا پێی خۆش نییە کورد لە پارچەیەک ئازاد و سەربەخۆ بێ کە کاریگەری ئەرێنی دەکاتە سەر کوردەکانی رۆژهەڵات کە بۆ مافی خۆیان بەرفراوانتر خەبات بکەن. دووهەم، رێژیمی ئێران خۆی بە خاوەنی بەغدا و حکومەتی عێراق دەزانێ، بۆیە ئەگەر بەشێک لەو وڵاتە جیا ببێتەوە، لە ڕاستیدا نفووزی رێژیم لە ناوچە و بەتایبەتی لەو وڵاتەدا کەمتر و کەمڕەنگتر دەبێتەوە. خاڵی سێیەم، رێژیم دەزانێت کە ئەگەر کوردستان سەربەخۆ و دەوڵەتێکی ئازادی هەبێت، دۆستایەتی و پێوەندییەکانی لەگەڵ رۆژئاوا پتر لە وڵاتانی ناوچەکە دەبێت و حزووری ئامریکا لەوەی ئێستا هەیە، زیاتریش دەبێت و ئەوەی ئێران پێی دەڵێت شەیتانی گەورە و ئامریکای دوژمن، لە واقیعدا بە کردەوە دەبنە جیرانی کۆماری ئیسلامی ئێران. بۆیە ئەوانە مەسەلەگەلێکن کە بە زیانی کۆماری ئیسلامین و هەوڵی ئەوە دەدات کە زیانی سەرچاوەگرتوو لە سەربەخۆیی کوردستانی باشوور کەم بکاتەوە، بەڵام چەندە دەتوانێ ئەوەی بکات، ماوەتەوە سەر سیاسەتی ئامریکا و زلهێزەکان، کە ناوچەکە بەرەو چ ئاقارێک دەبەن.

**سەلیم زەنجیری:** ئێران باس لە هەڕەشەی داخستنی سنوور دەکات، ئەمە چەندە دەتوانێ عەمەلی بکات؟

زەرەری داخستنی سنوور دوولایەنەیە، بەڵام بۆ دەسەڵاتێک، زەرەری سیاسی لەگەڵ زەرەری مادی جیاوازە و پتر گرینگی بە بەرژەوەندی سیاسی دەدرێت تا ئابووری. ئەگەر بتوانێ هەردووی پێکەوە دەستەبەر بکات، باشترە. هەموو هەوڵی ئێران ئەوەیە کە کوردستان بە سەربەخۆیی نەگات و دەڵێت نابێ ببێ، ئەوە واتای ئەوەیە کە ئەگەر ببێت ئەوان ناهێڵن.

**سەلیم زەنجیری**: ئەو نەهێشتنە چییە و چۆن دەخوێندرێتەوە؟

ئەگەر مەبەستیان هێرشی نیزامی بێ، ئامریکا ڕایگەیاندووە کە هێرش بۆ سەر کوردستان، هێرشە بۆ سەر ویلایەتێکی ئامریکا. لەو نێوەدا سەرانی حکومەتی عێراق کە مەسەلەکە پێوەندی بەوانەوە هەیە، مولایمتر لە تورکیە و ئێران دەدوێن.

**سەلیم زەنجیری**: پێت وایە بتوانن ئەو هەڕەشەیە عەمەلی بکەن؟

من پێم وانیە بەو ئاسانییە بتوانن.

**سەلیم زەنجیری**: گەر کرا چ ناوێکی لێ دەنێی؟

ئامریکاییەکان دەیانهەوێت لە عێراق و کوردستاندا پایگا و نفووزی زیاتریان هەبێت و هەر ئێستا خەریکی جێ خۆشکردنی زیاتری خۆیانن لە کوردستاندا.

**سەلیم زەنجیری**: لە ئەگەرێکی وادا نابێتە خۆکوژی؟

لەو باوەڕەدا نیم کە بتوانێ ڕاستەوخۆ هێرش بکات، بەڵام ڕەنگە لە ڕێگای دەسەڵات و نفووزێک کە لە عێراق (حەشدی شەعبی و هێزەکانی بەستراوە بە خۆی) هەیەتی، ئەو کارە لە دژی هەرێمی کوردستان بکات و ڕەنگە ڕێژیم داوایەکی لەو چەشنە لە تورکییەش هەبێ کە بە ڕێگای نفووزی خۆی (تورکمەنەکان) لە عێراقدا کێشە بۆ سەربەخۆیی بخوڵقێنێ. هەموو ئەوانە پیلانی ورد و گەورەن کە ڕەنگە وا بە ئاسانی بۆیان دەستەبەر نەبێ.

**سەلیم زەنجیری: نزیکایەتی ئەو دوو وڵاتە داگیرکەرەی کورد چ کاریگەرییەکی لە سەر شۆڕشی کورد لە ڕۆژهەڵات و لە باکوری کوردستان دەبێت؟**

یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو دانیشتنەو هی دواتریش، بەگشتی ڕووی لە مەسەلەی کوردە. ئەگەر لە باشوور پێوەندی بە مەسەلەی ڕێفراندۆمەوە هەبێت، لە ڕۆژهەڵات و باکووریشدا دەیانەوێت خەباتی کورد لاواز و لەباری بەرن. بەڵام هاوکاریی و چالاکییان لە بواری نیزامی و ئەمنییەتیدا، هەمووی سەرچاوە لەو نیگەرانییانە دەگرێ کە بەنیسبەت جووڵانەوەی کوردیان هەیە. دەزانن کە ڕەوشی تورکیە لە نێوخۆیدا لەبار نیە و پێوەندییەکانی لەگەڵ دونیای دەرەوە بەتایبەت ئوروووپادا باش نییە، کۆماری ئیسلامیش لە نێوخۆیدا کێشەی یەکجار زۆری هەیە و لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەش ناکۆکە. سووریەش لە وەزعێکدایە کە هەموومان دەبینین. عێراقیش نە سەقامگیرە و نە دەسەڵاتێکی سەربەخۆی هەیە، بۆیە بەو

دۆخە شلەژاوەی هەر چوار وڵاتی زاڵ بە سەر کوردستان و پێشێلکەری مافی کوردانـدا، دەبینـین کە بە پێچەوانەوە کورد، لە نێـو دونیـای دەرەوەدا خۆیـان وەکـوو هێزێکـی دژی تیـرۆر و تۆقانـدن دەرخستووە و جـاران ئەگەر دوژمنەکانمـان کوردیـان بە خراپ دەناساند، ئێستا کورد بە کردەوە خۆی ناساندووە و مەسەلەی کورد لە ڕادەی جیهانیدا ڕەنگ و ڕوویەکـی دیکەی هەیە کە پێشتـر نەیبـووە. بـۆیە مەوقعییەتـی خراپـی ئەو وڵاتـانە و مەوقعییەتـی لەبـارتری کـورد، پێشێلکەرانی مـافی کوردیـان هێنـاوەتە سـەر ئەو بـاوەڕەی کە بەرەڤـاژی جیـاوازی بۆچـوون و دژایەتیـان لەگەڵ یەکتـر، لە سـەر مەسـەلە گرینـگ و هاوبەشەکانی ناوچە دەست بدەنە یەکتر و بتوانن زیانی ئەو شتە لە ڕوانگەی خۆیانەوە کەم بکەنەوە.

**سەلیم زەنجیری**: لەوەها بارودۆخێک دا ئەرکی کوردەکان چییە؟

زۆر ئاسانە، دەبـێ کورد حـاڵی بـێ کە ئەگەر هەنـدێ جیـاوازی بۆچوونیـان لە شێوەی خەبـاتـدا هەبـێ، دەبـێ لە هەر چوار پارچەی کوردستان پتر لە جاران، هاودڵ، هەماهەنگ و هاوکاری یەکتر بکەن. وڵاتێک کە سەرکوتکەر و پێشێلکاری مـافی کوردی خۆیەتی، ناتوانێ ببێتە دۆستی پارچەکانی تر. گەر وا دەنوێنن، دەبێ بزانین کە ڕواڵەتییە. چوونکە ڕۆژی خۆی کە دێتە سەر چارەنووسی کورد، هەموویان وەکوو یەک بەرخورد لە گەڵ پرسی کورد دەکەن.

کۆماری ئیسلامی چەندە دژی کوردە لە ڕۆژهەڵات، ئەوەندەش دژی کـوردە لە پارچـەکـانی تـر. کاتێـک کـورد باسـی مـافی خـۆی یان ریفراندۆم بۆ سـەربەخۆیی و مـافی چارەنووس دەکـات، ئێران زیـاتر لە هەموویـان دژایەتـی دەکـات. مەسـەلەی ئەسـاسی ئەوەیە داگیرکەران و پێشێلکەرانی مافی کورد لە دۆخێکدان کە بزانن کورد گەیشتووەتە جێگـایەک و دەیەوێت بەوە بگـات کە هەوڵی بۆ داوە، هەموویـان دەست دەدەنە دەستی یەک و بە لێکهاڵانی ئاوا و هاوکاری یەکتر، لە دژی کورد دەوەستنەوە.

**سەلیم زەنجیری**: بە سەرنجدان بەو هەڕەشە و لێک نزیکبوونەوەی ئەو هێـزانە و بە گونجـاونەزانینی کـاتی بەڕێوەچوونی ریفراندۆم لەلایەن هەندێ وڵات و لایەنەوە، ئایا دروستە کە کورد پاشەکشە یان کاتەکەی وەدوا بخەن؟

من بە هیچ شێوە بە ڕەوا نازانم کە پاشەکشە بکەن و هیوادارم کە کارێکی لەو شێوەیەش نەکەن لە بەر دوو هۆکـار: یەکەم، ئەو دەسـەڵاتەی کە ئێسـتا لە باشـوور هەیە، کـاتی خـۆی ئێـران و تـورکییە لە دژی بـوون و هێزیـان لە خـاکی باشـووری کوردستاندا جێگیر کرد، بەڵام دواتر کە بـوو بە واقیع و عەمەلی، ناچار بـوون بە شێوەیەک تەعـامولی لەگەڵ بکەن. بـۆ سەربەخۆییش هەر وایە، ئێستا ناتوانن بڵێن کە موافیقین، بەڵام کە کورد سـەربەخۆیی خۆی ڕاگەیانـد ئەو کـات ناچـارن بە جورێک تەعامولی لەگەڵ بکەن.

دووەم، ئەوانەی کە دەڵێن نا و کاتی نییە، با بە کورد بڵێن کە کاتی باش کەیە و چەندی ماوە؟ ئەگەر وەدوا بکەوێ بۆ

ئەو کاتەی کە ئەوان پێیان گونجاوە، چ زەمانەتێکیان هەیە؟ من پێم وایە کاتەکە زۆر گونجاوە، چونکە دۆخی هەر چوار وڵاتی زاڵ بە سەر کوردستان لە ئاستی نێوخۆ و دەرەوەدا شپرزەتر لە جارانە. لە بەرانبەردا کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا دۆخێکی بۆ هاتووەتە پێشێ کە لە بیروڕای گشتی دونیادا جێگایەکی تایبەتیان هەیە و لە نێوخۆشدا لە سەر مافەکانیان پێداگرن. تەنیا ماوەتەوە کە لە نێوخۆیاندا یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بن، ئەگەر ئەمە بکرێت، لە ئەگەری هەر هێرش یان هاندانی هێزی دیکە بۆ هێرشکردنە سەریان، جیهان بێدەنگ نابێ. بە بڕوای من ئەو ریفراندۆمە دەنگی بەڵێ دێنێ.

ئەوانەش کە لەو دۆخەدا نەخێر بە سەربەخۆیی دەڵێن، دەبێ روونی بکەنەوە کە بەڵێ بە چی دەڵێن؟ بە دەسەڵاتی بەغدا پاش ئەنفال و کیمیاباران و ئەو هەموو گرتن و غەدرەی سەدان ساڵە، یان چی...!؟ ئەگەر کورد ئەمجارە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی و ریفراندۆم نەدات، لە مێژوودا جێگایەکی باش بۆ خۆی تەرخان ناکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## حەسەن شەرەفی: وڵاتانی ئیقلیمی لە دۆخێکی لەباردا نین، کە بتوانن بڕیار بەسەر هەرێمدا بدەن



**کارزان سەباح هەورامی**

(حەسەن شەرەفی)، جێگری سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت، وەک حزبەکەیان پشتگیری لە ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان دەکەن. دەشڵێت، وڵاتانی ئیقلیمی، خۆیان لە دۆخێکی لەباردا نین، کە بڕیار بەسەر هەرێمی کوردستاندا بدەن.

ئێستا هەرێمی کوردستان خۆی بۆ سازدانی ڕیفراندۆم ئامادە دەکات، پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە دانیشتنی بەردەوامدان و بڕیارە بەم نیزیکانە کۆمیتەیەک لە پارتە سیاسییەکان بۆ سازدانی ڕیفراندۆم پێک بێت، سەبارەت بەم پرسە، (حەسەن شەرەفی)، جێگری سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت: "ئێمە ڕاپرسی یان ڕیفراندۆم لە باشووری کوردستان لە پێناوی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، بە مافی خەڵکی باشووری کوردستان دەزانین و پشتیوانی لە داخوازییەکانیان دەکەین. ئەوانیش، خۆیان باش لەوە تێدەگەن کە کاتی ڕیفراندۆم هاتووە یان نا. مەبەست لەوەیە کە کاتەکەی گونجاوە یان گونجاو نییە. ئەگەر لە پێناوی یەکلاکردنەوەی گرفتەکانی کوردستاندا بێت، بێگومان پێشتر لەو بارەیەوە هەڵسەنگاندن کراوە، بۆچوون و ڕای وڵاتانی دەرەوە و واقعی هەرێمی کوردستانیان لێک داوەتەوە و سەرەڕای ئەوەی ناکۆکی و چەندبەرەیی لەنێوانیاندا هەبێت، بەڵام ڕەنگە وایان بەباش زانیبێت، لەسەر پرسە نەتەوەییەکان بۆچوونەکانیان یەک بخەن، ئێمەش

پێمان وایە، هەرکاتێک خوشک و براکانمان لەسەر ڕیفراندۆم بڕیار بدەن، دەبێ پشتیوانیی لێ بکرێت و ئێمە پشتوانییان لێ دەکەین و مافێکی ڕەوای خۆیانە."

سەبارەت بە دەرفەتی ڕیفراندۆم کە ئێستا گونجاوە، بەتایبەت کە هەلومەرجی نێودەوڵەتی و ناوچەکە وای لێ دەخوێندرێتەوە، کە ئێستا بۆ ڕیفراندۆم تەوقیتێکی گونجاو بێت، (حەسەن شەرەفی) دەڵێت: "دەبێ لەسەر هەلومەرجی نێودەوڵەتی هەڵوەستە بکرێت، چونکە ئەو پرسە ئەوەندەی پێوەندیی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە، ئەوەندە پێوەندیی بە وڵاتانی هەرێمییەوە نییە، بۆیە کاتێک ئەوان بڕیاری خۆیان بدەن، ئەوکاتە هەڵوێستەکان ڕوون دەبنەوە، کە چەند وڵات لەگەڵیدان و چەند وڵات لەگەڵیدا نین، چونکە تا ئێستا ڕیفراندۆم نەچووەتە هەنگاوی پراکتیکییەوە، بۆیە چاوەڕوانین، کە هەڵوێستی وڵاتان لەو بارەیەوە ڕوون ببنەوە و هەندێک وڵاتیش بۆچوونی فەرمیی خۆیان دەربڕن، تا ئەوکاتەی کوردستان بڕیاری خۆی دەدات، چونکە ئەوان چاوەڕوانی هەڵوێستی هەرێمی کوردستانن، بەڵام کاتێک پرسەکە کرا و کرایە پراکتیکی، ئەوکاتە ئەوانەی پشتیوانی لەو پرسە دەکەن، بە ڕاشکاوی قسەی خۆیان دەکەن."

دەربارەی ئەوەی کە ئاخۆ دۆخی سیاسی و ئەمنیی ئەو وڵاتە دراوسێیانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، هاوکار دەبێت بۆ سازدانی ئەم هەنگاوەی هەرێمی کوردستان؟ (حەسەن شەرەفی) باوەڕی وایە: "بەڕێوەبردنی ڕیفراندۆم مانای ئەوە نییە، ڕاستەوخۆ سەربەخۆیی ڕادەگەیەنرێت و، لانی کەم پشتیوانیی خەڵکی کوردستان بۆ داوایەکی لەو شێوەیە هەیە، چونکە ئەوەی داوا کراوە، داواکاریی خەڵکی کوردستانە. بەڵام وڵاتەکان، ئەوانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، قەت پێیان خۆش نییە کورد لە وڵاتی خۆیدا خاوەنی مافی خۆی بێت، نەک لە خاکی خۆیشیدا، بەڵکو لە خاکی وڵاتانی دیکەشدا خاوەنی کیانی کوردیی خۆی بێت، بەڵام بەشێکیان لە دۆخێکی لەباردا نین، تا بڕیار بەسەر هەرێمی کوردستاندا بدەن؛ بۆ نموونە، سووریا ئەو سووریایەی جاران نییە، کە وەزیری دەرەوەی بەئاشکرا بچێتە ئێران و تورکیا و عێراق و بڕیار بدات، سووریا، بۆخۆی لە دۆخێکی خراپدایە و ناتوانێت بەجیددی بەربەست بێت. لەم لاشەوە دەوڵەتی عێراق، کە پرسەکە لای ئەوە، دۆخێکی لەباری نییە، دەسەڵاتی لەدەست خۆیدا نییە، کاریگەریی وڵاتانی دراوسێی لەسەرە، تا بتوانێت بە ئیرادەی خۆی بڕیار بدات. ئێرانیش گرفتی خۆی هەیە، بەتایبەتی لەنێوخۆ و لە دەرەوەشدا، لە وڵاتانی سووریا و عێراق و دەوروبەر، خۆی وەها بڵاو کردووەتەوە، کە خۆی پێ کۆناکرێتەوە و ناتوانێت کارێکی جیددی بکات. تورکیاش ئێستا زیندانەکانی پڕن لە نەیاری نێوخۆی، دۆخە سیاسییەکەی خراپە، واتە دراوسێکانی کورد ناتوانن بڕیاری جیددی بدەن. بەپێچەوانەوە، کوردستان بە واقعی وەک هێزێکی دیموکرات و تەبا لەپاڵ نەتەوەکاندا خۆی دەرخستووە کە لەدژی تیرۆر شەڕ دەکات و، ئەمانە خاڵی بەهێزی گەلی کوردستانن، بەڵام پشتیوانی ڕاستەقینەی کورد، هێزی پێشمەرگەی کوردستانە."

جێگری سکرتێری گشتیی حدکا دەربارەی ئەوەی کە لە دۆخێکی وادا دەبێ ئەرکی حزب و لایەنە کوردستانییەکان چی بێت و چۆن پشتیوانی لەو هەوڵەی ئەم پارچەیەی کوردستان بکەن؟ گوتی: "هەرحزبێک، خۆی هەڵوێستی خۆی دیاری دەکات، ئەگەر حزبێک ڕێز بۆ ئیرادەی خوشک و براکانی خۆی لە پارچەیەکی دیکەی کوردستان دابنێت، دەستوەردان نەکات و گرفتاریی بۆ دروست نەکات، دەبێ تەنیا ڕێز لە ئیرادەی خەڵکەکەی بگرێت، ئەگەر لەلایەن خەڵکی پارچەیەکی دیکەی کوردستانەوە ئەرکێکی خرایە سەرشانی، دەبێ ئەو ئەرکە بەجێ بێنێت، تا خەڵکی ئەو پارچەیەی کوردستان مافەکانی بەدەست بێنێت."

(حەسەن شەرەفی) ڕوونی کردەوە: "هەڵوێستی حزبی دیموکرات ئەوەیە کە پشتیوانی لە خوشک و براکانمان بکەین لە پارچەکانی دیکەی کوردستان، هاوکات دەست لە کاروباری پارچەکانی دیکەی کوردستان وەرنەدەین. چونکە هەرپارچەیەک خسووسییەتی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام بەگشتی پێمان وایە، هەرهێزێکی کوردستان، بە هەردەلیلێک ناچار بێت بە پشتیوانی، یان پێوەندیی لەگەڵ دەسەڵاتێکی داگیرکەری کوردستان هەبێت، نابێ ئەوەندە بچێتە پێشەوە، کە نەتوانێت بگەڕێتەوە و، ناکرێ کارێک بکات، کە بە زیانی ئەو پارچەی دیکەی کوردستان بشێکێتەوە."

سەرچاوە: ماڵپەڕی پارتی دیموکراتی کوردستان - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## وتووێژی کەیهانی لەندەن لەگەڵ کاک حەسەن شەرەفی



**بیژن فەرهوودی**

**وەرگێرانی لە فارسییەوە: رەشید زەرواوی**

**بیژەن فەرهوودی لە بەشی فارسی کەیهانی لەندن بە بۆنەی پەیامی نەورۆزی بەرێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە وتووێژێکی لەگەڵ بەرێز حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتی پێک هێناوە.**

**بیژن فەرهوودی**: لە لەندەنەوە سڵاوم هەیە بۆ ئێوە بەرێز حەسەن شەرەفی "جێگری سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و گوتەبێژی ئەو حیزبە" لە کوردستانی عێراق.

**حەسەن شەرەفی**: سوپاستان دەکەم، سڵاو بۆ ئێوەش بەرێز فەرهوودی و هەموو ئەو کەسانەی کە چاو لەم وتووێژە دەکەن و یان دەیخوێننەوە.

**بیژن فەرهوودی**: بەرێز شەرەفی، جەنابی مستەفا هیجری سکرتێری گشتی حیزب لە پەیامی نەورۆزی خۆیدا داوای لە گەنجانی کورد کردووە پەیوەست بە ڕێزەکانی پێشمەرگەوە ببن و گوتوویانە کە ئەمساڵ خەباتی شاخ و شارەکانی کوردستانی ئێران پێکەوە گرێ دەدەن. ئەمە یەکەم جارە پاش ساڵانێک کە سکرتێری گشتی داوایەکی لەو جۆرە

دەنێتەگۆڕێ، ئایا دەبێ ئەم پەیامەی بەڕێز هیجری وەک ڕاگەیاندنی سەرلەنوێی خەباتی چەکداری لە دژی کۆماری ئیسلامی چاوی لێ بکەین؟

**حەسەن شەرەفی**: وەک هەموو ساڵێک و لە نەورۆز و دەستپێکی ساڵی نوێ دا، پەیامی نەورۆزی لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە و لە لایەن سکرتێری گشتی حیزبەوە بە ئاگاداری خەڵک دەگات وێرای پیرۆزبایی ساڵی نوێ. پەیامەکەی ئەمساڵیش لە شاخەکانی سەرسنووری کوردستانی ئێران و حکوومەتی هەرێمی کوردستان و لە کەش و هەوایەکی خۆش و ڕێورەسمی نەورۆزدا خوێندرایەوە. لەراستی دا ئەم پەیامە نە بە واتایی ڕاگەیاندنی شەڕە و نە ڕاگیەاندنی هێندێک پرسی تر کە هەرکەسێک لە گۆشە نیگای خۆیەوە لێکی بداتەوە. زۆر ڕوون و ئاشکرایە. مەبەست لەو پەیامە ئەوە بووە کە بە حزووری ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزب لە نێوخۆی وڵات، لە کوردستانی ئێران، خەباتەکەمان پڕ ڕەنگتر لە ڕابردوو بکەین، پەرە بە پێوەندییەکانمان لەگەڵ خەڵکی ناوخۆ بدەین و لە ئاکامدا خەباتەکەمان لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران پتر جەماوەری و بەربڵاوتر بکەین.

**بێژن فەرهوودی**: کەواتە ئەم داواکارییەی بەرێز مستەفا هیجری بۆ لاوان کە دەڵێ پەیوەست بە ریزەکانی پێشمەرگەوە ببن، داواکارییەکی نوێ نییە و لە ساڵانی ڕابردووش داوایەکی لەو چەشنەتان کردووە؟

**حەسەن شەرەفی**: لە ساڵانی ڕابردووش ئەم داواکارییە هەبووە هەرچەند لە ماوەی چوار پێنج ساڵی ڕابردوو نەبووە، بەڵام لە راستی دا هەرچەند ریزەکانی پێشمەرگەی حیزب، چالاکانی حیزب بەربڵاوتر بێ و ژمارەیەکی زیاتر لە لاوانی کورد و یان هەر ئێرانییەک لەهەر نەتەوەیەکیتر پەیوەست بە ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ببێ، بەرنامە و خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران شکڵێکی نوێ و بەربڵاوتر بە خۆیەوە دەگرێ و ئەم پەیام و داواکاریەی حیزب لەمەڕ پەیوەست بوون بە ڕێزکانییەوە، لە راستایی هەمان بەرینترکردنەوەی خەباتە لە دژی کۆماری ئیسلامی و لە راستای تۆختر کردنەوەی بوونی چالاکانی حیزب لە نێوخۆ و لە نێوان چین و توێژە جیاجیاکانی خەڵکی کورد لە نێوخۆی کوردستان دەبێ.

**بێژن فەرهوودی**: بەڵام لە ڕابردوودا بەرێز هیجری داوای لە لاوەکان دەکرد خۆیان ئامادە بکەن،گەشە بە خۆیان بدەن تا لە کاتی پێویست دا لە خزمەتی خەبات دابن، بەڵام ئێستا بە کردەوە داوایان لێ دەکات کە بێن و پەیوەست بە ریزەکانی پێشمەرگەوە ببن، ئایا پێتان وانییە شێوازی دەربرینی ئەم پەیامە کەمێک جیاوازترە؟

**حەسەن شەرەفی**: پێتان دەڵێم کە گۆڕانکارییەکە هێندە بەرچاو نییە،لەبەر ئەوەی کاتێک بە لاوان پێشنیار دەکرێ کە

خۆیان پێگەیەنن، پەرە بە تواناکانیان بدەن لە نێوخۆی وڵات و بۆ ڕۆژێک کە پێویست بێ، ئەمڕۆ لەوانەیە ئەم پێویستییە بۆ حەزووری بەرچاوی تێکۆشەران و چالاکانی حیزب بە پەیوەست بوونی لاوان بە ریزەکانی حیزبی دێموکراتەوە زێدەتر بووبێ و هەرجۆرە خەباتێک و بەرینترکردنەوەی ئەو خەباتە پێویستی بە حزووری زیاتری لاوان و چالاکانێک هەیە کە دەیانهەوێ لە ڕێگای دێموکراتیزە بوونی ئێران و دابین کردنی مافی نەتەوەکانی ئێران و لەناوبردنی هەڵاواردن و جێگیرکردنی سیستمێک کە بتوانێ عەدالەت و یەکسانی لە وڵاتی ئێمە دابین بکات.

**بیژن فەرهوودی**: ئێوە لە ئەم گرێدانی خەباتی "شاخ و شار"ە و یەک دەست کردنەی خەبات چۆن دەڕوانن. ئایا لە ڕابردوودا بەو شێوەیە نەبووە؟

**حەسەن شەرەفی**: بۆنا، لە ڕاستی دا ئەو بەشە لە هێزەکان کە بۆ کۆماری ئیسلامی ناسراون، بە شوێنیانەوە بوون، زیندانی کراون و ئەمانە کە بە هۆی نەبوونی دەرفەتی حزووری ئاشکرا لە نێوخۆی وڵات بۆ خەبات و تێکۆشان ڕوویان لە ناوچە سنوورییەکان و نێو حکوومەتی هەرێم و یان بۆ وڵاتانی دیکەی جیهان کردووە، بەڵام تێکۆشەرانێکیش لە نێوخۆی کوردستانی ئێران و تەنانەت لە شارەکانی دیکەی ئێران ئەرکی خۆیان بە نیسبەت بردنە نێوخەڵکی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات و لەقاودانی زوڵم و پێشێلکارییەکانی کۆماری ئیسلامی ئەنجام داوە، لەڕاستیدا هەردوو لایەن بوونیان هەبووە، بەڵام لە دۆخی ئێستادا، هاودەنگی لە نێوان ئەوانەی کە بە ناچاری وڵاتیان جێ هێشتووە و بەتایبەت ئەوانەی لە خاکی حکوومەتی هەرێم گیرساونەوە لەگەڵ ئەو هێزانەی کە لە نێوخۆی کوردستانی ئێران چالاکییان هەیە یان ئامادەی ئەنجامدانی چالاکین، هاودەنگی و هاوکاری لە نێوان ئەمانەدا دەتوانێ ئاکامێکی پۆزۆتیڤی هەبێ و هەر بەو هۆکارەشە کە دەڵێن پێوستە لە نێوان ئەم دوو هێزەی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات هاودەنگی پێک بێت.

**بیژن فەرهوودی**: بەڕێز شەرەفی ژمارەی هێزەکانتان لە نێوخۆی وڵاتی ئێران چەند کەسە؟ دەتوانن ژمارەیەکمان پێ بەن؟

**حەسەن شەرەفی**: لە نێوخۆی وڵات و بە پێی ئەزموونێک کە لە ساڵانی خەبات و تێکۆشان هەمانە و هەڵبژاردنێک کە بە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران نیشانی دا کە پێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، تەنانەت لەیەکم هەڵبژاردنی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی کە ٨٠%ی سەرجەم نوێنەرەکانی پارێزگاکانی ئیلام، کرماشان، کوردستان، ئازەربایەجانی ڕۆژئاوا لە حیزبی ئێمە هەڵبژێردران. لەڕاستی دا ئەمە پێگەی ئێمە نیشان دەدا و لە ڕاستیشدا ئەمڕۆ ئەم پێگەیە کەمی نەکردووە، بەڵام ئەوەی کە ژمارەیەک وەک پێشمەرگە ناوبێنین و ژمارەکەی ڕاگەیەنین، لەمبارەوە و بە هۆکاری ئەمنیەتی داوای لێ بوردن دەکەم.

**بیژن فەرهوودی**: ژمارەی ئەندامانی حیزب چی؟ ئایا بە هۆکاری ئەمنیەتی ناتوانن کە ئاماژە بەوەش بکەن؟

**حەسەن شەرەفی**: زۆر دژوارە. سەرنج بدەن! بێ گومان جەنابت قبووڵی ئەوە دەکەن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ڕێژیمێک نییە لە حیزبێک دا کە ئەو حیزبەی هەڵوەشاوە ڕاگەیاندووە و ئێمەش دروشمی ڕووخانی ئەو ڕێژیمەمان بەرز کردۆتەوە، ژمارەی ئەندامەکانی بە دروستی بزانێ یا خود ئاگاداری شوێن و چۆنیەتی چالاکییەکانی بێ ولەم ڕووەوە ئاماژەدان بەوە جۆرێک دانی زانیارییە کە دەبێتە هۆی دەستگیری و تەنانەت ئەشکەنجە و لە سێدارەدانیش.

**بیژن فەرهوودی**: کاتێک لەگەڵ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت چالاکی بۆ نموونە حیزبێکی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران قسە دەکرێ، بەجۆرێک گاڵتە بەوە دەکەن و دەڵێن کە ئەمانە هەر حیزب نین و ژمارەیان زۆر کەمە، هیندێک جار دەڵێن کە لە چەند سەد کەسێک تێناپەڕن. کاردانەوەتان لەبەرانبەر ئەو قسانە چییە؟

**حەسەن شەرەفی**: ئەم جۆرە دەربڕینانە لە لایەن بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە نەتەنیا بە نیسبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڵکوو بە نیسبەت سەرجەم ئۆپۆزسیۆنەوە دەربڕدەبڕن. کەواتە ئەمە پروپاگەندەیەک زیاتر نییە و ئەگەر بەراستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر ئەو ژمارەیە کە کۆماری ئیسلامی ئێران تەبلیغی بۆ دەکات، ئەو هەموو ترس و لەرزە لەو ژمارەیە و لەو دۆخە لەبەر چییە؟ من دڵنیام کە کۆماری ئیسلامی دەزانێ پێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێوخۆ و لە پێوەندی بە هێزەکانیتری سیاسی ئێرانەوە چەندەیە و لە ڕێگای سازدانی جەبهەیەک یان ڕێکخراوێک لە هێزەکانی دێموکراتیکی ئێران ئەم حیزبە تا چەند کاریگەرە. کەواتە ئەمانە شتێکن کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی نەتەنیا بە نیسبەت پرسی سیاسییەوە بەڵکوو بە نیسبەت پرسگەلێکی کۆمەڵایەتی، ئابووری و ژیانی خەڵکیشەوە دەریدەبڕن، بەڵام بەکردەوە بۆ هەموو خەڵک سەلماوە کە ئەم ئیدەعایانە تەنیا وەهم و خەیاڵە و ئەمەش تەنیا دەتوانێ ماوەیەکی داخراوە بوونی هەبێ و بۆ هەمیشە ناتوانن ڕای گشتی لە خشتە بەرێ.

**بیژن فەرهوودی**: دەگەڕێمەوە سەر پەیامەکەی بەڕێز مستەفا هیجری. ئەوان باسی ئەوەیان کردووە کە پێشمەرگەکانی بۆ نێوخۆی کوردستانی ئێران دەنێرێتەوە، ئەگەر هێرشیان کرایەسەر بێگومان دیفاع ل خۆیان دەکەن. بفەرموون لەبەرچی هێزەکانتان بۆ نێوخۆی وڵات دەنێرنەوە؟

**حەسەن شەرەفی**: من پێشتر وتم کە ئێمە هەموومان لە سکرتێرەوە بگرە تا دەگاتە من و باقی ئەندامانیتر پێشمەرگەین و ناومان پێشمەرگەیە. ئەم دوو هێزە( پێشمەرگە و تەشکیلاتی نێوخۆ) پێکەوە و بە هاوکاری یەکتر حزووری حیزبی دێوکرات لە نێوخۆی خەڵک پڕ ڕەنگتر دەکەن و چالاکی لە نێوان هاوکاری ئەم دوو هێزەدا چڕتر و کاریگەرتر دەکات. کەواتە

پێشمەرگەکان کە ئەگەر ئەندامانی حیزبن هەر لەوێن و ژمارەیەکیش لە دەرەوەی سنوورەکانن بە پێی بەرنامەیەک و دیاریکردنی ئامانجی دیار و بەرچاو بۆ نێوخۆ دەگەڕێنەوە. بەڵام دووپاتی دەکەمەوە کە ئامانجی شەڕ کردن نییە بەڵکوو ئامانج حزوورمانە و هەروەکوو لە پەیامی نەورۆزی حیزب کە لە لایەن سکرتێری گشتییەوە ڕاگەیەندرا، ئەگەر هێزەکانمان لە نێوخۆی وڵات کەوتنە بەر هێرش و پەلاماری هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی،بێ گومان مافی پارێزگاری و بەرەنگاری بۆ خۆیان بە ڕەوا دەزانن.

**بێژن فەرهوودی**: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵانی پێشووتردا دروشمی "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان"ی هەڵگرتبوو. ئایا ئێوە ئێستاش بە شوێن ئەم ئامانجەوەن؟ یان پاش ئەوەی کە لە نێو حیزب دا ئینشەعاب رووی دا و ئێستا لایەنێکیتریش وجودی هەیە، ئێستا ئێوە خاڵی جیاوازتان لەگەڵ ئەو لایەنە چییە؟

**حەسەن شەرەفی**: دروشمی بنەڕەتی و ستراتیژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دابین کردنی دێموکراسی بۆ هەموو ئێران و وەدی هێنانی مافی نەتەوەیی بۆ هەموو گەلانی ئێران و یەک لەوان میللەتی کوردە. بەو پێیە و لەم دروشمەدا گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ رووی نەداوە، ئەوە نەبێ لە خودموختارییەوە بۆتە فیدراڵی. ئەوەش بۆ ئەوەیە نیشانی بدەین کە مافێک بۆ خۆمانی بە ڕەوا دەزانین بۆ نەتەوەکانیتری وەک ئازەرییەکان، بلووچەکان، عەرەبەکان و یان تورکمەنەکانیش بە رەوای دەزانین. کەواتە دروشمی ئێمە دێموکراسی بۆ ئێران و وەدیهاتنی مافی نەتەوەیی بۆ نەتەوەکانی ئێرانە، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ئێمە دڵنیاین بەبێ بوونی دێموکراسی لە ئێران، مافی نەتەوەکان وەدی نایات و ئەگەریش بە ڕەواڵەت هەبێ، ماندگار نابێ مەگەر لە حاڵەتێکدا لە ئێران دێموکراسی بوونی هەبێ. لە بەرانبەر ئەمەشدا دەتوانین بڵێین کە هیچ جۆرە دێموکراسییەک ناتوانێ تەواو و واقعی بێ ئەگەر مافی نەتەوەکانی ئێران، مافی کەمایەتییە ئایینی و مەزهەبییەکان و مافی ژنان و بەرابەری ژن و پیاو لە کۆمەڵگا و بنەماڵەدا لەبەرچاو نەگرێ و ڕێزی بۆ دانەنێ. کەواتە ئەمانە تەواوکەری یەکترن، نە دێموکراسی بە بێ ئەمانە دێموکراسییەکی واقعی و تەواو دەبێ و نە وەدی هێنانی ئەم مافانە و ئەم یەکسانییە بەبێ وەدی هێنانی دێموکراسی بەتەنیا دەتوانێ بەدەست بێت و ئەگەریش بەدەست بێ ناتوانێ ماندگار بێ.

**بێژن فەرهوودی**: دەستەواژەی "ملت" داییم بۆتە هۆی کێشە لە نێوان ڕێکخراوگەلی جۆربەجۆری سیاسی لە نێوخۆی ئێران، تەنانەت کەسانێک کە دژی کۆماری ئیسلامی ئێرانن کاتێک گوێیان لەم وشەی نەتەوەکان (ملیتها) دەبێ، ئەوەی کە بۆ نموونە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پشتی پێ بەستووە، کەمێک دوور دەکەونەوە و دەڵێن کە ئەمانە بە نیازن لە داهاتوودا، بۆ نموونە دە ساڵ یان پازدە ساڵیتر کوردستان جیا بکەنەوە، چونکە ئەمانە خۆیان بە نەتەوە دەزانن لە کاتێک دا ئەمانە قەومێکن و لە قەومەکانی ئێرانین. ئێوە ئامادەن بە جۆرێک ئەم باسە لە نێوان خۆتان و هێزەکانیتر دا چارەسەر بکەن و کەڵک لە وشەی "قومیتها" لە جێگای "ملیتها" وەر بگرن؟

**حەسەن شەرەفی**: دیارە ئەگەر مافی نەتەوە(ملت) زیاتر بێ. لەبەرنابەردا مافی قەوم کەمترە. ئەمەش قبووڵ ناکەن، نە کوردەکان و نە هیچکام لە هاووڵاتیانی ئێرانی قبووڵی ناکەن. جگە لەوەش من ئەمە بەراست نازانم کە هەموو ئەو کەسانەی دژی کۆماری ئیسلامین، دژی ئەم دەستەواژەیەش بن. من لەگەڵ هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی کە دانیشتنم بووە بەرهەڵستکارییەکی ئەوتۆم نەبینیەوە، ئەگەر لە سەرەتاوە ئەمە هەبوو ئێستا زۆر کەمرەنگە و تەنانەت لە نێوان هێندێک لە ڕێکخراوەکان ئەم حەساسییەتە بە تەواوی لە ناو چووە. تەنانەت ئەوەش کە هێندێک لە هێزە سیاسییەکانی ئێرانی ئەم باسە دەکەن، من بڕوام وایە کە بە زیانی یەک پارچەیی ئێرانە، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ئەم ژمارەیە کە هەم دژبەری کۆماری ئیسلامی ئێرانن و هەم دژی ئەم دەستەواژەیەن، دەیانهەوێ بڵێن کە تا ئەو کاتەی ئێوە لە چوارچێوەی ئێران دا بن، قەومن و ئەگەر وەک بەحرەین ڕۆیشتن و جیابوونەوە و هەر بەو ڕێژە کەمە جەماوەرییەوە دەبنە میللەت و ئێمەش بە شانازییەوە پێتان دەڵێین" میللەت". ئێمە لەبەرچی کوردەکانی عێراق بە نەتەوە دەزانین، کوردەکانی تورکیا بە نەتەوە دەزانین، کوردەکانی سووریاش بە نەتەوە دەزانین بەڵام لە وڵاتی خۆمان واناڵێین. تەنانەت کۆماری ئیسلامی هێندێک جار وا نیشان دەدات کە یارمەتی کوردەکانی عێراق دەدات، یارمەتی کوردەکانی تورکیا دەدات، یارمەتی کوردەکانی سوریا دەدات لە کاتێکدا خواستەکانی کوردەکانی پارچەکانیتری کوردستان هەر ئەو خواستانەن کە کوردەکانی ئێران داوای دەکەن. لەبەر ئەوە من باوەڕم وایە کە تەنانەت ئەو پشتیوانییە زاهیرییەی کۆماری ئیسلامی لە پارچەکانیتری کوردستان دەکات بۆ فریودانی ڕای گشتییە. من ئەمە بە روونی دەڵێم کە دروشمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ دابینکردنی مافی کوردەکان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکە و ئێمە لە دەوری ئەم دروشمە خەبات دەکەین و بۆ بەکردەیی کردنی ئەم دروشمە و نزیکردنەوەی هزر و بیرمان بۆ چۆنیەتی چارەسەری مافی نەتەوەکانیش ئامادەین و پێشتریش زۆر بە زیادەوە لەگەڵ لایەنە جیاوازەکان دانیشتووین و موزاکەرەمان کردووە و لە داهاتووشدا ئەم دانوستان و موزاکرانە درێژە پێ دەدەین بە هیوای ئەوەی بتوانین ئێتلافێکی یەکدەست لەو هێزانەی کە بەراستی هێزی دێموکراتی ئێرانین، لەو هێزانەی کە خوازیاری کۆتایی هێنان بە هەڵاواردن و خوازیاری عەداڵەت لە ئێرانن، بتوانین پێک بێنین.

**بیژن فەرهوودی**: بەڕێز شەرەفی ئایا باوەرتان بەو سناریۆیە هەیە کە لە داهاتوویەکی دووردا ئیمکانی ئەوە هەبێ وڵاتێکی سەربەخۆی کوردستانی پێکهاتوو لە هەموو پارچەکانی کوردستان پێک بێت؟

**حەسەن شەرەفی**: بڕوانن، لەوانەیە لە رووی ئاوات و ئارەزووەوە بۆ زۆر کەس ئاوات و هیوا بێ. لەوانەشە ئەگەر ڕۆژێک کوردەکان بیانهەوێ هەموویان لە وڵاتێکدا و لە چوارچێوەیەکدا پێکەوە بژین، شتێکی نابەجێ نییە. لەوانەشە بۆ ئەوانە شتێکی زۆر باشیش بێ بەڵام سەیر بکەن کاتێک کەسێک کاری سیاسی دەکات و پرسی سیاسی لێک ئەداتەوە و خواستەکانی لە چوارچێوەی دروشمی سیاسی خۆیان بەدواداچوونیان بۆ دەکەن، کاتێک راستییەکان دەبینی چ پرسە نێونەتەوەییەکان و چ ناوچەیی، لە ئێستادا شتێکی لەو بابەتە لە مێشکی کوردەکانی تورکیا، سووریا، عێراق و تەنانەت ئێمەش لە ئێران کە بۆ

سەقامگیری دێموکراسی و وەدی هێنانی مافەکانمان لەو چوارچێوەیەدا خەبات دەکەین، نییە. ئێمەش ئیدەعایەکی لەو چەشنەمان لە هیچ حیزبێکی سیاسی نەبیستووە و ئەگەر هەشبێ گوناحی کەبیرە نییە. بەڵام ئێمە نەمانبیستوە هێچ حیزبێکی کاریگەر لە هیچکام لە بەشەکانی کوردستان چ سووریا، چ تووركیا و چ عێراق و ئێران ، حیزبێکی جەماوەری و بە نفووز و کاریگەری بەرچاو دروشمێکی لەو جۆرەی دابێ.

**بێژن فەرهوودی**: لە سووریا حیزبێکی کوردی هەیە، حیزبی یەکیەتی دێموکراتیک کە خوازیاری دامەزرانی سیستمی فیدراڵی لە سووریا بووە و تەنانەت ڕاشی گەیاندووە. هەڵبەت ئەمە لەگەڵ کاردانەوە و ڕەخنەی هێزەکانی ناوچە ڕووبەڕوو بۆتەوە. ڕێژیمی سووریاش ئەوەی مەحکووم کردووە. لایەنەکانیتریش کە هاوکاری ڕێژیمی سووریان مەحکوومیان کردووە و دەڵێن کە بە تەنیا یەک لایەن ناتوانێ سیستمی وڵات دیاری بکات و بڵێ کە پێویستە چۆن چۆنی بێ.

**حەسەن شەرەفی**: سەیر بکەن ئەگەر ئەم هێزەی کوردەکان لە سووریا لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی دێموکراتیکی سووریا و لەگەڵ باقی هێزەکانیتر جۆرێک هاوکاریان هەبێ و پێکەوە هاودەنگیان لەسەر داهاتووی سووریا هەبێ، کارێکی ئێجگار باشە. بەڵام کاتێک بەشار ئەسەد هێرش دەکات یان سیستمی فیدراڵی لەو شێوە قبووڵ ناکات، قابیلی تێگەیشتنە چونکە ئەو حکوومەتی تەواوی سووریا دەوێ و بە شێوەی دیکتاتۆری کە تا ئێستا کاری کردووە، کار دەکات. بەڵام ئەگەر ئۆپۆزسیۆنی سووریاش دیان بە کوردەکان و مافەکانیان نەنێت، بۆ کوردەکان جیاوازی نییە چ ئۆپۆزسیۆنێک کە ئینکاری مافەکانیان بکات و چ ڕێژیمێک کە مافەکانیان ئینکار دەکات. کەواتە کاتێک کوردەکان بیانهەوێ بۆ وەدی هێنانی مافەکانی خۆیان خەبات بکەن، بە تەنیا سەیری ئەوە ناکەن کە ئەمە حکوومەتە یان ئەوە ئۆپۆزسیۆنە. پێویستە سەیری ئەوە بکەن کە ڕوانگەی حکوومەت بە نیسبەت کوردەکانەوە چییە و ڕوانگەی ئۆپۆزسیۆنی دێموکرات کە ئەگەر بەراستی دێموکرات بێ، بە نیسبەت کوردەکانەوە چۆنە. ئێستا دەڵێن ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ سیستمی فیدرالیزم نییە، باشە بڵێت ئەگەر واقعەن کوردەکان دانیشتووی ئەم وڵاتەن، چۆن چۆنی کۆتایی بە هەڵاواردن دێنن؟ بە چ جۆرێک مافەکانیان دابین دەکرێن؟ بە چ جۆرێک زمانەکەیان بۆ خوێندن و بۆ دەربڕین و بۆ پێشکەوتنی ئەدەب و کولتووریان پێویستە کاری بکەن، باشە با ئەوان پێشنیار بدەن، نە ئەوەی کە پێشنیاری کوردەکان ڕەد بکەنەوە و بۆ خۆشیان هیچ شتێک لە جێگەی ئەوە دانەنێن کە بڵێن بەرێز تۆ ئەو مافەت هەیە و ئەمە ئەنجام مەدە. بەڵام کاتێک بە تەنیا ئینکار دەکەن و دەربڕینی ڕوانگەیەکیتر کە کەمترین مافی کوردەکانی پێوەبێ، ئیتر ئەمە جیاوازی نییە چ بەشار ئەسەد بێ و چ ئۆپۆزسیۆنی بەشار ئەسەد.

**بێژن فەرهوودی**: بەرێز شەرەفی! دەگەڕێینەوە سەر نێوخۆی ئێران. ئەوەی کە لە درووشمەکەتان باسی دەکەن" وەدی هێنانی مافی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیک". باشە کۆماری ئیسلامی لە ڕابردوودا چەندین جار هەوڵی داوە، ئێستا بە شێوەی ڕەواڵەتیش بێت و لەگەڵ کوردەکان بە سازانێک بگات بەڵام دواتر بینیمان کە ئەمە لەڕاستیدا پلانێک بوو بۆ

**تیرۆری ڕێبەرانی کورد، بە بڕوای ئێوە ئایا هیچ ڕێگایەک بوونی هەیە کە کوردەکانی ئێران بتوانن لە داهاتوودا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران بە سازانێک بگەن بەبێ ئەوەی پەنا بۆ شەڕی چەکداری ببرێ؟**

**حەسەن شەرەفی**: ئێمە هەمیشە خەباتی ئاشتیخوازانەمان و داییم ویست و خواستی خۆمان هەر لە یەکەم ڕۆژی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە لەگەڵ ئەو ڕێژیمە باس کردووە. زۆریشمان پێخۆش بوو کە خواستەکانمان بەبێ شەڕ و بەبێ خوێن ڕشتن بەدی بێنین لەبەر ئەوەی ئێمە نە پێمان خۆشە بکوژرێین و نە پێشمان خۆشە کەس بکوژین، دەمانهەوێ وڵاتەکەمان لە ئەمنیەت و اسایشدا بێ، خەڵکەکەی لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان بەشدار بن. بەڵام ئەوە کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە پرسێکی لەو شێوەیە نە تەنیا لە پێوەندی بە کوردەکان و بەتایبەتیش لە بارەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە لەبەر چاو ناگرێ و قبووڵی ناکات، تەنانەت لەگەڵ ڕوانگە گەلێکی ئەگەر نەڵێم دژبەر ، بەڵکوو جیاواز لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامیش لە نێوخۆی تەحەمول ناکات. بۆ مونتەزەری خەباتی چەکداری کردبوو، بۆ مووسەوی،کەرووبی، بنیسەدر و زۆر کەسیتر، ئەوانەی کە لە قەتڵە زنجیرەییەکان گیانیان لێ ئەستاندن، خەباتی چەکداریان کردبوو؟ ئەوان بە قەڵەمەکانیان ، بە زمانیان داخوازیگەلێکیان هەبوو کە لەوانەشە کەمتر لەو خواستانە بوون کە کوردەکان و باقی نەتەوەکانیتری ئێران هەیانە. بەڵام چی بەسەر چارەنووسیان هات. ئەم ڕێژیمە ئەگەر دەرفەت بە خەباتی مەدەنی و ئاشتیخوازانە لە ئێران بدات، بێ گومان هیچ کەسێک پەنای بۆ میکانیزمێکیتر کە لەگەڵ ئاسایش و ئەمنیەت یەکناگرێتەوە، نابات. ئەوە ئینکاری کۆماری ئیسلامییە، ئەوە گوشاری کۆماری ئیسلامییە کە دیاریکردنی چۆنیەتی گرتنەپێشی خەبات بەسەر دژبەرانی دا دەسەپێنێ. ئێستا دژبەرەکانی چ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بێ، چ باقی حیزبە کوردییەکانی کوردستانی ئێران و یان باقی هاووڵاتیانی ئێمە بن کە لە چوارچێوەی ئۆپۆزسیۆنداخەبات دەکەن.

**بیژن فەرهوودی: بە سەرنجدان لە ڕێکەوتنی پرسی ناوەکی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و کە بەرجام پەسەند کرا،کەوتە خانەی جێبەجێکردنەوە، ئایا پێتانوایە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هیچ بە لایەوە گرینگە بۆ نموونە کوردەکانی ئێران چ داخوازییەکیان هەیە و ئایا لەسەر ئەو باوەرن کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ڕۆژێک پشتیوانی لە ئێوە بکات؟.**

**حەسەن شەرەفی**: من بە دوو بەش وڵامی ئەم پرسیارە دەدەمەوە. یەکەم خەباتی ئێمە هەرگیز پشتی بە پشتیوانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی، ڕۆژهەڵاتی و ناوچەیی نەبەستووە و چ پێوەندی پێوە نەبووە، لەبەر ئەوەی ئەوانە بەرژەوەندی خۆیان هەیە و ئێمەش داوای مافەکانی خمان دەکەین و زۆرجاریش لە نێوان بەرژەوەندی ئەوان و داواکارییەکانی ئێمە جیاوازییەک هەبێ کە ئەوەش ناکرێ پشتیوانی هەتا هەتایی بێ. جگە لەوەش، ئێمە دەبینین کە بە دوای بەرجام و ڕێکەوتنێک کە لە نێوان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و وڵاتانی پێنج کۆی یەک کرا، کۆماری ئیسلامی دوو دەرفەتی دەست کەوتووە، دەرفێتێک کە کاتێک دەستی بە برێک لە پووڵەکەی دەگاتەوە، دیارە من دڵنیام کە هەموو ئەو برە پارەیەی پێ نادەنەوە، کەل و پەلی

پێدەفرۆشن، چەکی پێ دەفرۆشن، ئەگەر بڕێکی کەمیش دەستی پێ بگات، نە لە ڕێی باشترکردنی دۆخی ژیانی خەڵکی ئێران و باشترکردنی ژیان سەرفی دەکات بەڵکوو دەیخاتە خزمەتی حیزبوڵای لوبنان، حوسییەکانی یەمەن، جەیشی شەعبی عێراق و پشتیوانی لە بەشار ئەسەد و ئەمانەی پێ دەکات. کەواتە ئێمە ئاگاداری ئەمەهەین و لەم دۆخەشدا چاوەڕوانی ئەوە نین. ئێمە خواستەکانی خۆمان لە پێداگری و درێژەدان بەخەبات بۆ وەدی هێنانی مافەکانمان بە بنەما وەردەگرین بە بێ ئەوەی هیوای زۆرمان بەوە هەبێ کە کێ پشتیوانمان دەکات و کێ نایکات. بەڵام ئەگەر لە حاڵەتێکدا هێزگەلێک هەبن و دێموکرات بن و بەبێ ئەوەی چاوی تەماعیان لەسەر خەباتی ئێمە و بوونی ئێمە لە ناوچەدا هەبێ، ئێمە ئەوە وەک شتێکی ئەرێنی چاوی لێ دکەین بەڵام حیسابی جیددی بۆ ناکەین.

**بیژن فەرهوودی**: بەسەرنجدان بە ناکۆکی نێوان ئێران و عەرەبستان سعوودی، ئایا حکوومەتی ریاز هەرگیز پێشنیاری یارمەتیدانی بە ئێوە کردووە وەک هێزێک بۆ نموونە بیهەوێ کە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی شەڕ بکات؟

**حەسەن شەرەفی**: نە هەگیز پێشنیاری کردووە و نە ئێمەش هەرگیز داواکارییەکی لەو چیشنەمان کردووە.

**بیژن فەرهوودی**: بەرێز شەرەفی، پەیامەکەی بەرێز هیجری بەجۆرێک هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی و خوبرەگانی کۆماری ئیسلامی بە فێڵ و تەڵەکە ناوبردووە و بە چاوبەست کردنی شوبهاندووە و ئاماژە بەوەکراوە کە" یەکێکیتر لە ڕووداوەکان شانۆی هەڵبژاردنی ڕێبەندانی ساڵی ٩٤ی هەتاوی کە ڕێژیم جارێکیتر و پاش هاتوهاوار و تەبلیغاتی بەربڵاو بۆ لە خشتە بردنی ڕای گەشتی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، ژمارەیەک لە مۆرەکانی دیاریکراوی خۆی خزاندۆتە نێو ئەو دوو مەجلیسەوە". بە پێی ئەم قسانەی بەرێز هیجری، ئەو نوێنەرانەی کە ئێستا لە لایەن خەڵکی کوردستان بۆ نوێنەرایەتی لەو دوو ناوەندە هەڵبژێردراون، چۆن لە مانە دەروانی،دەتوانن باس لە کەسایەتی و مێژووی ئەمانە بکەن؟

**حەسەن شەرەفی**: کاتێک ئێمە دروشمی ڕووخانی ڕێژیمان هەڵگرتووە، ئێمە نە دەتوانین بەشداری بکەین و نە دەتوانین نوێنەریش پێشنیار بکەین و نە دەشتوانین دەنگ بدەین، بەو پێیە بەشداری ئێمە لە هەڵبژاردن هیچ واتایەکی نابێ، سەرەڕای ئەوەش کۆماری ئیسلامی حیزبەکەی ئێمەی هەڵوەشاوە ڕاگەیاندووە و ئێمەش هەڵبژاردنمان بایکوت کرد و زۆر بە ڕوونیش باسمان کرد و داواشمان لە خەڵک کرد کە لە هەڵبژاردن بەشداری نەکەن. بەڵام من دەمهەوە بڵێم کە لە ڕاستی دا هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامی بە واتای چییە. نەتەنیا هەڵبژاردن، پاڵێوراوان پێویستە لە فیلتێری کۆماری ئیسلامی تێپەڕن، کاتێک لە فیلتێر هێنایانە دەر و دەنگیان هێنایەوە، پێویستە سوێند بخۆن کە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسامی جێبەجێ بکەن، پەیرەوەی لە دەستووری ڕێبەری بکەن، ئیمانیان بە وەلی فەقیهی هەبێ، ئێمە ئەم جۆرە نوێنەرانە بە

نوێنەری راستەقینەی خەڵک نازانین. بەڵام ئەمانە کاتێک پاڵێوران، لە فیلتێری کۆماری ئیسلامی تێپەڕین و ئەو هەموو پاڵێوراوەش رەد کرانەوە و ژمارەیەک مانەوە و ئەم ژمارەیەش دەچن، ئێمە بە نیسبەت ئەوانەوە، شتێکی روون کە لەگەڵ رێز یەکنەگرێتەوە ناڵێین بەڵام ئەمانە بە نوێنەری راستەقینەی خەڵک لە مەجلیس نازانین بەڵکوو بە نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی لە نێو خەڵک دەزانین.

**بێژن فەرهوودی**: یانی ئێوە هیچ جۆرە هاوکارییەک لەگەڵ ئەمانە کە لە کوردستان هەڵبژێردراون، ناکەن؟

**حەسەن شەرەفی**: نەخێر، ئێمە نە لە دیاریکردنیان رۆڵێکمان هەبووە، نە لە هەڵبژاردنیان رۆڵێکمان بووە و نە چاوەروانییەکیشمان لەوانە هەیە و ئەگەر ئەوان بیانهەوێ لە پێناو بەدیهاتنی بەشێک لە مافەکانی بازنەی هەڵبژێردراوی خۆیان هەنگاوێک بنێن، بێ گومان، بەلانی کەمەوە بەشێک لە خەڵک پشتیوانیان لێ دەکات. بەڵام من دڵنیام کە بەو ئەندازەیەش توانایان نابێ.

**بێژن فەرهوودی**: پێوەندیتان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان چۆنە، ئەوانەی کە لە ئێوە، لە حیزب جیا بوونەوە. چ جۆرە پێوەندییەکتان هەیە؟

**حەسەن شەرەفی**: سەرەتا لە هەشت نۆ ساڵی ڕابردوو، ئەو دۆستانەمان کە لە حیزب جیابوونەوە و لە ژێر ئەو ناوەی کە ئاماژەت پێدا چالاکی دەکەن، لە یەک دوو ساڵی یەکەم دا تا ڕادەیەک ناخۆش و تا ڕادەیەک لێدوانی ناشایست دەهاتن و دەچوون، بەڵام لە چواری ساڵی ڕابدووەوە تا ڕادەیەک باشە، چاوپێکەوتنمان هەیە، لە پێوەندی بە پرسگەلی جیاوازەوە لەوانەیە کۆبوونەوەی جۆراوجۆرمان هەبێ، لە بارەی پێکەوەبوونی سەرلەنوێمان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و یەک بنەماڵەکردنەوەماندا چەندین دانیشتنمان هەبووە و بەباشیش چوتە پێش. من هیوادارم کە زۆر درێژە نەکێشێ و جارێکیتر ئەوانیش لەگەڵ هاورێکانیان و لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پەنای یەکتردابین.

**بێژن فەرهوودی**: بەرێز شەرەفی، ئایا ئەوانیش خوازیاری یەکپارچەیی ئێرانن؟

**حەسەن شەرەفی**: من پێموایە کە شتێکیتر تا ئێستا لەوانەوە نەبیندراوە یان نەبیسراوە جگە لەوە بێ.

**بێژن فەرهوودی**: لە یەک ساڵی ڕابردووەوە شتێکی نوێ لە ناوچە سەری هەڵداوە، ئەویش"داعشە"و بەرگرییەک کە ئێستا لەگەڵ ئەم هێزە بە پێکهێنانی ئێتلافێکی جیهانی بە رێبەری ئەمریکایە. وڵاتانی ناوچەکە پەیوەست بەم هاوپەیمانییە

بوون و کۆماری ئیسلامیش دەڵێ کە سەرقاڵی شەڕ لەگەڵ داعشە. ئێوە چۆن لەم هێزە نوێیە دەروانن و ئایا پێتوان وایە کە سەرئەنجام ڕۆژێک دێت کە وڵاتانی جۆربەجۆری جیهان بتوانن بەسەر ئەم هێزە تیرۆستییە ئیسلامییەدا زاڵ بن؟

**حەسەن شەرەفی**: ئەم دیاردە نوێیەی داعش کە لە راستیدا دیاردەیەکی زۆر ناحەز و خراپ کە لە ماوچەکەدا هەیە، بۆ هەموان جێگای سەرنجە. بەڵام ئەوە کە کێ داعشی دروست کردووە و پشتیوانی کردووە من ناتوانم لێرە و بەبێ بەڵگە ڕای خۆمی لەسەر دەربڕم، بەڵام دەتوانم بڵێم کە ئەگەرچی زۆر لایەن لە دەستی داعش زیانیان بەرکەوت، زۆر لایەنیش قازانجیان کرد.

تەنانەت زۆر لە وڵاتەکان و حکوومەتەکانی وەک کۆماری ئیسلامی کە ئیدەعای شەڕ لە دژی داعش دەکات و پێی وایە کە ئاڵای شەڕی لە دژی داعش بەلانی کەمەوە لە عێراق و سووریای لە دەست دایە، باوەرم وایە کە داعش دابینکەری هێندێک لە بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەش دایە. من پێموایە ئەم شەڕەی ئێران لەگەڵ داعش لە راستی دا ئەوەندەی کە روخساری راستەقینەی هەبێ، زیاتر بۆ کلاوسەرنانی کۆمەڵگای جیهانییە. ئێوە سەرنج بدەن، داعش لە عێراق چی کرد، لە سووریا چی کرد، تەنانەت لە لیبی چی ئەکات، لە وڵاتەکانیتری ناوچە بڕوانن، بەڵام لە کۆماری ئیسلامی ئێران بچووکترین خەساری لێ نەداوە. دووهەمیش بۆتە بیانوویەک کە کۆماری ئیسلامی پێگەی خۆی لە عێراق و سووریا بەهێزتر بکات. بۆتە بیانوویەک بۆوەی کە کۆماری ئیسلامی پتر شیعەکانی عێراق بەهێز بکات لەبەرنابەر ئەو سونیانەی کە ناوچەکانیان لە ژێر کۆنترۆڵی داعشییەکان دایە. بۆتە بیانوویەک بۆوەی کە ناوچە شیعە نشینەکان بە پارێزراوی بمێننەوە بەڵام ناوچە سونییەکان بە دەستی داعش وێران ببن. ئەمانەش هەموو ئەو شتانەن کە کۆماری ئیسلامی بەتەمایان بوو، ئەگەر داعشیش نەبوایە خۆی بە تەمای ئەنجامدانیان بوو. بەڵام ئێستا داعش بووە بە کەرەسەیەک بۆ دابین کردنی نیازەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا.

**بیژن فەرهوودی**: حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە شەڕی دژی داعش دایە، ئایا بۆ ئەو مەبەستە لە هێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یارمەتیان وەرگرتووە؟

**حەسەن شەرەفی**: بەڵێ، لە سەرەتای هێرشی داعش بۆ سەر حکوومەتی هەرێم کوردستان داوا لە ئێمەکرا. هێزەکانمانی ئێمە بە ئیمکاناتی خۆمانەوە و بە توانا و ئیرادەی خۆمان چوون و لە گۆڕەپانی شەڕ لە دژی داعش بەشداریان کرد و لەو ناوچانەی کە بەوان سپێردرابوو، پێشرەویشیان کرد بەڵام گوشاری کۆماری ئیسامی لەسەر حکوومەتی هەرێم بۆ ئەوەی کە هێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شەڕی داعش بێبەش کرێن، بووە هۆی ئەوەی کە هەوڵی ئێمە لەوناوچەیە و لە دژی داعش بەوەستێ و تەنانەت کەوتینە بەر هەرەشەی داعشیش. بەڵام کۆماری ئیسلامی کە نایهەوێ حیزبی

دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دیدی ڕای جیهانی دا و وەک هێزێکی دژی تیرۆریست کە خۆشی قوربانی دەستی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامییە و بەتایبەتیش ڕێبەران و کادر و پێشمەرگەکانی دەرکەوێ، نەیدەویست کە ئەو ڕوانگەیە لە ڕای گشتی دا هەرچەند هەشە، زیاتر بێ. ئیتر گوشاری هێنا و ئێمەش هێزەکانمان بۆ شوێنی خۆیان گێرایەوە، بەڵام بەشداریمان کرد و شەڕیشمان کرد و سەرکەوتنیشمان بەدەست هێنا.

**بێژن فەرهوودی**: بەڕێز شەرەفی، ئایا لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەم شەڕەی لە دژی داعش دەکرێ، سەرکەوێ و ئەم هێزە تیرۆریستییە بتوێتەوە و داعش بۆ هەمیشە لە ناو بچێ؟

**حەسەن شەرەفی**: من دڵنیام کە ئەگەر ئەم هاوپەیمانیە جیهانییەی لە دژی داعش پێک هاتووە و بەراستی هەرکام لەو وڵاتانەی لەو هاوپەیمانییەدایە و بە شێوەی جیددی بیانهەوێ بێنە مەیدانەوە، بەڵێ. ئەم داعشە هێزێک نییە کە بتوانێ لەبەرانبەر ئەو هەموو وڵاتانەی دونیا و ئەو هەموو هێزە سەربازی و جبەخانە پێشکەوتوانەی دونیا خۆڕاگری بکات. بەڵام هەروەک پێشتر ئاماژەم پێدا زۆر لەوانە کە دەڵێن شەڕی داعش دەکەن، کەمێکیش مانەوەی داعش لە ناوچە لە بەرژەوەندی خۆیانی دەبینن. ئەوەیە کە ئەگەر بەنیازی شەڕکردن لەگەڵ داعشیش بن، بە شێوەی جیددی نییە، هێواش و لەسەرۆخیە، بەجۆرێکە کە لەوانەیە داعش لاواز ببێ بەڵام لە ناو نەچێ، لاواز ببێ کە مەترسی بۆسەر بەرژەوەندی زۆر لایەن پێک نەهێنێ و بشمێنێتەوە کە بتوانێ بەرژەوەندی زۆر لایەن لە ناوچە دابین بکات.

**بێژن فەرهوودی**: لە هێندێک لایەن،مەبەستان کۆماری ئیسلامییە؟

**حەسەن شەرەفی**: بە دڵنیاییەوە و لەسەرووی هەموانیشەوە.

وەرگێرانی لە فارسییەوە: ڕەشید زەرواوی

سەرچاوە ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٣١ی مارچی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## حەسەن شەڕەفی: بوونی پەیوەندییەکی دۆستانە بە دوور لە کێشە و ناتەبایی لە نێو هێزەکان دەبێ هەبێ




**بەڕێز حەسەن شەڕەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) وەڵامی پرسیارەکانی ڕۆژی کورد دەداتەوە.**

**ڕۆژی کورد: گرینگیی پێک هێنانی بەرەی کوردستانی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چی دایە و زەروورەتەکانی پێکهێنانی ئەو بەرەیە چن؟**

**حەسەن شەرەفی:** بە شێوەیەکی گشتی هەر هەماهەنگی و یەکدەنگی و هاوکارییەکی شوێندانەر لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستانی رۆژهەڵات، مەرجی بنەڕەتی بەرین بوونەوەی بزووتنەوە و کاریگەربوونی کاروچالاکی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی رۆژهەڵاتە. دیارە ئەگەر ئەو هەماهەنگی و یەکدەنگی و یەک هەڵویستییە بخرێتە چوارچێوەی بەرنامەیەکی سیاسی و دەست نیشانکردنی شێوەکانی خەباتی ڕەوا و ڕێککەوتنێکی تێکڕایی لەسەر بکرێ، زۆر کاریگەرتر و شوێندانەرتریش دەبێ، جا چ ناوی بەرەی لەسەر دابندرێ یان ئیئتلافی پێ بگوترێ، مادام هەدەفێک تاقیب دەکا، داخوازییەکان ڕێکدەخا و تێکۆشانەکان وەسەریەک دەخا، هەر ئەو ئاکامە ئەرێنییەی لێدەکەوێتەوە کە لە یەکریزیدا دەستەبەر دەبن.

پێویستی ئەو یەکدەنگی و هەماهەنگییە بۆ هێزەکانی کوردستانی رۆژهەڵات هەمیشە لە گۆڕێ دا بووە و ئێستاش لەو

هەلوومەرجە ناسک و ئاستەم و پڕکێشەیەدا کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵی بەرەوڕووییە و چاوەڕوانی کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕی لێدەکرێ زیاتریشە، بە تایبەت لە وەزعێکی وەهادا دۆستانی کوردیش دەزانن بەردەنگیان کێیە و داخوازییەکانی کورد کە هەموو لەسەری کۆکن چییە و توانای وە سەریەک کەوتووی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات چەندە. دوژمنیش یا نەیارانی کوردیش ناتوانن لە درزی نێوان هێزەکان بە قازانجی خۆیان و بۆ کزکردنی کورد کەڵکی لێوەربگرن.

**ڕۆژی کورد**: بەرەی کوردستانی بە چ میکانیزم و شێوەیەک پێک بێ کە هەموو لایەنەکان خۆیان تێدا ببیننەوە؟

**حەسەن شەرەفی**: بەربەست و لەمپەرەکان لەبەردەم یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەداخەوە کەم نین. باو نەبوونی یەکگرتوویی و باوبوونی لێکهەڵبەزینەو و لێک دابڕان یەکێک لەو هۆیانەیە کە لە کۆنەوە کورد بە دەستیەوە دەناڵێنێ.

کزبوونی توانای یەکتر قبووڵ و تەحەممول کردن و پێداگری لەسەر بەرژەوەندی ڕێکخراوەیی کە هەندێ جار دەکەوێتە سەرووی بەرژەوەندیی گشتی کورد، یەکێکی دیکە لەو هۆیانەیە.

**ڕۆژی کورد**: پێشنیارتان بۆ خێرایی بەخشین بە دروستبوونی بەرەیەکی یەکگرتوو چیە و چ ڕێکارگەلێک دەتوانن ببنە ڕێخۆشکەر بۆ پێکهێنانی بەرە؟

**حەسەن شەرەفی**: پێکهێنانی بەرە یان هەر ئیتلافێک چ لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، چ لە نێوان هێزەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان، پێویستی بە دوو مەرجی بنەڕەتی هەیە.

**یەکەمیان**، دوورکەوتنەوەی هێزەکان لە هێژموونی خوازی، خۆ لەوانیتر بە زلتر زانین و بەکارهێنانی بەرە لە بەرژەوەندیی تاک و لایەن کە ئەویش زۆر جار زیان بە بەرژەوەندی کورد بە گشتی دەگەیەنێ.

**دووهەمیان**، دارشتن و ڕێککەوتن لەسەر بەرنامەیەکی سیاسی کە دابینکەری داخوازییەکانی کورد و لەبەرژەوەندیی گشتی کورد دا بێ. ئەم تاقیکارییە و ئەم ڕاستییانە ئەو کاتە زیاتر دەرکەوتن کە ڕەوتێک بۆ پێکهێنانی بەرەیەک لە هێزەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان لە گۆڕێ دابوو، بەداخەوە بەم هۆیانە و بەهۆی هەندێ هۆکاری دەرەکی سەری نەگرت و بە ئاکام نەگەیشت.

**ڕۆژی کورد**: پێشنیارتان بۆ خێرایی بەخشین بە دروستبوونی بەرەیەکی یەکگرتوو چیە و چ ڕێکارگەلێک دەتوانن ببنە ڕێخۆشکەر بۆ پێکهێنانی بەرە؟

**حەسەن شەرەفی**: لە نێوچوونی ئەو هۆکارە نەرێنیانە کە ئاماژەم پێدان، هەوڵدان بۆ پەیوەندییەکی سالم و دۆستانە لە نێوان هێزەکان و قۆڵ لێهەڵماڵینی چەند لایەنێک بۆ کارکردن لە پێناو ئەو مەبەستەدا دەتوانێ شوێندانەر بێ، دیارە پێش گەیشتن بەو ئامانجە و مەرجی گەیشتن بەو ئامانجە بوونی پەیوەندییەکی دۆستانە بە دوور لە کێشە و ناتەبایی لە نێو هێزەکانی دایە.

ئەم وتووێژە مانگی ئاگۆستی ٢٠١٥ ئەنجام دراوە

سەرچاوە ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوونی ٢٠١٦

## حەسەن شەرەفی: ئێمە لە بەشەکانی کوردستان دەست تێوەردان ناکەین بەڵام پەرۆشی هەموو پارچەکانی کوردستانین



حەسەن شەرەفی: نەیارانی کوردستان، ئەوانەی کە بەسەر هەر پارچەیەک لە کوردستان دا زاڵن، نە دەیانهەوێ ئەو دەسەڵاتە هەبێ و نە ئەگەر هەیە و بە ناچاری قبووڵی دەکەن کە هەیە،نایانهەوێ بەرەوپێش چوونی هەبێ، نایانهەوێ ئەمنیەتی هەبێ و هەرچەند نا ئەمنیش زیاتر بێ بەستێن بۆ دەخاڵەت و دەست تێوەردانی وان و کزکردنی ئەو دەسەڵاتە زیاتر دەرەخسێنێ.

بەرێز حەسەن شەرەفی "جێگری سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" لە لێدوانێکی تایبەت بۆ تۆری میدیایی " رووداو" هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر ئاڵۆزییەکانی باشوور کوردستانی روون کردەوە. لەو وتووێژەدا کە بەبەرێوەبەری جەعفەر موبەشرنیا ئەنجام درا، حەسەن شەرەفی تیشکی خستە سەر لایەنە جیاجیاکانی راگەیاندراوەکەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تایبەت بە ئاڵۆزییەکانی باشووری کوردستان.

**رووداو: کاک حەسەن ئەو کاتەتان باش. لەبەرچی ئەزموونی سیاسی باشووری کوردستان بۆ هەموو کورد گرینگە؟**

**حەسەن شەرەفی:** سڵاو دەنێرم بۆ ئێوە و بۆ هەموو بینەران و بیسەرانی تەلەفزیۆنی رووداو . دیارە مەسئەلەی هەرێمی کوردستان تەنیا مەسئەلەیەک نییە کە خوسک و براکانمان لە کوردستانی باشوور دڵیان پێی خۆش بێ یان بە موشکلاتەکانییەوە ناراحەت بن. تەجروبەیەکی دەسەڵاتی کوردییە کە هەموو کوردێک دڵی پێی خۆشە و هەموو کوردێک هیوای پێ بەستووە و زۆریش تەبیعییە وەختێک ئەو دەسەڵاتە کوردییە بەرەو پێشچوون بە خۆیەوە ببینێ، گەشە بە خۆیەوە ببینێ، هیواداری لە کوردی هەموو پارچەکان زیاتر دەبێ و دڵی کورد لە هەر پارچەیەکی دیکەی کوردستان خۆش دەکات و بە پێچەوانە ئەگەر موشکلاتێک بێتە پێشێ و وەزعێک بێتە پێشێ کە بەستێن بۆ دەخاڵەتی نەیاری کورد لە هەرێمی

کوردستان دروست بکات و ناکۆکی لە نێوان هێزە سیاسییەکان بگاتە جێگایەک کە ئەوەی هەیە و بەرهەمی خوێنی شەهیدان و فیداکاری و خەباتی چەندین ساڵەی ڕۆڵەکان و خوشک و برا کوردەکانمانە لە باشووری کوردستان و لە وەزعێکی ڕەقابەتی بەینی ئەحزاب دا سەدەمە ببینێ یان خوای نەخواستە لە نێوبچێ، تەبیعەتەن بێ هیوایییەکی گەورە لە دڵی هەموو کوردێک لە هەموو پارچەکاندا دروست دەکات و ئێمە لە پەرۆش بۆ ئەو تەجروبەیە و لە نیگەرانییەک کە بۆ ئەو بارودۆخە هەمانە، ئەو ڕاگەیەندراوەمان بڵاو کردەوە.

**ڕووداو**: کاک حەسەن ئێوە لە ڕاگەیەندراوەکەتاندا دەڵێن کە ئێمە ئامادەین بۆ گوتنی قسەی خێر، ئەو قسە خێرە چییە؟

**حەسەن شەرەفی**: ئێمە ئامادەیی خۆمان دەربڕیوە چ قسەی خێر بکەین بەرانبەر بەو مەسەلەیە و بۆ چارەسەریی گیروگرفتەکان چ ئەگەر داوامان لێ بکرێ هەنگاو هەڵبێنین بۆ ئەوەی کە لەگەڵ لایەنەکان بکەوینە گفتوگۆ بۆ ئەوەی کە مەترسیەکان وەک ئەوەی هەیە کە ڕەنگە ئەوانیش هەستی پێ بکەن،بەڵام ئەوان لەبەر ئەو رقەبەرایەتییەی کە لەگەڵ یەکتر هەیانە، بەتەواوی هەستی پێ نەکەن و پێیانوابێ بەرژەوەندی ڕێکخراوەکانیان دەبێ لەبەر چاو بگیرێ، ئێمە بە دوور لەو شتانە،تەنیا بە لەبەر چاوگرتنی مەسڵەحەت و ئەمنیەت و ئاسایش و بەرەوپێش چوونی هەرێمی کوردستان ئامادەین هەر وەزیفەیەکمان پێ بسپێردرێ لەو پێناوەدا ئەنجامی بدەین.

**ڕووداو**: ئایا ئەو ڕەوشەی ئێستا لە باشووری کوردستان هەیە، دەتوانێ ببێ بە ئەزموونێک لە جێگای ئەوەی کە قسەی خێر بۆ باشوور کوردستان بکەن، بەرێ هەر ئاڵۆزییەک بۆ خۆتانی بکەن؟

**حەسەن شەرەفی**: هەر ڕاست وایە. یانی ئەوەی کە ئێمە پێمانوایە بۆ باشووری کوردستان دەبێ بکرێ و ئەمری خێر و قسەی خێر و هەنگاوی خێر هەڵگیرێ و بە دیالۆگ و بە دانیشتن موشکلاتیەکان چارەسەر بکرێ، تەبیعییە دەبێ باوەڕیشمان ئەوە بێ کە هەر موشکلەیەکیش لە نێو هیزەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دا بێتە پێشێ، دەبێ هەر بەو شێوەیە چارەسەر بکرێ،بە دیالۆگ و بە شێوەیەکی هێمنانە و مەدەنیانە مەسئەلەکان مەترح بکرێن. تەنانەت ئەو خۆپیشاندانانە ئێمە پێمانوایە ئەگەر بە شێوەی هێمنانە و مەدەنیانە بێ، مافی خەڵکە کە داخوازەکانی خۆیان مەترەح بکەن بەڵام کە کێشایە توند و تیژی، کە کوشتنی لێ کەوتەوە، کە خوێنی لێ کەوتەوە، کە برینداری لێ کەوتەوە، کە هێرش بۆ سەر بنکە و بارەگا و دام و دەزگا حکوومی و حیزبییەکانی لێکەوتەوە، ئیدی ئەوە لە چوارچێوەی مافی یاسایی و خۆپیشاندانێکی هێمنانە و هێنانە گۆڕی داخوازییەکان دەردەچێ و حاڵەتێکی توندوتیژی دێنێتە ئاراوە کە بەداخەوە ئیعتبار و پرستیژی هەرێمی کوردستان لەبەر چاوی بیروڕای گشتی دێنێتە خوارێ و نائومێدی لە نێو خودی خوشک و براکانمان لە کوردستانی باشووریشماندا دروست دەکا و بگرە زیاتر لەوە لە نێو کوردی پارچەکانی دیکەشدا.

**ڕووداو**: ئێوە باس لەوە دەکەن کە ئەو ئاڵۆزییەی لە باشووری کوردستان هەیە بە دەستی نەیارانی کوردستان دروست بووە.بە ڕای ئێوە ئەو نەیارانە کێن؟

**حەسەن شەرەفی**: ئەو نەیارانە هەموو ئەوانەن کە مافی کورد لە ژێر پێ دەنێن، باوەڕیان بە مەوجوودیەتی کورد نییە،ئەگەر باوەڕیان بە مەوجوودییەتی کوردیش هەبێ ئەوا بە مافی کورد نییە،باوەڕیان بەوە نییە کە کورد دەبێ دەسەڵاتی خۆی هەبێ، کورد دەبێ ئەزموونی بەڕێوەبردنی خۆی هەبێ. تەبیعییە ئێستا کە لە پارچەیەکی کوردستان ئەو دەرەتانە پێکهاتووە و ئەو فرسەتە ڕەخساوە کە کورد دەسەڵاتی خۆی هەبێ، دەسەڵاتێکی دێموکراتیکیشی هەیە و لەبەر چاوی دونیایە ئەزموونێکی جوانی نیشانداوە، تەبیعەتەن نەیارانی کوردستان، ئەوانەی کە بەسەر هەر پارچەیەک لە کوردستان دا زاڵن، نە دەیانهەوێ ئەو دەسەڵاتە هەبێ و نە ئەگەر هەیە و بە ناچاری قبووڵی دەکەن کە هەیە،نایانهەوێ بەرەوپێش چوونی هەبێ، نایانهەوێ ئەمنیەتی هەبێ و هەرچەند نا ئەمنیش زیاتر بێ بەستێن بۆ دەخاڵەت و دەست تێوەردانی وان و کزکردنی ئەو دەسەڵاتە زیاتر دەرەخسێ.

**ڕووداو**: ئەگەر ئەوە پیلانرێژییە هەروەک ئێوە باسی دەکەن، باشە ئەو پیلانگێرییەی کە باسی دەکەن بە بۆچوونی ئێوە دەتوانێ بە چ ڕێگایەکەوە جیبەجێ بکرێن؟

**حەسەن شەرەفی**: زۆر ئاشکرایە. وەختێک نائەمنی دەبێ، وەختێک ڕەقابەت و چەند بەرەکی دەبێ، ئەو دەسەڵاتانەی دەوروبەر دەیانهەوێ لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە پیلان بگێرن، نفووز و دەسەڵاتیان هەبێ. هەر لایەک زیاتر نیازیان بەوان هەبێ و ئەویش بۆ جواب دانەوە بە نیازەکانیان ئیمتیازیان لێ وەردەگرێ، ئیمتیازەکانیشیان بە زیانی هەرێمی کوردستان تەواو دەبێ. ئەوانە ئیدی شتی زۆر ڕوون و ئاشکران و ئێمە "هەمووی کورد" لە مێژ ساڵە لە هەر پارچەیەک لە کوردستان دا ئەوانەمان تەجروبە کردوون، نەیارانی کوردمان ناسیوە. قابیلە کورد پاش ئەو هەموو موبارزەیە نەزانێ نەیارەکەی کێیە؟ دوژمنەکەی کێیە؟

**ڕووداو**: کاک حەسەن وەک دوایین پرسیار، ئێوە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئایا داواتان لە ئەندامان و لایەنگرانی خۆتان کردووە کە بە هیچ جۆرێک بەشداری لە خۆپیشاندانی باشووری کوردستان دا نەکەن؟

**حەسەن شەرەفی**: لە ڕاستی دا ئێمە پێمان خۆشە دەخالەت لە کار و باری هیچیەک لە پارچەکانی کوردستان و یەک لەوان لە باشووری کوردستان دا نەکەین، بەڵام ئەوە کە ڕاگەیندراومان داوە بەو مانایە نییە کە ئێمە دەخالەت دەکەین. بەو مانایەیە کە ئێمە پەڕۆشی خۆمان نیشان دەدەین و نیگەرانی خۆمان دەردەبڕین و داوای چارەسەری لە ڕێگای دیالۆگەوە



سەرچاوە
Serchawe

دەکەین. راستە ئێمە نامانهەوێ نە ئەندامان و نە لایەنگرانمان دەخالەت لەو مەسەلەیدا بکەن و بەشێک بن لە قەزییەکە.

**رووداو: باشە لەوانەیە بەشێک لەوان کارمەندی حکوومەت بن و مووچەیان نەدرابێتێ، ئایا نابێ داخوازی بۆ ئەو مووچەیە و مافی خۆشی بەکات؟**

**حەسەن شەرەفی:** هەموو کەس هەقی هەیە داوای مووچەی خۆی بکا، داوای مافی خۆی بکا. بەڵام گرینگ یەک شتە،لە هەر چوارچێوەیەک دا ئەو داخوازییە دێنێتە گۆڕێ، یان لەهەر شکڵێک دا نارەزایەتی دەردەبڕێ دەبێ شکڵەکەی هێمنانە و مەدەنیانە بێ نە تێکدەرانە و ئاژاوەگێرانە. من پێموایە هیچ کەس و هیچ لایەنێک نابێ ئەوەی قبووڵ بکا کە ئاژاوە گێری، سووتاندن، رووخاندن، تێکدان، کوشتن، خوێن ڕشتن ئەوە بکات بە بەشێک لە خەبات بۆ ئەوەی کە پێی وابێ کە ئەوە ڕێگایەکە بۆ ئەوەی کە لایەنی بەرانبەری خۆی بەچۆک دا بێنێ. ئەوە کارێکی ناشیاو و ناشارستانیانەیە.

سەرچاوە ماڵپەڕی رووداو - ڕێکەوتی: ١٣ ئۆکتۆبەری مارچی ٢٠١٥

## حەسەن شەرەفی: لە هێرشەکەی ساڵی ۱۹۹٦ ئێران کە دەستەیەکی ناو یەکیێتی کردیان دەستەکەی دیکە پێیان خۆش نەبوو



"شەڕی پردێ ئەوەی سەلماند کە کورد ئەگەر بیەوێ دەتوانێ خۆڕاگری بکات و پیلانی داگیرکردنی هەولێری شکست پێ هێنا"

**حەسەن شەرەفی**: جێگری لێپرسراوی گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کە هاوکات بەڕێوەبەری ناوەندی سیاسیی ئەو حزبەیە، لەم دیدارەی(باس)دا ئاماژە بە ڕەوشی خەباتی پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کردە تیرۆریستییەکان لە دژی کەسە دیارەکانیان و ڕۆڵی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە هەوڵە دوژمنکارانەکانی ئێران دەکات.

**باس**: حدکا کۆنگرەی خۆی ئەنجام داوە و هەندێک گۆڕانکاریی کردووە، دیارترینیان چیین؟

**حەسەن شەرەفی**: دەبوایە ساڵێک لەمەوبەر کۆنگرە ببەستین، بەڵام لەبەر ئەوەی حزب لە بەرنامەیدا هەبوو کە ئاڵوگۆڕێک لە پێکهاتەی خۆیدا پێک بهێنێت، دەبوایە دەرەتانێکی زۆر بە خەڵک و کادیر و لایەنگرانمان بدەین، تاوەکوو بۆچوونی خۆیان دەرببڕن. بڕیارمان ئەوەیە خەباتەکەمان بەرینتر بکەین و خەبات لەنێو شار بەرەو پێش ببەین و خەڵک هەر چاوەڕێی ئەوە نەکات لە شاخدا پێشمەرگە خەباتی بۆ دەکات و مافی بۆ دەگەڕێنێتەوە، بەڵکوو خەباتەکە بۆ هەمەلایەنە دەگۆڕین، هەر کەسێک بەپێی توانای خۆی لە شاخ یان شار لەو خەباتەدا بەشدار بێت. بڕیار درا لە جێگەی ئەوەی کۆمیتەی ناوەندیمان هەبێت، چەند ئۆرگانێکی وەک یەکمان هەیە کە هەر یەکەیان ئەرک و دەسەڵاتی دیاریکراوی خۆی

هەیە. ئێمە ناوەندی سیاسییمان هەیە، کە زۆرتر کاری فکری و داڕشتنی ستراتیژی حزب و.. هتد دەکات و چاودێریی ئۆرگانەکانی خوار خۆی دەکات. دەستەی کارگێڕیمان بۆ حزب دامەزراندووە، کە زۆرتر کارەکانی حزب لە ڕووی ئیجرائییەوە ڕادەپەڕێنێت. هەروەها بەشی نیزامیمان هەیە کە بەشی پێشمەرگایەتییە. لەگەڵ چەندان گۆڕانکاریی دیکە.

**باس**: لە ماوەی ڕابردوودا حدکا بڕیاری دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداریی لە ڕۆژهەڵات دەرکرد، بەڵام دەگوترێ سنووردارە، ئەمە چۆن دەبێ؟

**حەسەن شەرەفی**: زیهنییەتی ئێمە قەت ئەوە نەبووە کە خەباتێکی چەکداریی پان و بەرین لە شیمالی کوردستانەوە تا جنووبی کوردستان بەڕێوە ببەین، چونکە دۆخەکە گۆڕاوە و پشتی جەبهەکە بۆ کوردی ڕۆژهەڵاتی ئەوە نییە کە پێشتر هەبوو، جگە لەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان چاوەڕوانیی ئەوەیان لێمان هەیە کە لەلایەن ئێرانەوە نەکەونە ژێر فشارەوە، بەڵکوو بیرۆکە سەرەکییەکە ئەوەیە کە خەباتی شار و خەباتی شاخ بەیەکەوە گرێ بدەین و پاڵپشتیی یەکتر بن.

**باس**: باس لە خەباتی شار دەکەیت، لە ماوەی ڕابردوودا خۆپیشاندانێکی فراوان لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست بوو، تێڕوانینی ئێوە بۆی چی بوو؟

**حەسەن شەرەفی**: لەو کاتەوەی شا لە ئێران ڕووخاوە تا ئێستا، حەرەکەتی هاوشێوەی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی ئێران نەبووە، هەم لە باری بەرینییەوە کە ٨٠ شاری ئێرانی گرتەوە، هەم لە باری دروشمەکانیەوە کە دروشمی مافخوازانە و سکۆلاریزم بوون و داوای نانی خەڵک بوون، دروشمەکان لە قازانجی هیچ یەکێک لە لایەنەکانی نێو کۆماری ئیسلامی نەبوون. بۆیە ئێمە پشتیوانیمان لەو جووڵانەوەیە کرد. لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ئەو جووڵانەوەیە هەبوو، بەڵام کورد لە ئێران هەمیشە ئامانجی کۆماری ئیسلامییە. ئەو کاردانەوەیەی لەگەڵ خۆپیشاندانی شارێکی غەیرە کوردی کرا، لەگەڵ شارە کوردستانییەکان زۆر زیاتر بوو. ئێمە پێمان وایە ئەگەر ئەو خۆپیشاندانانە سەرکوت کرابن یان بێدەنگ کرابن، بەڵام لەبەین نەچوون و بە هەمان دروشم و بەرفراوانییەوە سەرهەڵدەداتەوە.

**باس**: لە ماوەی چەند هەفتەی ڕابردوودا دوو ڕووداوی تیرۆرکردنی فەرماندەکانی حدکا و حدک هەبوون، ئایا ئەو دوو کەسە چ خاڵێکی هاوبەشیان تێدایە؟ کێ کردوونیەتە ئامانج؟

**حەسەن شەرەفی**: تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لە هەموو شوێنێک، بە تایبەتی لە باشووری کوردستان بەرامبەر بە هەموو

هێزەکانی نەیاری کۆماری ئیسلامی کراوە، بەڵام بە گشتی کردەی تیرۆر لەوانەوە دەست پێ دەکات کە کێ فشاری زۆرترە و شوێنپێی دیارترە و کۆماری ئیسلامی زۆرتر لێی دەترسێ. بۆ ئەو دوو کەسە کراونەتە ئامانج؟ ئەو دوو کەسە کاریگەرییان لە ناوچەکەدا هەبووە و خەڵک ناسیونی، بۆ دەڵێین کۆماری ئیسلامییە؟ چونکە جگە لە ئێران، ئەوانە دوژمنێکی دیکەیان نییە و کێشەیان لەگەڵ کەسی دیکەدا نەبووە. جگە لەوەی هەردووکیان پێشتر لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە چەندان ڕێگەی جۆراوجۆرەوە هەڕەشەیان لێ کراوە.

**باس**: گلەیی ئەوە دەکرێت کە حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەپێی پێویست بەئاگا نیین، بۆیە بەئاسانی دەکرێنە ئامانج؟

**حەسەن شەرەفی**: ئەو گلەییە تا ڕادەیەکی زۆر ڕاستە، ئێمە ڕەنگە حەزەرمان کەم بووبێت و بەو جۆرەی پێویستە، خۆمان نەپاراستبێت، بۆیە لەمبارەیەوە زەربەی زۆرمان خواردووە. هەرچەندە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەگەر لە زەمینەیەکدا هەست بە ئەمنییەت بکەیت، حەزەرەکەت کەمترە، بەڵام کە ئاڵۆزیی پترە، دەبێ هۆشیاربوونەکە زیاتر بێت. ئێستا فشاری کۆماری ئیسلامی لەسەر باشوور زۆرە و حزبەکانی باشووری کوردستان کێشەی ناوخۆیان ئاڵۆزترە و نێوانی هەولێر و بەغدا ئاڵۆزترە، بۆیە دەبێ ئێستا ئاگاهی و هۆشیاریی زیاتر هەبێ.

**باس**: هەندێک لە میدیاکانی سلێمانی تۆمەتی ئەوەیان دایە پاڵ پارتی دیموکراتی کوردستان کە گوایە ئاسانکاریی بۆ ئەو کردەوانە دەکات، ئایا هیچ گومانێکی لەو چەشنەتان هەیە؟

**حەسەن شەرەفی**: پارتی و کۆماری ئیسلامی وەکوو دوو دراوسێ ئاساییە ڕێککەوتن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتر بکەن، بەڵام ئێمە پێمان وانییە کە پارتی بچێت لەمەدا لەگەڵ ئێران ڕێک بکەوێت، ڕەنگە داوا بکات هەندێک چالاکییەکانمان بەربەست بکەین، تاوەکوو ئێران فشاریان بۆ نەهێنێت. ئێمە هەست بە ڕێککەوتنێکی لەم شێوەیە ناکەین.

**باس**: دەگوترێ ئۆتۆمبێلەکەی سەلاح ڕەحمانی، ڕۆژی پێش تەقینەوەکە لە سلێمانییەوە هاتووە، قادریش لەو شوێنەی شەهید کرا، لە زۆنی سەوزە، ئایا گومان لە یەکیتی دەکەن؟

**حەسەن شەرەفی**: بۆ کۆماری ئیسلامی، باشووری کوردستان کە لەنێو خۆیدا و لەگەڵ دەوروبەردا لە ئاڵۆزیدایە، دەستی ئاواڵەتر دەبێت، جیاوازی نییە لە کام زۆندا هەیە. پێمان وایە کۆماری ئیسلامی ئەو هەموو پیلانە بگێڕێت، ڕەنگە لە توانای حکوومەتی هەرێمی کوردستانیشدا نەبێت پێش بە هەموو شتێک بگرێت، بەڵام چاوەڕوانیی ئەوەشمان هەیە کە

بەدواداچوون بۆ ئەو ڕووداوانە بکەن.

**باس**: لە مانگی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی تۆمارێکی ڤیدیۆیی هێرشکردنە سەر قەڵای دیموکراتی بە پشتیوانیی یەکێتی بڵاو کردەوە، پێت وایە بۆچی لەم کاتەدا ئەم تۆمارە بڵاو دەکرێتەوە؟

**حەسەن شەرەفی**: یەکێک لە ئامانجەکانی ئەوەیە کە بڵێت، بەڵێ ئێمە کاتی خۆی دەستمان ئاواڵا بووە کە ئەو هەموو هێزە بە شاراندا ببەینە سەر نەیاری خۆمان و لێی بدەین، هەروەها هەندێک بڕین بکولێنێتەوە. ئەو هێزە کە هات، ئێمە زانیاریمان هەبوو، کاتێک بەڕێ کەوتن هەواڵیان پێ داین، بۆیە هەموو شوێنەکانمان لە ژن و منداڵ چۆڵ کرد و تەنیا پێشمەرگە مایەوە .

ئێمە ئەو کاتە پەیوەندیمان لەگەڵ یەکێتی و پارتی هەبوو، ئەوەی کە کرا، کەس ناتوانێ بڵێ هێزێکی چەند هەزار کەسی بەو هەموو توانای چەکی قورس و سووک لە مەریوانەوە دێتە ئەم دیوە و بڵێ ئاگام لێ نەبووە، ئاگا لێنەبوونەکە عەیبێکی گەورەترە لە ئاگالێبوونەکەی. ئاگا لێبوونەکەشی مانایەکی دیکە دەدات. دوای ڕووداوەکە لەگەڵ زۆر لە سەرکردەکانی یەکێتی قسەمان دەکرد، بەشێکی زۆریان دەیانگوت ئاگامان لەو شتە نییە و گلەییان لە سەرەوەی خۆیان دەکرد، کە هەموویان ئاگادار نەبوون. ئێستاش هەندێک کار دەکرێ لە ڕێکخراوێکدا کە هەموو ڕێبەرایەتییەکەی ئاگاداری نییە و ڕەنگە بە دڵیشی نەبێت. هەر ئەو کاتە ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتیم دیوە بە قەد ئێمە بەو بابەتە ناڕەحەت بووە و ئاگاشی لێ نەبووە. دەمەوێ بڵێم ئەوەی ئێستا ئێوە دەیبینن، ئەو دەماش هەروا بووە، دەستەیەک لەنێو یەکێتیدا کارێکی کردووە کە دەستەکەی دیکە پێی خۆش نەبووە.

**باس**: دەتەوێ بڵێی وەکوو خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر بوو کە ئێستا هەندێک یەکێتی دەڵێن گرووپێک ئەوەیان کرد؟

**حەسەن شەرەفی**: من عەرزم کردی، هەروەک ئێستا، مەبەستم لە ئێستا ڕوون بوو.

**باس**: دۆخی ئێستای یەکێتی زۆر ئاڵۆزە و ئەو گرووپەی تۆمەتبارن بە خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر، هێزی ئەمنی و هەواڵگرییان هەیە، ئێوە ترستان نییە دووبارە سیناریۆی هێرشەکەی سەر قەڵای دیموکرات دووبارە بکرێتەوە؟

**حەسەن شەرەفی**: هۆشیاریی خۆمان بۆ هەموو ڕووداوێکی نەخوازراو وەرگرتووە، بەڵام نە سەردەمەکە ئەو سەردەمەیە کە هێزەکە هاتە سەرمان، نە ڕاگەیاندنەکانی ئێستا هەن، ئەوکات هەبوون، نە بیروڕای گشتیی دونیا لەبارەی دۆزی کورد

ئەوەیە کە ئەو سەردەم هەبوون. من ئەگەرەکە ڕەت ناکەمەوە، بەڵام بە زۆریشی نازانم شتێکی وا ڕوو بداتەوە .

**باس**: ئێوە لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر سنوورتان لە حەشدی شەعبی زۆر نزیک بووەوە، ئایا مەترسیی دروست نەکرد؟

**حەسەن شەرەفی**: ١٠٠٪ مەترسییە، حەشدی شەعبی ئەگەر نەڵێم هەمووی داردەستی ئێرانە، بەڵام بەگشتی بەڕێوەبەری دەستووراتی فەرمانی کۆماری ئیسلامی وەردەگرن. حەشد هەر بۆ ئێمە خەتەرناک نین، بۆ خوشک و براکانمان لە باشووریش پڕ مەترسین.

**باس**: لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا ئێمە ناوچەیەکی فراوانمان لەدەست دا، بەڕێزتان ئەزموونێکی زۆرتان لە بواری بەرگریکردن هەیە، پێت وایە بۆچی وا بەئاسانی ئەو ناوچانە لەدەست دران؟

**حەسەن شەرەفی**: ئەو ڕووداوە پێش هەموو کەسێک پەیوەندیی بە خوشک و براکانمان لە باشوورەوە هەیە، بەڵام ئەوەی ئێمە دەیبینین، پێمان وابوو ئەگەر هیچ شتێکی ناسروشتی ڕووی نەدابا، کورد توانای خۆڕاگریی بەرامبەر هێزی عێراقی هەبوو .

ئەو خۆڕاگرییەی لە پردێ کرا، نیشانی دا کورد ئەگەر بیەوێ، دەتوانێ خۆڕاگری بکات و پیلانێکی دیکەشی پووچەڵ کردەوە، عێراق بەنیاز نەبوو لە پردێ بوەستێ و بەنیاز بوو بێتە هەولێریش، بۆیە ئەوەی ئێمە دەیبینین، ئەگەر هیچ شتێکی نائاسایی نەهاتبایە نێو بابەتەکە، کورد دەیتوانی مقاوەمە بکات، هەروەکوو لە پردێ کردی.

**باس**: دەکرێ ئەو شتە نائاساییە ڕوون بکەیتەوە؟

**حەسەن شەرەفی**: لەبەرچاوی هەموومانە، هەندێک شت ڕووی دا، ئێمە ناڵێین، خودی براکانمان لە باشوور باسی دەکەن کە چۆن ڕێگە بە هێزەکانی عێراق درا، بێ کێشە بێن. ئەوانەی شارەزای شەڕن دەزانن ئەگەر لە بەرەیەکەوە کەلێنت تێ کەوت، ئەوا هەموو بەرنامەکە تێک دەچێت، بەڵام باش بوو لە پردێ خۆی گرتەوە و بەرگری کرا.

**باس**: ئەگەر ئەوانەی لە ١٦ی ئۆکتۆبەر ڕێککەوتنیان کردووە، لێپێچینەوەیان لەگەڵدا نەکرێ، ئەم خیانەتانە نابنە شتێکی ئاسایی؟

**حەسەن شەرەفی**: دەبوایە ڕووداوی هێرشکردنە سەر بارەگاکانمان و ئەوانەی لە دژی ئێمە و خوشک و براکانمان لە باشوور کراون، ئەگەر لە کاتی خۆیدا لێکۆڵینەوە کرا و ئاکامەکانی ڕاگەیاندرا، ئەوا پێش لە هەندێک شت دەگرێ، بەڵام ئەگەر ئەو لەبەر ئەم و ئەم لەبەر ئەو پووش بەسەر بکرێ، ئەوا دەبێ پێشبینی بکەین شتی دیکەش ڕوو بدات .


**باس**: باستان لە یەکگرتنی کورد کرد، حدکا و حدک دوو حزبن کە زۆر لەیەکەوە نزیکن، بۆچی تا ئێستا یەکتان نەگرتووەتەوە؟

**حەسەن شەرەفی**: زەروورەتی یەکگرتنەوە هەبووە و ئێمەش لە هەوڵداین و پێم وایە دەبێت. ئەگەر زۆریش نەکێشێت، بەرەیەک لەنێو هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێک بهێندرێت. ئەوانەی ئەزموونی هێزی سیاسییان هەیە، دەزانن جیابوونەوە و لێکدابڕان کاتێکی زۆر کەمی دەوێت، بەڵام یەکگرتنەوە ماوەیەکی زۆر دەبات. ئەوەی ئێمە دەیبینین، ئەو ڕەوشە ناخۆشەی هەبوو، بەسەر پەیوەندیماندا نەماوە، جگە لەوەی دوو ساڵە دەستەکانمان پێکەوە دادەنیشن و لەبارەی یەکگرتنەوە قسە دەکەن، بەرەو پێشچوونیشی پێوە دیتراوە، دوایین کۆنگرەش ناوەندی سیاسیی ڕاسپاردووە کار بۆ بەرەوپێشبردنی گفتوگۆکان تا گەیشتن بە کۆنگرە برەو پێ بدات.

دیار عەزیز و شەریف فەلاح

سەرچاوە ماڵپەڕی باس نیوز - ڕێکەوتی: ١٤ی مارچی ٢٠١٨

## حەسەن شەرەفی: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئەرکی خۆی دەزانێ بەپێی گۆڕانکارییەکانی سەردەم گۆڕانکاریی فکری و سیاسی لەهەر بڕگەیەکی زەمانی لە بەرنامەکانیدا پێک بێنێت



**وتووێژ: ڕەحمان سەلیمی**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی ۲۵ی گەلاوێژی ۱۳۹۹ی هەتاوی ۷۵ی ساڵەی تەمەنی خۆی تێپەڕ دەکا و یووبیلی ئەڵماسیی خۆی جێژن دەگرێت.

لەم وتووێژەدا لەگەڵ بەڕێز "حەسەن شەرەفی" جێگری یەکەمی لێپرسراوی گشتی و بەرپرسی ناوەندیی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەند خاڵێکمان لە تەمەنی ۷۵ ساڵەی خەباتی حیزبی دێموکرات خستووەتە بەرباس کە سەرنجتانی بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.

**ڕەحمان سەلیمی:** وەکوو یەکەم پرسیار هەلومەرجی ئەو کاتی کوردستان و ئێران چۆن بوو کە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە زەرورەتێکی مێژوویی دەزانرێت؟

**حەسەن شەرەفی:** ئەو هەلومەرجانەی کە پێویستیی دامەزرانی حیزبێکی مۆدێڕن بە بەرنامەیەکی ڕوونی سیاسی و ڕێبەرایەتییەکی جەمعی هێنابوو ئاراوە دەکرێ بە دوو بەشی دەرەوەی کورستان و نێوخۆی کوردستان دابەش بکرێن.

**یەکەم**: لە دەرەوەی کوردستان لە ساڵانی شەری دووهەمی جیهانیدا وڵاتی ئێران لەلایەن هێزە بیانییەکان (ئینگلیس لە باشوور و سۆڤیەت لە باکوور)ەوە بە جۆرێک داگیر و لە نێوانیاندا، دابەش کرابوو. دەسەڵاتی ناوەندی بە گشتی لە کزی و لاوازی دابوو و تەنانەت لە هێندێک شوێن بە کردەوە بوونی نەمابوو، یەکێک لەو شوێنانە کە هێزە بیانییەکان بوونێکی پڕ ڕەنگیان نەبوو و حکوومەتی ناوەندیش دەسەڵاتێکی بەسەرەوە نەمابوو بەشی باکووری کوردستانی ئێران و ناوچەی موکریان بوو. بۆیە لەم ناوچەیە بۆشاییەکی زەقی دەسەڵات بەرچاو دەکەوت، ئەوەش دەرەتانێک بوو کە کورد لەو ناوچەیەی کوردستان خۆبەڕێوەبەرییەک لە نەبوونی دەسەڵاتی ناوەندیدا تاقی بکاتەوە.

**دووهەم**: لە نێوخۆی کوردستانیشدا بە دامەزرانی کۆمەڵەی ژێ.کاف لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ی هەتاوی بەهێزبوونێکی بەرچاوی هەستی نەتەوایەتی کورد پەرەی گرتبوو و بیری دامەزراندنی کیانێکی کوردی هاتبووە ئاراوە، بەڵام بەرنامە سیاسییەکەی ژێکاف وەڵامدەری هەلومەرجی جیهانی پاش فاشیزم و پەرەگرتنی دێموکراسی نەبوو. بۆیە دامەزراندنی حیزبێکی وەڵامدەر کە بتوانێ لەگەڵ ڕەوتە پێشکەوتنخوازەکان و هەلومەرجی ئەو کات یەک بگرێتەوە، وەک پێویستییەکی سەردەم و مێژوویی خۆی دەرخست و حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لەلایەن دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژێ.کاف و لە سەرووویانەوە پێشەوا قازی محەممەد دامەزرا.

**ڕەحمان سەلیمی**: دامەزرانی حیزبی دێموکرات وەکوو یەکەم حیزبی مۆدێرن لە کوردستان چ نوقتە گۆڕانێکی سیاسی لە نێو کۆمەڵگای کوردستان پێکهێنا؟

**حەسەن شەرەفی**: بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کورد و بزوتنەوەکەی بوون بە خاوەن حیزبێکی مۆدێرن بە بەرنامەیەکی سیاسی و سەردەمیانە کە لەوەبەدواوە کۆمەڵگای کوردستانی پتر لەوەی بیر لە کەسایەتییەک بۆ ڕێبەریی بزووتنەوە بکەنەوە بیر لە ڕێبەری حیزب و لە حیزبیش دا لە ڕێبەری جەمعی بکەنەوە، ئەوەش ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی و سەردەمیانە بوو کە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا پێکهات. لەو پێوەندییەدا ناکرێ دەوری پێشەوا قازی مەحەممەد وەک کەسایەتییەکی ئایینی بەڵام نەتەوەیی و نیشتمانی لەبەرچاو نەگیرێت کە ڕێکخراوێکی نەتەوەیی هەتا ڕادەیەک ئایینی گۆڕیی بۆ حیزبێکی سەردەمیانەی نەتەوەیی دێموکراتیک.

**ڕەحمان سەلیمی**: ئایا حیزبی دێموکرات بەپێی سەردەم گۆڕانکاریی فیکری و سیاسی لە بەرنامەکانی خۆیدا پێکهێناوە و هەتا چەندە وەڵامدەری خواستە سیاسییەکانی خۆی بووە؟

**حەسەن شەرەفی**: ئەگەر ئەو ڕاستیەمان لەبەرچاو بێ کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بناغەی ڕێکخستنەکانی

کۆمەڵەی ژێ.کاف دامەزرا دەگەینە ئەو ئاکامەی کە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر خۆی لە خۆیدا بەرهەمی ئاڵوگۆڕی فکری و سیاسی لە بەرنامەکانی بزووتنەوەی کورد دابووە. پاش دامەزرانی حیزب و بەتایبەت پاش نەمانی کۆماری کوردستان و ئەو گیروگرفتانەی بۆ ڕێبەرانی حیزب، کۆمار و ڕێکخراوەکانی حیزب هاتە پێش، جارێکی دیکە و ئەوجار بە ئیرادەی دوکتور قاسملوو لە کۆنگرەی سێهەمی حیزب لە ساڵی ١٣٥٣ی هەتاویدا، ئاڵوگۆڕێکی سیاسی، فکری و ڕێکخراوەیی لە حیزبدا پێکهات، ڕێبەرایەتیی جەمعی گرینگیی زیاتری پێدرا، بەرنامەی سیاسیی حیزب نێوەرۆکێکی پێشکەوتووانەتر و سەردەمیانەتری بەخۆیەوە دیت، سەربەخۆیی سیاسیی و بڕیاردان جێگایەکی بەرز و گرینگی لە هەڵسوکەوتی حیزبدا لەگەڵ هەر لایەنێک و لە پێوەندییەکانی حیزب لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا دەستەبەر کرد. دواتر لە دیاریکردنی ئامانجی دواڕۆژی حیزبدا سوسیالیزم وەک مەسەلەیەکی گرینگی حیزب ئاڵوگۆڕی بەسەرداهات و سوسیالیزمی دێموکراتیک بە دوو هەدەفی سیاسی بوو بە ئامانجی دواڕۆژی حیزب، جگە لەوانە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئەرکی خۆی دەزانێ بەپێی گۆڕانکارییەکانی سەردەم گۆڕانکاری فکری و سیاسی لە هەر بڕگەیەکی زەمانی لە بەرنامەکانیدا پێکبێنێ و مادام ئەوەش ئامانجیەتیی بە شێوەیەکی سروشتی وەڵامدەری خواستە سیاسییەکانی دەبێ چوونکە ئەم ئاڵوگۆڕانە لە پێناو چۆنیەتی گەیشتن بە ئامانجەکانی هاتوون و دێنە ئاراوە.

**ڕەحمان سەلیمی**: گرینگترین دەستکەوتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ٧٥ ساڵ تێکۆشانی خۆیدا کامانەن؟ و لەماوەی تەمەنی خۆیدا ئەو خەسارانەی کە تووشی بووە بۆی قەرەبوو کراوەتەوە؟

**حەسەن شەرەفی**: وەڵامی ئەو پرسیارەتان دوو بەشە **یەکەم**: ئەگەر مەبەست لە دەستکەوتی گرینگ بە ئاکامگەیشتنی خەباتی حیزب و دەستەبەربوونی یەکجارەکی هەموو ماف و ئازادییەکانی کورد بێ، بەداخەوە هەتا ئێستا ئەم ئامانجە نەهاتۆتە دی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەباتی ٧٥ ساڵەی حیزب کۆمەڵێک دەسکەوتی گرینگی هەبووە کە لە لاپەڕەکانی مێژوودا جێیان گرتووە.

دامەزرانی کۆماری کوردستان نەتەنیا دەسکەوت بەڵکوو شانازییەکی مێژوویی حیزبی دێموکراتە. سەرەرای ئەو هەمووە گرفتە، پێوانی ڕێگەی پڕ لە هەوراز و نشێوی خەبات، خوێندان و قوربانیدان و تێکۆشەر فیدابوونە درێژە و بەردەوامی لە خەبات وخۆڕاگری و سووربوون لەسەر ماف و ئازادیەکانی کورد، خۆی دەسکەوتێکی بەرچاو بۆ حیزبێکی سیاسیە، کە بە هاسانی بۆ هەموو حیزبێک دەست نادا، کە حیزبی دێموکرات خاوەنی ئەو شانازیەیە. لە مەیداندا مانەوە، بە شوێندانەری مانەوە لە ڕادەی نێونەتەوەیی، ناوچەیی و کوردستانیدا بە ناسراوی و بە خاوەن پرەنسیپ دەرکەوتن و خۆناساندن بە جۆرێک کە بۆ زۆربەی لایەنەکان جێگەی ڕێز بی، دەسکەوتێکی کەم نین بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

**دووهەم**: ئەو خەسارانەی کە بەرەوڕووی حیزب بوونەوە لە ڕاستیدا دووبەشن، بەشێکیان بەدەر لە ئیرادەی حیزب بوون و بە پیلانی دوژمنان کراون، وەک لە سێدارەدانی پێشەوای نەمر، تێرۆری دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی، دەیان و بگرە سەدان تێکۆشەری تێرۆرکراوی دیکە، یان شەهیدبوون و لەدەستچوونی هاوڕێ و هاوسەنگەرانمان کە خەسارێکن قەرەبوو ناکرێنەوە، ڕەنگە جێگەیان بگیرێتەوە بەڵام پڕنابێتەوە.

بەشێکیش دەکرێ بڵێین هەڵەبوون کە لە ڕەوتی خەباتی ئەو ٧٥ ساڵەدا کرابن. لەوبارەوە دووپاتی دەکەمەوە هەروەک لە شوێنی دیکەش کوتوومە: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەرگیز ئیدعای نەکردووە کە بێ هەڵە بووە بەڵام گرینگ ئەوەیە هەڵەیەکی وا گەورەی نەکردووە کە خۆی نەتوانێ قەرەبووی بکاتەوە، قەرەبووشیی کردۆتەوە.

**ڕەحمان سەلیمی**: وەکوو دوایین پرسیار، بەڕێزتان وەکوو جێگری یەکەمی لێپرسراوی گشتیی حیزب لە یادی ٧٥ ساڵ دامەزرانی حیزبی دێموکرات چ پەیامێکتان بۆ خەڵک هەیە؟

**حەسەن شەرەفی**: من خۆم پەیام لە خەڵکی کوردستان وەردەگرم، بەڵام وەک پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران داوام لە خۆشک و براکانم لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ئەوەیە کە ئەو خەباتە بە هی خۆیان بزانن چونکە لەپێناو ماف و ئازادی و داخوازەکانی هەمواندایە. بۆیە پێویستە هەر تاکێکی کورد لە هەر شوێنێک کە هەیە بەپێی توانا، ئیمکانات و شوێنی کار و ژیانی خۆی بە هەرجۆرێک بۆی دەگونجێ بەشداری بزووتنەوە بێ یا خەباتەکەمان تێکڕایی بێ و ئامانجی لێکگرێدانی خەباتی شار و شاخ زیاتر و بەرچاوتر بێتەدی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٤ی گەلاوێژی ٢٧٢٠



سەرچاوە
Serchawe

# دەبێ چ بکەین و چۆنی بکەین؟




(پوختەیەک لە قسەکانی کاک حەسەن شەرەفی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب لە کۆنفڕانسی ڕێکخراوی جیهانی کورد)

ئێمە ئەمڕۆ لێرە کۆ بووینەتەوە بڵێین لە بڕگەیەکی تازەی مێژوویی‌داین و دەبێ چی بکەین! بۆ ئەوەی بڵێین دەبێ چی بکەین، دەبێ بزانین چی ڕووی داوە. چۆن ڕووی داوە، بەکوێ گەیوەوە، ئێمە لەکوێی ڕووداوەکانین.

ئەو شۆڕشەی لە ئارادایە، شۆڕشی ژینا، "ژن، ژیان، آزادی" دیاردەیەکی دەگمەنە لە مێژووی دەیان ساڵەی ئێراندا. پێشتر ناڕەزایەتی و بزووتنەوە بووە. بزووتنەوەی مامۆستایان، کرێکاران، ژنان کە دیارە ئەوانە هەموو ئێرانی نەگرتووەتەوە و داخوازەکان زۆرتر سینفی و بۆ دابینکردنی بەرژەوەندیی توێژێکی کۆمەڵ بوون. ئەوجار شۆڕشەکە هەموو ئێرانی گرتووتەوە. بەڵام لەکوێ هەستا؟ لە کوردستان. ئەو دروشمە کە ئیران و هەموو جیهانیشی داگرتووە لەکوێ لەدایکبووە؟ لە کوردستان. بۆ ئاوا بەربڵاو وڵاتی داگرت؟ لەبەر ئەوەی هەم پرسێکی ئینسانییە و، هەم پرسێکی ڕەگەزی و هەم پرسێکی نەتەوەیی تێدا بەرجەستەیە و لە هەموو ڕەهەندەکاندا باس لە نەمانی جیاوازیی لێکهەڵاواردن دەکات. بێجگە لەوە هیچکات بزووتنەوەکان لە ئێران، ئاوا لێکگرێدراویی ئێرانییەکانی دەرەوی وڵات نەبووە کە هاوکاری و هاوپێوەندییەکان بەو جۆرە بێ.

ئەم بزووتنەوەیە لە کوردستان سەری هەڵدا، هەموو ئێرانی گرتەوە و دروشمەکەشی لەدایکبووی کوردستانە. ئەو

بانگەوازانەی کە ناوەندی هاوکاری دانی، نە دوو جار و نە سێ جار، بەوانەی کە پێیان وابوو کۆماری ئیسلامی گوتەنی ئەو حیزبانە سەرکوت کراون و نەماون، یان بەشێکی دیکە وەکوو ئۆپۆزیسیۆن کە لایان وابوو نابێ ئەوەندە حیساب بۆ ئەو ڕێکخراوە کوردییانە بکەین، هەمووی شوشتەوە و شتێکی دیکەی لە جێگای دانا. کۆماری ئیسلامی بە سەرکوتی خوێناویی سەرشەقام و مووشەکبارانی بنکە و بارەگای حیزبە کوردییەکان دەریخست کە چەندە لەو شۆڕشە دەترسێ و دەزانێ ئاخێزگەکەی کوێیە و دەبێ لە کوێ بدا. بەشێک لە ئۆپۆزیسۆن کە دەیانگوت نابێ حیساب بۆ کورد بکەن، ئێستا ئەوە کوردە دەپرسێ کە ئاخۆ دەبێ حیساب بۆ ئەوان بکا یان نەیکا؟ کە وابوو ئێمە لە هەلومەرجێکی ئاوادا کۆ بووینەوە، دەبێ چی بکەین؟

ئێمە دەبێ واز بێنین لەوەی کە هەر دانیشین و بیر بکەینەوە کە لە بەرنامەی چ ڕێکخراوێکدا، دوو وشە و ددانێکی بەخێر بۆ کوردان هەیە بچین وەدوای کەوین و بچین پشتیوانیی لێ بکەین. بۆ ئەوە بکەین؟ لەوان کەمتر خوێنمان داوە؟ کە وابوو ئێمە لە پێش هەموو شتێک دەبێ خۆمان بین. بۆ کورد بین، بۆ لابردنی ئەو ستەمانە بین، کە ساڵیانی ساڵە لەسەرمانە. خۆ خەباتی کورد لەو شۆڕشەوە دەستی پێ نەکردووە، بەڵام بەو تایبەتمەندییانەی ئەوجارە ڕەنگێکی دیکەی بەخۆیەوە گرتووە و بەرەو قۆناغێکی تایبەت لە بزووتنەوەی کوردی بردووە.

### ئێمە دەبێ چی بکەین؟

ئێمە هیچ شتێکمان بۆ ناکرێ بێتوو یەکگرتوو نەبین، هیچ ئەولاولای تێدا نییە. کەوابوو لە پێشدا کورد خۆی دەبێ یەکگرتوو بێ. کە خۆی یەکگرتوو بوو، دەرفەتی باشتری یەکگرتنی لەگەڵ خەڵکانی دی بۆ پێک دێ. لەم ڕووەوە پێش هەموو شتێک ئێمە دەبێ پلاتفۆڕمێکمان هەبێ بۆ یەکگرتوویی کورد، بە لانیکەمی شتە هاوبەشەکان بۆ ئەوەی یەکگرتووییەکە بەرینتر بێ. بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێ پلاتفۆڕمێکیشمان هەبێ بۆ هەموو ئێران و لەگەڵ ئۆپۆزیسۆنی ئێران.

چۆن؟ با واقعی بیر بکەینەوە. ئۆپۆزیسۆن لە ئێران کێیە و بەرانبەر بە ئێمە ڕوانینیان چییە؟ سەڵتەنتخوازەکان ئێعتراف بە ناو و بوون و ناسنامەمان ناکەن تا بگا بە مافەکانمان. کەوابوو چۆنی لەگەڵ بکەم، مەرجیشم بۆ دادەنێ. بۆچی؟ نەک بۆ ئەوەی مافەکەم بداتێ، بەڵکوو بۆ ئەوەی لە خزمەتیدا بم تا ئەو بە دەسەڵات دەگا، هەر بۆ ئەوەندە.

موجاهیدینی خەڵکە، خاڵێ ئەرێنیان بەرانبەر بە مەسەلەی کورد هەیە، بەڵام ئەوانیش شتی دیکەیان هەیە و ڕەنگە ئاوا بەئاسانی بۆ ئەوجۆرە هاوپەیمانییانە کە ئێمە بۆ ئامانجی خۆمان بەدوایدا دەچین گونجاو نەبێ. بەشێک لە چەپەکان ڕای

باشیان بە نیسبەت دێموکراسی و مافی کورد هەیە. بەڵام بەشیکی، بوونەتە ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی ئێرانی بەرانبەر بە پرسی کورد. باشە تۆ دەتەوێ ئیئتلاف بکەی، ئەمیان ئاوایە و ئەویان ئاوا. ئیدی چی دەکەی و لەگەڵ کێی دەکەی، دەبێ لەسەر عەرزی واقیع ئەوانە هەڵسەنگێنی. ئێمە دەتوانین گەلاڵەمان خۆمان هەبێ، بێجگە لەوەی بۆ یەکیەتیی کورد باسمان کرد کە دەبێ گەلاڵەمان هەبێ بۆ یەکگرتنێکی بەرینتر. ئێمە ئێستا هاوپێوەندی بۆ یەکڕیزی، ئازادی و بەرابەریمان هەیە کە ٩ حیزب تێیدا بەشدارن و ئێمەش تێیدا ئەندامین. کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ هەیە کە ئازەری و بەلووچ و کورد و عەرەبی تێدا و ئێمەش تێیدا ئەندامین. بێجگە لەوە کۆمەڵە کەسایەتییەکیش هەن. بۆیە ئێمە پێمان وایە دەبێ سەرەتا هەم گەلاڵەمان هەبێ بۆ یەکڕیزیی کورد، چونکی تا ئەوەمان نەبێ ئەویدیکەمان پێ ناکرێ. دوایە ئەگەر ئێمەی کورد یەک بین، لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا، داخوازەکانمان بە موزایەدە دادەنێن. ئەگەر جودا، جودا بین و تەفرەقە لەنێوماندا بێ، ئەوە ئەوانن داخوازەکانمان بە موناقسە دادەنێن کە فەرموون کامتان بە لانیکەم ڕازین.

چەقی باسەکە ئەوەیە پێویستیی ئەو یەکگرتنە لە پێشەوەیە، دوایە پێویستی ئەو پلاتفۆڕمەی خۆمان و دواتر ئەوەی نەتەوەکانی دیکە ئێران و هەمبەستگی و کەسایەتییەکان و شوڕای دێموکراسیخوازن. لێرەدا بەڵام پێمخۆشە یەک شت بڵێم. لەو پلاتفۆڕمەدا کە دەبێ بۆ ئێران هەمان بێ، ئەو پلاتفۆڕمە دەبێ ڕەنگدانەوەی ئەو دروشمە بێ: ژن، ژیان، ئازادی. چۆن ڕەنگدانەوەی ئەو دروشمە بێ، دەبێ جۆرێک بێ کە بە هەموو ئەوانە وەکوو ئۆپۆزیسۆنی ئێرانی ئیدعای دێموکراسی دەکەن، دروشمی دێموکراسی دەدەن، بەڵام کە دێتە سەر مافی ژن ئەوە نییە، کە دێتە سەر مافی نەتەوەکان هەر ئەوە نییە بە مانای واقعی. ئێمە دەبێ پلاتفۆڕمی هاوپێچمان بۆ پلاتفۆڕمی گشتی هەبێ. ئێمە کە دەڵێین "ژن، ژیان، ئازادی" و ئەوان لە تاران دەڵێن ژن، ژیان، آزادی جیاوازییەکی ئەو پلاتفۆڕمەیە کە ئێمە بۆ ژن ئەوە دەڵێن، ئێمە بۆ فلان توێژی ژێرچەپۆکە ئەوە دەڵێن. بۆیە دەڵێین پلاتفۆڕمەکانمان هەروەکوو دروشمەکە کە لە کوردستان پەرەی گرت، بەڕاستی دەبێ پلاتفۆڕمێکی ئاوامان هەبێ کە لە بەرچاوی بیروڕای گشتیدا لەبەرچاوتر بێ بە نیسبەت خستنەڕووی ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی کە بە قەولی خۆیان ئیدیعای زۆر شت دەکەن. باس لە خەتی سوور کرا، چۆن خەتی سوورمان نییە ئێمە. ڕەنگە بەربەستمان نەبێ بۆ دانیشتن لەگەڵ هەر لایەنێک بۆ ئەوەی لێم تێبگا و لێی تێبگەم. بۆ ئەوەی بە ڕوانگەکانی یەکتر بزانین و یەکتری هەڵسەنگێنین. بەڵام کە دێتە سەر بابەتی هاوکاری و هاوپەیمانی، بەڵێ لەوێدا هێڵە سوورەکان دەردەکەون.

## پرسی کورد و سەڵتەنەتخوازەکان

سەڵتەنەت بەشێوەیەکی مێژووی لەنێو ئێراندا یانی دەسەڵاتی ناوەندی و دەسەڵات لە ناوەند، لە ناوەندیش یانی لە دەستی یەک کەسدا. ئەو یەک نەفەرش بۆ مادامولعومرە، مادامالعومر زیاتر و وەرەسەکەشی دێتە سەری. ئەگەر تۆزێک بە وردبینییەوە بڕوانین بەڕاستی ئەو ئیدیعای دێموکراسییە کە ئەو دەیکا، لەو قەڵافەتە دەوەشێتەوە؟ نا، وا نییە. بێجگە

لەوە هەموومان دەزانین و هەمووتان شارەزان، بەرنامەی سیاسیی هێزەکانی کوردی بە تایبەتی ناوەندی هاوکاری، داواکارییەکانی هەموو لە چوارچێوی ئێراندایە. کەوابوو ئێمە حاشامان لەوە نییە کە بەرنامە و داواکانمان لە چوارچێوەی ئێراندایە، بەڵام ئەگەر بوو بە گۆپاڵ لە سەرت چی؟ دە ڕێکخراوی غەیری کورد لەگەڵ یەکتر دانیشتن باسی تەواویەتی ئەرزی ناکەن، بەڵام کە بڵێین کورد دەیانەوێ بێنە ئەو مەیدانە مەرجی یەکەمیان تەواویەتیی ئەرزییە. باشە ئەو مەرج دادەنێ، منیش مەرج دادەنێم مەرجی من ئەوەیە ئەویش فاشیست نەبێ. کەوابوو ئێمە مەرج قبووڵ ناکەین، بەڵام ئەگەر مەرج هاتە پێش، ئێمەش مەرج دادەنێین. باسمان کرد بەرنامەی ئێمە لە چوارچێوەی ئێراندایە، بەڵام مادام ئەو قەڵسەت لێ دەگێڕێ و لە سەرتی دەکاتە گۆپاڵ و لێت دەکاتە مەرج، ئەویش نەک بۆ ئیقرار بە مافەکەت بەڵکوو بۆ ئەوەی ئیجازەت پێ بدا وەدوای کەوی تا ئەوەی دەگا بە سەڵتەنەت؛ ئەدی ئەگەر ئەوکات بوو بە هێزی موتڵەق بڵێی چ مەرجێکت بۆ دابنێ. بۆیە ئێمە بە نیسبەت سەڵتەنەت نەک  هەر حیزبی دێموکرات، بەڵکوو ناوەندی هاوکارییش باوەڕمان بە کۆمارییە.

بابەتێکی تر، ئەوجار ئەوان دێن باسی تەجزییەی ئێران دەکەن. بەکورتی عەرزتان دەکەم، ئەو ئێرانییانەی بەردی تەواویەتیی ئەرزی لە سینگیان دەدەن، هیچیان دڵیان ئەوەندە بۆ تەواویەتیی ئەرزی ناسووتێ. بۆ؟ ئێوە بیر بکەنەوە لە مێژوودا، هەرکەس هێرشی کردە سەر ئێران بەشێکی برد. لە ڕۆژئاوا عوسمانی بردی، لەولا ڕووس بردی، لەولای ئەفغان بردی و... هتد. ئەوانە هەموو لە سەردەمی پاشایەتیدا بووە و کەسیش نەیگوتووە بۆ وڵاتیان بە تەجزییەبوون دا، ئەگەر نەڵێم تەجزییەیان کرد. ڕەنگە بڵێن ئەوە کۆن بووە و، ڕۆیشتووە و پێوەندی بە مێژووەوە هەیە، بەڵام خۆ لە سەردەمی محەممەدڕەزاشادا، بەحرین پارێزگای چواردەیەمی ئێران جیا نەبووە و لە تاران لە خۆشییان چەپڵەیان لێ دەدا؟ کام حیزبی ئێرانی بەیاننامەیەکی لە مەحکوومکردنی ئەو جیابوونەوەیە دا. ئەوان لە یەک شتی دیکە دەترسن، نەک تەجزییەی خاک بەڵکوو لە "تەجزییەی دەسەڵات" زراویان چووە. شتێکیش کە ئێمە دەمانەوێ ڕاست ئەوەیە، تەجزییە دەسەڵات و بەشداری لە ئیدارەی ئێراندا.

بەکورتی و لە کۆتاییدا پێ لەسەر پێویستیی یەکگرتوویی کورد و بوونی پلاتفۆرمێک، بۆ قسەکردن لەگەڵ ڕێکخراوە ئێرانییەکان دادەگرمەوە و لە عەینی حاڵدا، بەرنامەکە دەبێ ئەوە بێ کە بە نیسبەت ئەوانی دیکە لەسەرتر بێ. کۆتا قسەش منیش پشتیوانی لەو بۆچوونە دەکەم کە شوێنێکمان هەبێ جا ناوی لێ دەنێین ستاد، هەیئەت یان هەر شتێکی دی لە شارەزایانی کورد بەتایبەت لە دەرەوەی وڵات، بۆ دیالۆگ و دەرکەوتن لە هەر مێدیایەک بۆ بەرگری کردن لە ستاتوی کورد لە هەمبەر ئەو چەواشەکاری و تەبلیغاتە ژاوارییانەی لە دژی کورد و خەباتەکەی دەکرێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی ڕەشەمەی ٢٧٢٢

# حەسەن شەرەفی: پڕشوبڵاویی ئۆپۆزیسیۆن یارمەتیدەری سەرەکیی مانەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەسەر خەڵک و وڵاتە



**دیمانە: عەلی بداغی**

## ئاماژە:

"کوردستان" بە مەبەستی لێکدانەوەی تازەترین دۆخی ئێران، سیاسەت و ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی و هەلومەرجی خەبات بە دژی ڕێژیم لەلایەن خەڵک و ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمەوە چەند پرسیارێکی ئاراستەی کاک حەسەن شەرەفی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردووە. بەڕێزیان لەو وتووێژەدا باس لە گرینگترین کێشە و قەیرانەکانی بەردەم دەسەڵات و هەر بەو پێیەش ئاڕێشەکانی بەردەم ئۆپۆزیسیۆن و ڕێگاکانی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکات.

**عەلی بداغی:** کاک حەسەن هەڵسەنگاندنی جەنابت بۆ دۆخی یەکانگیریی کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا و هەروەها ڕەوشی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم چییە؟

**حەسەن شەرەفی:** ئەو دۆخەی ئێستا کۆماری ئیسلامی تێیدایە، هەرچەند بەڕواڵەت ئامادەبوونی خەڵک بەدژی ئەو ڕێژیمە

لەسەر شەقامەکان کەمڕەنگتر و تەنانەت بێڕەنگترە، بەڵام ئەوە بەمانای یەکانگیریی و سەقامگیریی وەزعی ئەم ڕێژیمە نییە. تا ئەوکاتەی بێزاریی خەڵک لە نێوەرۆکی واقعیی ڕێژیم لە جێگای خۆیەتی و دروشمی ڕووخانی ڕێژیم، دروشمی سەرەکی و هاوبەشی گەلانی ئێرانە؛ قسەکردن لە بوونی سبات لەو ڕێژیمەدا مانا نابەخشێ. بەتایبەت کە وەزعی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییش بەهۆی نایەکگرتوویی و بوونی ناتەبایی تاریفێکی نییە. هەرچەند هیند وردە هەوڵی ناسەرکەوتوو لەو بارەوە هەبوون، بەڵام شوێنداندەر نەبوون.

**عەلی بداغی**: هەر بەو پێیە پێتان وایە گرینگترین کێشە و قەیرانەکانی بەردەم دەسەڵات و هەر بەو پێیەش ئارێشەکانی بەردەم ئۆپۆزیسیۆن چین؟

**حەسەن شەرەفی**: گرینگترین قەیرانی ڕێژیم ماهییەتی خودی ڕێژیمە کە لەگەڵ دنیای سەردەم نەگونجاو و بۆ خەڵکی ئێرانیش غەیر قابیلی تەحەمووله. لەوە زیاتر ئەو گێرەوکێشانەیە کە ڕێژیم وەک بەرهەمی ڕەفتاری دەستێوەردەرانە، تێکدەرانە و ئاژاوەگێڕانە لە ناوچەدا وەک قەیران بەرەوڕووی خۆی کردوونەوە. قەیرانی ئۆپۆزیسیۆنیش وەک ئاماژەی پێ کرا، پرشوبڵاوی، یەکتر ئینکارکردن، قبووڵنەکردن و تەنانەت بۆ هێندێکیان زیاتر لە دژایەتی لەگەڵ ڕێژیم، دژایەتیکردن لەگەڵ بەشێکی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییە و داخستنی دەرگای هەرجۆرە دیالۆگێک لەگەڵ یەکترە کە ئەوە یارمەتیدەری مانەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەسەر خەڵک و وڵاتە.

**عەلی بداغی**: لە چەند مانگی ڕابردوودا باس و تەوەری سەرەکیی کۆڕوکۆمەڵە سیاسییەکان پرسی دروستکردنی هاوپەیمانیی سیاسی بووە. پێتان وایە ئەوە لەوەڕا دێ کە مەرگی ئەو ڕێژیمە زۆر نیزیک بۆتەوە و دەبێ پەلەی لێ بکرێ؟ ئەگەر وایە بە کام هۆ؟ ئەگەر نا، ئەدی بۆ؟

**حەسەن شەرەفی**: ئەوە کە پرس و باسی سەرەکیی کۆڕوکۆمەڵە سیاسییەکان و تەنانەت ویستی زۆربەی خەڵکی ئێران دروستکردن و پێکهێنانی هاوپەیمانی و یەکگرتویی نێوان هێزە سیاسییەکان بووە و هەیە لە پێویستییەکی واقعیی خەبات بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە سەرچاوە دەگرێ. ئاشکراشە هەرچی خەبات دژی ڕێژیم جدیتر و بەرینتر دەبێ، ئەو پێویستییە پتر خۆی دەردەخات. بەڵام دەبێ ئەوە بسەلمێنین کە مەرگی ڕێژیم بۆخۆی و بە پێی خۆی بەرەوپیلی خەڵکی ئێران نایەت، بەڵکوو ئەوە خەباتی لێبڕاوانە و یەکگرتووانەی گەلانی ئێرانە کە مەرگی ڕێژیم و تەمەنی ئەو ڕێژیمە لە کورتی دەبڕێتەوە. کەوابوو لە هەر حاڵ و هەلومەرجێکدا پەلەکردن لەو یەکگرتوویی و پێکهێنانی هاوپەیمانییە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە.

**عەلی بداغی**: سەرهەڵدانی بەرینی خەڵک کە لە پاییزی ساڵی ڕابردوودا گەیشتە لوتکە بە ئاکام نەگەیشت، یان هەتا ئێستا ناکام ماوەتەوە. ئێوە هۆکارەکانی لە چیدا دەبینن؟

**حەسەن شەرەفی**: ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی خەڵکی ئێران لە پاییزی ڕابردوودا کە لە کوردستانەوە وەڕێ کەوت و دروشمی ژن، ژیان، ئازادی لە کوردستانەوە هاواری بۆ کرا و دواتر دەکرێ بڵێین سەرانسەری ئێرانی گرتەوە؛ لە جۆری خۆیدا لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا دژ بەو ڕێژیمە بێوێنە بوو. ئەگەر پێشتر حەرەکەتێک هەرچەند تا ڕادەیەک بەرینیش وەڕێ کەوتبێ، بەمجۆرە هەموو ئێرانی نەگرتبۆوە. ئەگەر پێشتر توێژێک یا سینفێک بۆ داخوازییەکانی خۆی حەرەکەتێکی کردبێ، ئەوجار هەموو ئێران بۆ یەک داخوازی، ئەویش ڕووخانی ڕێژیم لەسەر شەقامەکان بوون. ئەگەر پێشتر ڕووی ڕەخنە لە کردەوەیەک یان بڕیارێکی ڕێژیم بوو، ئەوجار ڕووی حەرەکەتی خەڵک دژ بە هەموو ڕێژیم و لە سەروویانەوە خامنەیی بوو. جگە لەوە پشتیوانی و حەرەکەتی بێوێنەی ئێعترازیی ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات و بیروڕای گشتیی خەڵکی دونیاش و تەنانەت بەشێک لە وڵاتانیشی بۆخۆی مسۆگەر کرد و ئەوانەش وای کرد ڕێژیم خۆی لە لێواری گۆڕ و نەماندا ببینێت.

بەڵام حەرەکەتی وا گەورە و وا یەکگرتووانە و وا یەکدەنگ و یەک داخوازییە کە ڕووخانی ڕێژیم بوو، بۆ ناکام مایەوە؟ هەرچەند ئەمە حەرەکەتێکی تێکڕایی و سەرانسەری بوو، بەڵام چەند توێژ و سینف یان شانیان وەبەر نەدا، یان ئەرکی خۆیان بەوەخت ڕانەپەڕاند کە یەک لەوان کرێکارانی شوێنە پیشەیی و شوێندانەرەکان، یان بازارییەکان کە بەوجۆرەی پێویست بوو ڕەگەڵ نەکەوتن یان بەوەخت نەجووڵان. دیارە ڕێژیم کە خۆی لە مەترسیی جدییدا دەدیت، زۆر زیاتر و بێبەزەییانەتر جینایەتیان خوڵقاند و دەستیان لە هیچ ڕەفتارێکی دژی ئینسانی نەپاراست. هەزاران ژن و منداڵ و لاوی ئەو وڵاتە شەهید کران، سەدان کەس ئێعدام کران و دەیان هەزار کەس قۆڵبەست و زیندانی کران کە ئەو ڕەوتە هەتا ئێستاکەش درێژەی هەیە. هەموو ئەوانە و کۆمەڵێک پیلانی دیکەی ڕێژیم لەو هۆیانە بوون بۆ دامرکانەوەی کاتی و نیسبیی ئەو حەرەکەتە.

لەو پێوەندییەدا نابێ ئەوەش نەبینین کە ڕەفتاری هێندێ لایەنی ئۆپۆزیسیۆنیش لە کەلێنخستنە نێو ڕیزی یەکگرتوویی خەڵک و هێرش بۆ سەر لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن بەنۆرەی خۆیان دەوری ناجایزیان گێڕا. بەڵام بە هەموو ئەوانەوە مادام ڕێژیم بەو ماهییەتەوە و بەو ڕەفتارانەوە بیهەوێ درێژە بە تەمەنی بدات، ئەم حەرەکەتە سەر هەڵدەداتەوە و خەباتی دژی بەو ڕێژیمە هەر بەردەوام دەبێت، جا با ئەگەر نزمی و کەمرەنگییش ماوەیەک بە ڕوخساریەوە دیار بێت.

**عەلی بداغی**: یانی سەرەڕای ئەو ڕکوودە نیسبی و کاتییەی بە حزووری خەڵک لەسەر شەقامەکاندا دیارە، ئێوە پێتان وایە لە داهاتوویەکی نیزیکدا نارەزایەتییەکان لە ئێران بەدژی کۆماری ئیسلامی دەست پێ دەکەنەوە؟

**حەسەن شەرەفی**: ڕاستە لە ئێستادا کەمڕەنگی و بێڕەنگییەکی نیسبی و کاتی لە حزووری خەڵک لەسەر شەقامەکان دەبیندرێ، بەڵام ئەوە بە مانای کپبوونی خەڵک و ملدان بە ڕەفتاری دژیئینسانیی ڕێژیم نییە. بۆیە مادام گۆڕان لە ماهییەتی ڕێژیمدا نە لە ڕابردوودا پێکهاتووە و نە لە داهاتوودا پێک دێت، هەروەها مادام خەڵکی ئێران لەو ڕێژیمە بەتەواوی بێزراون و بە دوژمنی ماف و ئازادییەکانی خۆیانی دەزانن و خەبات لەدژی ڕێژیم بە ئەرکی ئینسانی، نیشتمانی و ئازادیخوازانەی خۆیانی دەزانن؛ ئەو خەباتە هەر بەردەوام دەبی و دوورەدیمەنی شیاوی لێ بەدی دەکرێ. گرینگ ئەو بەردەوامی و یەکگرتوویی خەڵکی ئێرانە کە ڕازێنەرەوەی ئەو دوورەدیمەنە دڵخوازە دەبێت.

**عەلی بداغی**: پێتان وانییە لە ئێستادا کەلێنێکی گەورە لە نێوان خەڵک لە نێوخۆی وڵات و ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوەی وڵات هەیە؟ چەندە ئیمکانی یەکیەتیی نێوخۆ و دەرەوە بۆ سەرکەوتن بەسەر کۆماری ئیسلامی لەسەر عەرزی واقع هەیە؟

**حەسەن شەرەفی**: کەلێنێکی گەورە و درزێکی پڕنەبۆوە لەنێوان خەڵک لە نێوخۆی وڵات و ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات بەدی ناکرێ کە تا ئەو ڕادەیە ببێتە هۆی ناهۆمێدی، بەتایبەت کە دیتمان چ پشتیوانی و هاوسۆزییەکی بەرین لە زۆربەی وڵاتان بە هۆی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە شەقامی شارەکانی دەرەوە بەڕێوە چوو، و تا ڕادەیەک بوونە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی بیروڕای گشتیی دەرەوەی وڵات و تەنانەت هێندێ دامەزراوەی نێونەتەوەیی بۆ لای حەرەکەتە ئێعترازییەکانی نێوخۆی وڵات.

دیارە نەک بە مانای کەلێنی گەورە، بەڵام لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا دەتوانین بڵێین لەنێوان دروشمەکانی یەکدەنگ و یەکخواستی نێوخۆ و وڵات و هێندێ کردەوەی نادروستی بەشێکی ئۆپۆزیسیۆن و داخوازە ڕێکخراوەییەکەی ئەو بەشە لە ئۆپۆزیسیۆن تەفاوەت و ناتەبایی بوونی هەبوو لە ئەوەش هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد زیانی بە نەفسی حەرەکەتە پڕنێوەرۆک و مانادارەکە گەیاند. هیوادارم ئەو بەشەش لە ئۆپۆزیسیۆن بە واقعبینی بڕوانێتە حەرەکەتەکانی خەڵکی ئێران لە نێوخۆ و لە داهاتوودا ئەزموون لەو ڕەوتەی ڕابردوو وەربگرێت.

**عەلی بداغی**: بۆچوونێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەرجەستە دەبێ ئەو ئاکامگیرییە دەکا کە حیزبە کوردییەکان بارتەقای دەنگی کۆمەڵگەی کوردستان و قورسایی ئەوان لە شۆڕشدا خاوەندارەتی لە شوناسخوازی و پرسی نەتەوەیی کورد لە ئێران ناکا. ئێوە لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟

**حەسەن شەرەفی**: من ئەوە تا ڕادەیەکی زۆر بە ناڕاست دەزانم. ڕەنگە حیزبە کوردییەکان بەشێکیان بارتەقای فیداکاریی خەڵکی کوردستان نەجووڵابنەوە یان هەڵوێستی وایان لە خۆیان پێشان نەدابێ کە خاوەندارەتی لە شوناسخوازی و پرسی

نەتەوەییان پێوە دیار نەبووبێ، بەڵام هەشبووە لە هەموو حاڵێکدا پرسی نەتەوەیی و شوناسخوازیی نەتەوەکەی لە سەروو هەموو شتێک بووە. هەرگیز بیروڕای گشتییش فیداکاریی خەڵک و حیزبەکانی لێک جیا نەکردۆتەوە. جیاکردنەوەی نەک نێوەرۆکی، بەڵکوو ڕواڵەتیش لە بەرژەوەندیی بزووتنەوەی کورد و پرسی نەتەوەیی و شوناسخوازیی کورددا نییە.

**عەلی بداغی**: هەر وەک تەواوکەری پرسیاری پێشوو، ئەو بۆچوونەش هەیە کە کورد لە هەموو ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا لە سەنگەری هەرە پێشەوەی خەبات بە دژی ئەو ڕێژیمە بووە، زۆرترین خوێنی لەبەر ڕۆیشتووە و قورسترین تێچووی داوە و هەتا ئێستاش هەر لە ڕیزی پێشەوە دایە. کەچی دیسان پەراوێز دەخرێ و وەلادەنرێت. بۆ؟

**حەسەن شەرەفی**: لەوەدا کە کورد لە ئێران لە سەرەتاوە ڕازی بە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی نەبووە و بەردەوام لەدژی دەسەڵاتی ئیدئۆلۆژیک ئەویش لە جۆری دواکەوتووی ئەو ڕێژیمە بووە، لەم ٤٤ ساڵەدا خەباتی بەردەوام و خوێناویی لەدژی کردووە و لەم حەرەکەتەی دواییشدا دەستپێشخەر و لە سەنگەری هەرەپێشەوەدا بووە؛ نە کورد خۆی بەڵکوو هیچ لایەنێک حاشای لەو ڕاستییە نەکردووە. بەڵام ڕاستە بەوحاڵەش پەراوێز دەخرێت.

لەو بارەیەوە پێویستە بڵێم کورد ئێستا سیمای واقعی و ڕاستینی دێموکراتبوون و ئازادیخوازیی خۆی بە هەمووان سەلماندووە. ئەو دروشمانەی خەڵک لە بەشەکانی دیکەی ئێران گەواهیی ئەوە دەدەن کە کورد بۆتە چاو و چرای ئێران، یان گوتراوە ئەگەر تاران ببێتە کوردستان، ئێران دەبێتە گوڵستان. بەڵام ئەدی کێ پەراوێزی دەخا یان وەلای دەنێ، ئەوانەی بۆچوونیان لەسەر مافی نەتەوەیی کورد و ئازادییەکانی جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی نییە. ئەوان کوردیان دەوێ بەبێ مافەکانی، دەی خەباتی کوردیش بۆ مافەکانیەتی. بەڵام لە بەرانبەردا هەشن ئەوانەی داوا دەکەن کورد دەورێکی فراوانتر لە خەبات بە پانتایی ئێران بگرێتە بەر. بەخۆشییەوە دۆخی کورد لە ئێران ئێستا جۆرێکە کە هیچ کەس و لایەنێک ناتوانێ کورد لە حیساباتی خۆیدا دەخیل نەکات.

**عەلی بداغی**: بێینەوە سەر پرسی پلاتفۆڕمەکان. پێتان وایە گەڵاڵە و نەخشەڕێیەک کە بتوانێ کۆماری ئیسلامی لە دەسەڵات لا بدا دەبێ لەسەر کام بناغە و بنەڕەت داندرابێ؟ ئەمەش چ ئەرکێک بۆ هەرکام لە هێز و لایەنە سیاسییەکان بە دنیابینیی جیاوازی خۆیان دروست دەکات؟

**حەسەن شەرەفی**: بەداخەوە هەڵویستی بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن بەرانبەر بە بەشەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن لە چوارچێوەی ڕەقابەت و جیاوازیی بیروبۆچوون چۆتە دەرێ شکڵی دژایەتی و دژبەریی یەکتریی بە خۆیەوە گرتووە، بە جۆرێک چەند لایەنی جدیی ئۆپۆزیسیۆن هەن کە بە هیچ جۆر ئامادە نین لەگەڵ یەکدی تەنانەت قسە و دانیشتنیشیان هەبێت. باقی


لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش لە هاوپەیمانی لەگەڵ هەرکام لەم چەند لایەنە ئۆپۆزیسیۆنە سەرەکییە خۆ دەبوێرن. چونکی هاوپەیمانی لەگەڵ هەر یەک لەو لایەنە دژبەرانە بەکردەوە یانی دژایەتیکردنی چەند لایەنی دیکە کە ئەوەش یارمەتیدەری پێکهێنانی نەخشەڕێگایەک نابێت کە گشتگیر و فرەچەشن و فرەلایەن بێت. بەو حاڵەش ناکرێ لەوبارەوە دەست لەسەر دەست دابندرێ و پێویستە گەلاڵەیەک و نەخشەڕێگایەک بێتە ئاراوە کە لانیکەم لایەنەکانی بەدەر لەو لایەنە دژبەرانە لە خۆی کۆ بکاتەوە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش هەوڵی شتێکی لەو بابەتەی داوە و گەلاڵەکەشی ئامادەیە و بۆ نەزەردان خستوویەتە بەر نەزەری ئەو لایەنانەی کە بوار و دەرەتانی پێکەوە کارکردنیان هەیە. ئەوەش دەتوانێ بە گرینگی و قورساییەکی کە حیزب هەیەتی ڕۆڵێکی تا ڕادەیەک چارەساز بگێڕێ و لەو پرشوبڵاویی ئۆپۆزیسیۆن لەو حاڵەتەی ئێستایدا کەم بکاتەوە.

**عەلی بداغی**: لەگەڵ سپاسی دووبارە بۆ بەشداریتان لەو دیمانەیەدا، لە پێوەندی لەگەڵ ئەو بابەتە گشتییەدا ئەگەر قسەیەکتان هەبێ لە کۆتاییدا وەک کۆبەندکردنی باسەکەمان بفەرموون.

**حەسەن شەرەفی**: بەکورتی ئەگەر بڵێم، دڵنیام کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەولێژیی ڕووخاندایە و درەنگ یا زوو دەسەڵاتی شووم و نەحسی لەسەر خەڵکی ئێران لادەچێت. دڵنیام خەباتی خەڵکی ئێران سەرەڕای کزی و بێدەنگیی کاتی یا بەرزی و بەرینیی تێکۆشانی بەردەوام دەبێ هەتا بە ئاکام دەگات. لەو نێوەدا ڕووخانی ڕێژیم بەستراوەتەوە بە بەردەوامیی خەبات، بەردەوامیی خەباتیش بەستراوەتەوە بە یەکگرتوویی خەڵکی ئێران. هەروەها یەکگرتوویی کوردیش یارمەتیدەری بەهێزبوونی کورد دەدا و بەهێزبوونی کوردیش بەدڵنیاییەوە یارمەتیدەری سەرکەوتنی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەکانی ئێرانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣١ی بانەمەڕی ٢٧٢٣

## حەسەن شەرەفی: هاوڕانەبوونی هێزەکانی ئۆپۆزیسیون و بێکردەوەیی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی هۆکاری سەرنەکەوتنی شۆڕشی ژینا بوون



**دیمانە: شەهرام سوبحانی**

### ئاماژە:

**لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامیی ئێران چووە چلوشەشەمین ساڵی دەسەڵاتدارەتیی خۆیەوە، دەسەڵاتێک کە کۆمەڵگە و خەڵکی وڵاتی بەتەواوی تووشی بێهیوایی و بێئەنوایی کردوە. ڕێژیمێکی دیکتاتۆر و سەرکوتگەر لە نێوخۆی وڵات و تێرۆریست و یاخی لە کۆمەڵگەی جیهانیدا کە هەموو خەونەکانی شۆڕشی ١٣٥٧ی مایەپووچ کردەوە و ئەمڕۆکە دەربازبوون و تێپەڕین لەم ڕێژیمە و بووەتە ئامانجی سەرەکیی خەڵکی ئێران. پرسیار ئەوەیە پێشمەرج و ڕێگای سەرەکیی دەربازبوون لە دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی چییە؟ بۆچی کۆمەڵگەی سیاسیی ئێران هەتا ئێستا نەیتوانیوە بە دروستکردنی جێگرەوی کۆماری ئیسلامی کۆتایی بە تەمەنی ئەم ڕێژیمە بێنێ؟ ئەم پرسیارانە و چەند باسێکی دی تەوەری وتووێژێکی "کوردستان" لەگەڵ کاک حەسەن شەرەفی، ئەندامی ناوەندیی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە:**

**شەهرام سوبحانی: کاک حەسەن با لەپێشدا بپرسم کە جیاوازی نێوان دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ و دێمۆکراتیک لە چی دایە؟**

**خەڵک بۆ دەربازبوون لە دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی پێویستیی بە چ هەنگاوێکە؟**

**حەسەن شەرەفی**: دەسەڵاتی سەرەڕۆ دەسەڵاتێکە بیر لە ئازادی، ماف، ژیان و سلامەتی کۆمەڵگە ناکاتەوە و هیچ یەک لەوانە نەک بە ئەرکی خۆی نابینێ، بەڵکوو دژ بە مانەوە و درێژەی دەسەڵاتی خۆیی دەزانێ. ڕەوایی خۆیی لە ڕای خەڵک بەرانبەر بەخۆی نابینێ و بە پێچەوانەوە هەموو چین و توێژ و بەگشتی کۆمەڵگە وەک کەرەسەیەک لە خزمەت خۆیدا دەزانێ، خۆیشی لە ئاست هیچ لایەن و ناوەندێکدا بە بەرپرسیار و وەڵامدەر دانانێ. بەڵام دەسەڵاتێکی دێموکراتیک لە ناخی کۆمەڵگە هەڵقوڵاوە و خۆی بەرانبەر بە خەڵکی کۆمەڵگە بە بەرپرسیار و وەڵامدەر دەزانێ و پاراستنی ماف و ئازادییەکانی خەڵک و دابینکردنی ژیانێکی شایان و کۆمەڵگەیەکی سلامەت بە ئەرکی خۆی دادەنێ و لە پێناویاندا تێ دەکۆشێ.

بەداخەوە لە ئێران دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری بە ئیدئۆلۆژییەک ئەویش لە جۆری دواکەوتووانەی لەسەر کارە و نە ڕێز بۆ خاک و نە بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە دانانێ و سەرچاوەی جیاوازیدانان و هەڵاواردن لەنێوان ژن و پیاو، پێڕەوانی ئایینەکان و ئایینزاکانە و مانەوەی خۆی لە سەرکوت و دەست بەدەم داگرتن و گرتن و ئەشکەنجە و ئێعدامی خەڵکدا دەبینێ و ماکەی کردەوەی تێرۆریستی و ڕەفتاری ناسەردەمیانەیە. کۆمەڵگەی ئێران لەدژی وەها ڕێژیمێکی هار و هەوسارپچڕاو و دژیگەلی لە خەبات و تێکۆشاندایە و زۆر جاریش بەشێوەیەکی بەرین و یەکگرتووانە لەپێناو نەمانی ئەو ڕێژیمەدا هەنگاوی ناوە کە نموونەی بەرچاوی شۆڕشی ژینا بوو کە لە کوردستان سەری هەڵدا و ئێرانی گرتەوە و دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" لە گەرووی کوردەوە هاوار کرا و، نەک ئێران، بگرە دەنگدانەوەکەی زۆربەی شوێنەکانی جیهانیشی گرتەوە.

بەڵام ئەوە کە بۆ نەیتوانیوە ڕێژیم بڕووخێنێ؟ ئەمە بۆ چەند هۆی بنەڕەتیی دەگەڕێتەوە کە بەکورتی ئاماژەیان پێ دەکەم. شۆڕشەکە سەرەتا هەمەگیر و یەکگرتووانە بوو، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو قوربانیدانە بەرە بەرە درز لە یەکگرتووییەکەی کەوت. هەر چەند شۆڕشەکە بە نیسبەت بزووتنەوکانی پێشووتر درێژماوەتر بوو، بەڵام ئەوەندە بەردەوام نەبوو کە بە ئاکام بگا کە ئەوەش هۆی تایبەتی خۆی هەبوو، و هاوڕانەبوونی هێزەکانی ئۆپۆزیسیونی ئێرانی و بێکردەوەیی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بەشێوەیەکی شوێندانەر، بەشێک لەو هۆیانە بوون کە نەتوانرێ هەنگاوەکان بە ئاکام بگەن. دیارە سەرکوت و کوشتاری خەڵک و زەبروزەنگی ڕێژیمیش بەشێوەیەکی بەرین لەپەنا ئەمانەدا دەوری خۆی هەبوو.

**شەهرام سوبحانی: لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا ڕەوتی پاشایەتیخوازەکان وەک لەمپەر و خنکێنەری شۆڕشەکە دەرکەوتن. کۆمەڵگەی سیاسیی ئێران چۆن دەتوانێ لەوان تێپەڕێ و وەک پێویستە پلان و بەرنامەی بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی هەبێت؟**

**حەسەن شەرەفی**: لایەنگرانی پەهلەوی و بەگشتی سەڵتەنەتخوازەکان هەر چەند کەمیش بن بەڵام بەشێکن لە کۆمەڵگەی ئێران و لە چوارچێوەی دێموکراسیدا ئەو مافەیان هەیە داخوازیی خۆیان هەبێت. بەڵام ئەوەی بەکردەوە لەو ماوەیەدا لێیان دیترا ئەوە بوو کە لە بەراوردی دەسەڵاتی پەهلەوی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا بە هەڵەچوون کە ڕێژیم لە ئەوان باشتر نەبووە و هەرگیز خۆیان لەگەڵ باشترەکانی جیهان بەراوەرد نەکرد، واتە چونکە خەڵک لە کۆماری ئیسلامی بێزارن کەوابوو حەق و ڕاستی هەر ئەوانن. بەڵێ ئەوان لە گەرمەی شۆڕشی ژینا و یەکگرتوویی خەڵک و کۆمەڵگەدا هەڵوێستی نەشیاو و کردەوەی نادروستی وایان لەخۆیان نیشان دا کە یەکگرتووییەکەیان لە بار برد و دوایە و ئێستاش بۆیان دەرکەوت کە ئەوەی خەونیان بۆ دەدیت وا دەرنەچوو. جیا لە کردەوە بە دروشمیش هێندی لایەن لە کۆمەڵگەی ئێران بەدژ دەزانن و پێبەپێی دژایەتیی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دژایەتیی ئەوانیش دەکەن وەک موجاهیدین، حیزب و ڕێکخراوە چەپەکان، نەتەوە زۆرلێکراو و ماف پێشێلکراوەکان. بۆیە بەو سیاسەتە نادروست و بەو کردەوە نەشیاوانە وێناچێ بزووتنەوەی گشتی دژبە کۆماری ئیسلامی ئێران نەتوانێ بەسەر ئەو گرفتەدا هەنگاو باوێ. نێوەرۆکیشیان بە لەبەر چاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە هیچ بەرنامەیەکی ئەورۆیی و پێشکەوتووانەیان بۆ داهاتووی ئێران نییە، و تەنیا قسە و ئیدیعایان ئەوەیە کە لە کۆماری ئیسلامی باشترن؟! بەڵام بۆ خەڵک ڕوون و ئاشکرایە بەو زمانە ناسپاسی و بێ حورمەتیانەش کە بە هێندێ لایەنی نزیک بە خۆیشیان دەیکەن نێوەڕۆکیان پتر دەرکەوتوە.

**شەهرام سوبحانی**: ڕۆژانە دەبیستین کە کۆماری ئیسلامی لە لێواری نەماندایە، بەڵام دەشبینین کە ڕێژیم کۆماری ئیسلامی هەر لە سەر پێیە. ئەو خاڵە بەهێزانەی گەشبینمان دەکا بە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی چین؟

**حەسەن شەرەفی**: وتەی میدیاکان کە باس لەوە دەکەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە لێواری نەماندایە زیاتر دەربڕین و ئاماژە بە لاوازی و لەرزۆکبوونی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک ناتەبا لەگەڵ ڕۆحی سەردەم داڵدەدەری تێرۆریزم، خراپیی باری ژیانی خەڵک، فشار و ئەشکەنجە و ئێعدام بۆ هەر دەنگێکی ناڕازی و ڕەخنەگر و فەساد و دزی و درۆ و ناڕاستی و هەموو ئەوانە و زۆر بابەتگەلی دیکە ڕێگا بۆ دەربڕینی ئەو بۆچوونە دەدەن. بەو حاڵەش وەک ئاماژەت پێدا هەر ماوە و بۆ نەمانی ئەو ڕێژیمە یەکگرتوویەکی بەرینتر، بەردەوامتر و لێکنزیکبوونەوەی پتری بۆچوونەکان بەنیسبەت داهاتووی ئێران لەلایەن خەڵک و لایەنە سیاسییەکانەوە دەتوانن شوێندار و کاریگەربن. چونکە ئەگەر هەموو بۆ نەمانی ڕێژیم یەکدەنگ بن و مادام لەسەر داهاتووی ئێرانێکی دێموکراتیک بە مانای واقعی خۆی هاوڕا نەبن، دڕدونگی و نامتمانەیی و لە ئاکامدا نایەکگرتوویی ڕووی دزیوی خۆی نیشان دەدا و ئەوەش یەکێک لە هۆیەکانی مانەوەی ڕێژیم بە هەموو لاوازییەکانییەوەتی. بەم حاڵەش مادام کۆمەڵگە و نەتەوەکانی ئێران سوورن لەسەر نەمانی کۆماری ئیسلامی ئێران و وەک لەمپەرێک لەسەر ڕێگای گەیشتن بە ئازادی و ژیانێکی ئینسانی دەیبینن، گەشبینی هەر هەیە و هەر دەبێ هەش بێت؛ بەڵام درەنگ و زووەکەی بەستراوەتەوە بەو مەرجانەی ئاماژەمان پێدان.

**شەهرام سوبحانی**: ستراتیژیی "دامەزراندنی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ" وێژمانی سەرەکیی بەشێکی زۆر لە لایەنە سیاسییەکانە، ئایا ئەم دروشم و وێژمانە لەگەڵ ویستی خەڵکی نێوخۆدا یەک دەگەرێتەوە، زیاتر کوردستانم مەبەستە؟

**حەسەن شەرەفی**: لەپێشدا با ئەو ڕاستییە بخەمە ڕوو کە بەشی هەرە زۆری لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەشێکی جیانەکراوەن لە کۆمەڵگە و خەڵکی کوردستان و وێژمانیان جیاوازی لەگەڵ خەڵک نییە. دروشمی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دەستکردی لایەنێک یا چەند لایەنی سیاسی نییە، بەڵکوو لە خواستی خەڵکەوە سەرچاوەی گرتوە. لە شۆڕشی ژیناشدا چ ئەوەی پێوەندی بە ئێرانەوە هەبووە چ بە کوردستان نە دروشمێکی زۆر جیاواز لەوە نەبیستراوە، خۆ ئەگەر ڕۆژێک خەڵک بە هەڵسەنگاندنی قورسایی و دەرەتانی خۆی و پێکهاتنی هەلومەرجی دیکە هەوڵی گۆڕینی ئەو وێژمان و ستراتیژییە بدات، بەدڵنیاییەوە هێزە سیاسییەکانی لەم کاروانەش بەدوا ناکەون.

**شەهرام سوبحانی**: کۆماری ئیسلامی لەم قۆناغە هەستیارەدا بۆ هێشتنەوەی دەسەڵاتەکەی چ ستراتیژییەکی گرتووەتە بەر و ستراتیژی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم چییە؟

**حەسەن شەرەفی**: کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ کات کرین و مانەوەی زیاتر لە دەسەڵات پەنای بۆ زۆر پیلان بردوە. گرتن، کوشتن، بێدەنگکردن، سزادانی چووکەترین دەنگی ڕەخنە، تەنانەت لە ئاستی ناوچەییشدا کڕینی پشتیوانی چەند وڵاتێک بە نرخی هەدەردانی خاک و ئاو و سەرمایەی ماددی و مەعنەویی وڵات، دروستکردنی تاقمە و دەستەی تێرۆریست و خراپکاری لە دەرەوەی سنوورەکان کە بە خراپ کەلکوەرگرتن لە هەستی ئایینزایی بەشێک لە خەڵک و تەرخانکردنی سامانی وڵات بۆ پڕچەککردن و خۆ تەیارکردن بۆ سەرکوت و... . بەڵام هەبوون ڕێژیم و دەسەڵاتی دیکەی لەو بابەتەش هەر بەو تایبەتمەندییە دڕندانەیەش، کەچی بە خەباتی خەڵکی وڵاتەکەیان بەسەریدا زاڵ بوون و سێبەری وەها ڕێژیمێکیان لەسەر خۆیان لابردوە. خەڵکی ئێران و تایبەتی کوردستانیش چی لەوان کەمتر نییە، بگرە لێبڕاوتر و چاو نەترس تریشن، ڕەنگە نەکرێ یەک یەک و بەجیا لەگەڵ هەر یەک لە پیلانەکانی ڕێژیم خەبات بکرێ بەڵام خەباتی جیددی، یەکگرتووانە لەپێناوی نەمانی ڕێژیم ئاکامەکەی نەمانی هەر پیلان و باسک و دەست و پێوەندییەکی ئەو ڕێژیمەیە.

**شەهرام سوبحانی**: ساڵانێکە خەڵک بە بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی نای گەورە بە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم دەڵێن. ئایا نەبوونی شەرعییەتی سیاسی ڕێژیم توانیوەتی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا وەک فاکتەرێک لەسەر هاوکێشەکان کاریگەریی هەبێت؟

**حەسەن شەرەفی**: بە شێوەیەکی گشتی ئەو شانۆیانەی بە ناوی هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا بەڕێوە دەچن لە نێوەڕۆکی هەر هەڵبژاردنێکی دیموکراتیک بەتاڵە، بەتایبەت دووپات و چەند پاتبوونەوەی ئەو شانۆیانە و تەئید و ڕەدکردنەوەی ئەو سەلاحییەتانەی کە شورای نیگەبان دەیکا و بۆ ئەویش هیچ پێوانەیەک لەگۆڕێدا نییە، زۆربەی هەرە زۆری خەڵک تێگەیشتوون کە ڕێژیم ئامانجی لەو شانۆیانە تەنیا ڕەکێشکردنی خەڵک بۆ سەر سەندووقەکان و خۆڕانان بەوەیکە گویا بە جیددی دەگرن و لە سەر چارەنووس شوێندانەرن، بۆیە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو ڕواڵەتسازییەی ڕێژیم لەبەرچاو کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، پێویستە ئەمجارە بەتایبەت دوای شۆڕشی ژینا "نا"یەکی توندتر، گەورەتر و بەرچاوتر بە ڕێژیم بگوترێ و دەرخەری ئەو ڕاستییە بێت کە ئەو ڕێژیمە لەلایەن خەڵکی ئێران و کوردستانەوە بێزراوە و بە تەواوەتی ڕەد کراوەتەوە. بەشداری نەکردن، خۆ کاندید نەکردن، نەک شێوەیەکی گرینگ لە خەبات بەڵکوو ئەرکێکی نیشتمانی و ئینسانییشە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

## حەسەن شەرەفی: دامەزرانی حیزبی دێموکرات خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی خەباتی سیاسی و نەتەوەیی کورد بوو



**وتووێژ: شەهرام سوبحانی**

**ئاماژە:**

**بێگومان ٢٥ی گەلاوێژ یەکێک لە گرینگترین ڕۆژە مێژووییەکانی نەتەوە کوردە، چونکە لەم ڕۆژەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک یەکەمین حیزبی مۆدێڕنی کورد لەسەر دەستی پێشەوای نەمر دامەزرا. ئەم حیزبە هەم ڕێچکەیەکی نوێی بۆ خەباتی سیاسی و نەتەوەیی کورد داڕشت و هەم بووە هۆی هیوا و هۆمێدی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانن لە چوارچێوەی حیزبێکی ئەمڕۆیی و نەتەوەیی وەک حیزبی دێموکراتدا خۆیان ببینەوە و خەبات بۆ ئامانجە نەتەوەییەکانی خۆیان بکەن. لە دیمانەیەکی تایبەتدا لەگەڵ کاک حەسەن شەرەفی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باس لە بایەخمەندی، دەسکەوت و کاریگەرییەکانی حیزبی دێموکرات لەسەر بزاڤی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین.**

**شەهرام سوبحانی: کاک حەسەن با بەم پرسیارە دەست پێ بکەم، گرینگی و بایەخمەندییەکانی ٢٥ی گەلاوێژ لە مێژووی سیاسیی و نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چیدایە؟**

**حەسەن شەرەفی**: هەرکام لە بزووتنەوە نیشتمانی و نەتەوایەتییەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بایەخ و شوێندانەری و گرینگی خۆیان هەبووە. و خاوەن تایبەتی خۆیان بوون، بەڵام گرینگیی ٢٥ی گەلاوێژ کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی تێدا دامەزرا وەک سەرەتایەک لە تێکۆشانی نەتەوەیی و لە لایەک بوونی حیزبێکی مۆدێرن بۆ خەبات لەپێناو وەدیهاتنی ئامانج و ئاواتە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی نەتەوەی کورد بە ڕادەیەکە کە دەکرێ ناوی وەرچەرخانی گرینگ لە ڕەوتی خەباتی کورد بە گشتیی پێ بدەین. بەو مانایە کە شێوەیەکی تازە لە جۆری خەباتی بە دوا دەهات کە سیمای بزووتنەوەی کوردی بە تەواوی گۆڕی لە خەباتی تەنیا نەتەوەییەوە بەرەو خەباتی نەتەوەیی دێموکراتیک برد. لە ڕێبەری فەردییەوە خستیە سەر ڕێڵی ڕێبەریی جەمعی و لە دەوری ڕێبەریی کەسایەتی ئایینی و عەشیرەییەوە بەرەو دەوری ڕێبەری سیاسییەوە پێشی خست. لە بزووتنەوەی خێڵەکی و بێ بەرنامەییەوە بەرەو حیزبایەتی و یاسامەندی و خاوەن بەرنامەی ڕوونی سیاسی برد و شکڵی پێدا و لە کۆمەڵگەدا جێگیری کرد. بەڕاستی ئەگەر بمانهەوێ سەرجەم بابەتە ئەرێنییانە دەست نیشان بکەین کە بە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا هاتنە ئاراوە یا شیکاری بۆ بکەین هەر بابەتەی و هەر بەرگێکی کۆمەڵێک وتارە و دەرەتانی لێکۆڵینەوەی وردی پێویستە.

**شەهرام سوبحانی**: پێتان وایە گرینگترین و چارەنووسسازترین بڕگەکانی مێژوویی سیاسی و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ٨ دەیەی ڕابردوو کام قۆناغ و سەردەمن و بۆ؟

**حەسەن شەرەفی**: ٨ دەیە خەباتی بێ پسانەوە و بەردەوام بە بەرنامەی سیاسی و بە ئیرادەی درێژەدان بە تێکۆشان و قوربانیدان ئاشکرایە چەند و چەندین بڕگەی مێژوویی لە خۆ دەگرێ کە دەربڕی هەڵکشان و داشکان و سەرکەوتن و لەخۆبایینەبوون و شکست و نائومێدنەبوون و کەوتن و هەستانەوەن و هەر کامیان بە جیا شیاوی لێ وردبوونەوە و لێکۆڵینەوەن. بەڵام ئەگەر بە شێوەی ئاماژەیی قەناعەت بکەین بە بڕوای من بڕگەی دامەزراندنی حیزب خۆی یەکێک لەو بڕگە گرینگانەیە کە بە کورتی لە وڵامی پرسیاری یەکەمدا باسمان لێ کرد. بڕگەی دواتر کە خۆی بەرهەمی بڕگەی یەکەم بووە، دامەزرانی کۆماری کوردستانە کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی سیاسیی کورددا ئەو نەتەوە بوو بە خاوەن کیانێکی نەتەوەیی دێموکراتیکی کوردی لە شکڵی کۆماریدا و ئاکامە ئەرێنییانەی بە دوای خۆیدا هێنا کە بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان بۆ کورد دەستەبەربوون. بڕگەی سێهەم لە ڕوانگەی منەوە ئاڵوگۆڕەکان و هەوڵەکانی دوکتور قاسملوو لە کۆنفرانسی سێ و کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتدا بوو کە ساغکردنەوە و کۆکردنەوە و سەریەکخستنەوەی ئەندامان حیزب و شکڵی ڕێکخراوەیەکی بە واقیعی بە حیزب بەخشی و بەرنامەی ڕوونی سیاسی بۆ حیزب دەستەبەر کرد. سیاسەتی سەربەخۆیی لە حیزبدا جێگیر کرد و کەسایەتییەکی بە حیزب بەخشی کە بەڕاستی شیاوی حیزبێکی نەتەوەیی و دێموکراتیک بوو. دیارە حەرەکەتەکانی ساڵەکانی ١٣٤٦ و ١٣٤٧ و پێش و دوای ئەویش ئەوەندە گرینگ هەن کە دەبێ بایەخی خۆیان پێ بدرێ و هەرکام لە کات و شوێنی خۆیدا شیکارییان بۆ بکرێ. بڕگەیەکی دیکەی گرینگ لە مێژووی

حیزبدا ڕاگەیاندنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب لە کۆتایی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا بوو کە پاش ئەوەندەی سەرکوت و زیندانی ئەندامان. خەڵک لە میتینگی دەیان هەزار کەسیدا لە شاری مەهاباد ئامادە بوون و ڕیشەداربوونی ئەو حیزبەی لە دڵی خەڵک و کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتدا نیشان دا. جیا لەوە لەو هەڵبژاردنانەی کە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە شارەکانی کوردستان بەڕێوەچوون کاندیدەکانی حیزب لە زۆربەی هەرە زۆری ئەو شارانەی کە هەڵبژاردنیان تێدا بەڕێوە چوون هی حیزبی دێموکرات بوون کە جارێکی دیکە قورسایی و خۆشەویستی ئەو حیزبەی خستەوە بەرچاوی هەموو لایەک. لە ماوەی زیاتر لەو ٤٠ ساڵەشدا کە خەبات و تێکۆشانی حیزب پاش فتوای کوشتاری کورد لەلایەن خومەینییەوە سیمایەکی ناسراوتر و شوێندانەرتر لە خۆڕاگر بە خۆیەوە گرت چەندین برگەی گرینگی لە فیداکاری و سەرکەوتن و ڕووداوی تاڵ و بە ئازاری تاقی کردەوە شەهیدکرانی ڕێبەران و شەهادەتی تێکۆشەران، دابڕان و ترازانی نێوخۆیی، بەم حاڵەش بە هەڵگرتنی ئەو زامانەش بە چۆک دانەهات و بە قامەت و سیمای تایبەت بەخۆیەوە لە مەیدانی خەباتدا هەروا سوارچاک و چالاک مایەوە. لە بەرانبەردا یەکگرتنەوەکان و وەسەریەککەوتنەوەکان حزوور لە هێندێ ناوەندی نێونەتەوەیی و سەرکەوتن لە پێکهێنانی چەند هاوپەیمانی چ لە کوردستان چ لە ئێران و هەر کام خۆیان وەک برگەیەکی تایبەتی شیاوی ئاماژە و لێکۆڵینەوەن کە لەم مەجالە کورت و کەمەدا دەرفەتی پێڕاگەیشتن بە هەمووان بە وردی نییە، چونکە هەموویان گرینگ و پڕ بایەخن.

**شەهرام سوبحانی**: ئەگەر باس لە دەسکەوتەکانی حیزبی دێموکرات لە برگە گرینگەکانی مێژوویی خەباتیدا بکەین، ئێوە گرینگی بە کامیان دەدەن، یان چۆنیان ڕیز دەکەن؟

**حەسەن شەرەفی**: لە ڕاستیدا ئەمە هەموو برگەکانی مێژووی حیزب دەگرێتەوە، بەڵام دامەزرانی حیزب، دامەزرانی کۆماری کوردستان و برگەکانی نێوئاخنی خەباتی زیاتر لەم ٤٠ ساڵەی دوایی حیزب بەگشتی پێک دێنن دەکرێ وڵامی ئەم پرسیارەی ئێوە بێ.

**شەهرام سوبحانی**: کاریگەرییەکانی حیزبی دێموکرات لەسەر بزاڤی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چی بووە؟

**حەسەن شەرەفی**: کە باسی بزاڤی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێ پێش هەموو ناوێک، ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەوێتەوە بەرچاو و دیارتر و زیاتر لەهەر ناوێکی دیکە خۆی دەردەخا، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ دەوری گرینگ و شوێندانەری حیزبی دێموکرات لەو بزاڤەدا. لە داهێناندا، لە زام هەڵگرتندا، لە فیداکاریدا هەموو ئەمانە و زۆری دیکە سیمای ئەو حیزبە ئەگەر نەڵێم بە تاقانەیی بەڵام بێگومان بە شوێندانەرترین و جێگای ئۆمێدتربوون بۆ خەڵکی کوردستان دەناسێنێ.

**شەهرام سوبحانی**: ٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ حیزبی دێموکرات ٧٩مین ساڵی تەمەنی خۆیی تێپەڕ ئەکات حیزبێک کە دوای کەند و کۆسپگەلێکی زۆر هێشتا لە گۆڕپانی سیاسی دا ماوەتەوە، هۆکارەکانی مانەوەی ئەم حیزبە چییە؟

**حەسەن شەرەفی**: ئەوە کە پاش ٧٩ساڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەڕای ئەو زامانەی هەڵیگرتوون و ئەو شانازییانەش تۆماری کراون هەروا قورس و قایم و بە ئیرادە و ئامادە بۆ فیداکاری تێکۆشەرانی هەر لە مەیداندا ماوەتەوە و بە شوێندانەرییش ماوەتەوە؛

کۆمەڵێک تایبەتمەندی ئەو حیزبە دەگرێتەوە کە لە سەرروویانەوە دەکرێ ئاماژە بەم سێ خاڵە بکەین.

١- سیاسەتی دروست و واقێعبینانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
٢- فیداکاری و لەخۆبوردوویی تێکۆشەرانی ئەو حیزبە بە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانیەوە.
٣- پشتیوانی بەربڵاو و هەمە لایەنەی خەڵکی کوردستان لەو حیزبە کە بە حیزبی خۆیان و بە فیداکاری بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆیان دەزانن.

دیارە لایەنی دیکەش لەو بوارەوە دەوری خۆیان هەبووە، بەڵام بە بڕوای من ئەگەر بە کورتی ئاماژەیی پێ بدەین لەم ٣ تایبەتمەندییەدایە.

**شەهرام سوبحانی**: بۆچی کۆماری ئیسلامی هەمیشە و لە هەموو بەرەکاندا حیزبی دێموکراتی بە سەرەکیترین دژبەر و نەیاری خۆی داناوە؟

**حەسەن شەرەفی**: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاڵاهەڵگری وەدیهاتنی کۆمەڵێک ئامانج و ئاواتی خەڵکە کە لە دێموکراسی، مافی نەتەوایەتیی کوردی، عەداڵەت و یەکسانی بەرابەری ژن و پیاو و ...دا خۆی دەنوێنێ. ئەوانەش ئەو بابەتگەلەن کە لەگەڵ بۆچوون و باوەڕی ناسەردەمیانە و دواکەوتووەکانی ئیدئولۆژیی کۆماری ئیسلامیی ئێران ناتەبان و دابینی ئەوانە بە هۆی ڕووخان و نەمانی خۆی و باوەڕەکانی دەزانێ. جیا لەوە جیددیبوون و پێداگربوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خەبات دژی ئەو ڕێژیمە و تێکۆشان بۆ دەستەبەرکردنی ئەو ئامانجانە حیزبی دێموکراتی بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران کردووەتە ئامانجی هەموو جۆرە پیلانەکان و سەرکوت و دژایەتیی ئەو کردەوە جینایەتکارانەیەی هەتا ئێستا دەرحەق بە حیزبی دێموکرات کردوونی.

**شەهرام سوبحانی**: حیزبی دێموکرات بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی و سەرکەوتن لە ڕەسالەتی مێژوویی خۆی ئەویش لە سەردەمی ئێستادا پێویستیی بە چ جۆرە ستراتیژییەکە؟

**حەسەن شەرەفی**: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان لە ڕابردوو و ئێستاشدا ئیستراتێژی ڕوونی هەبووە و هەیە و ڕایگەیاندوە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە گرینگەش لە تاکتیکی شیاو و شوێندانەر بەپێی هەلومەرج و دەرەتان کەڵکی وەرگرتوە بەو مانایە ئەگەر ئیستراتێژی حیزب ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەهاتوە تاکتیکەکان دەتوانن بەپێی هەلومەرج یا ئاڵوگۆڕیان تێدا پێک بێ یا لە ئەولەوییەت و نا ئەولەوییەتدا جێگۆڕکێیان پێ بکرێ، ئەویش بە شێوەی کاتی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣١ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## حەسەن شەرەفی: کوردستان مەکۆی هەستان و بەرەنگارییە



**وتووێژ: شەهرام سوبحانی**

**ئاماژە:**

**لە کاتێکی زۆر هەستیاردا کە ناوچەکە لەبەردەم وەرچەرخانی گەورەدایە، کاک حەسەن شەرەفی بە دیدێکی قووڵەوە، کایە نوێیەکانی وتووێژ و گرژییەکانی نێوان واشینگتۆن و تاران دەخوێنێتەوە و هاوکێشە ئاڵۆزەکانی ناوچەکە شی دەکاتەوە. ئەندامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکرات بە ڕوونی سنوورێک لە نێوان "خەباتی گشتی بۆ دێموکراسی" و "ژانی مان و نەمانی نەتەوەیی کورد" دەکێشێت. ئەو جەخت دەکاتەوە کە کوردستان پاشکۆی بێدەنگی گۆڕانکارییەکانی ناوەند نییە، بەڵکوو خۆی بزوێنەر و ئاراستەکەرێکی سەرەکییە. وتەکانی ئەو پەیامێکی ڕوونن: لە کاتێکدا جیهان چاوی لەسەر تاقیکردنەوەی ڕێککەوتنە لەرزۆکەکانە، کورد لەپێناو هیچ هاوکێشەیەکدا لە مافی دیاریکردنی چارەنووس پاشەکشە ناکات.**

**شەهرام سوبحانی: کاک حەسەن، بە بڕوای ئێوە ئامانجی کۆتایی ئەمریکا لەم قۆناغەدا چییە؛ گۆڕینی ڕێژیمی ئێران، یان تەنیا کورتکردنەوەی دەستی تاران و قبووڵکردنی ئێرانێکی بێ دەسەڵات؟**

**حەسەن شەرەفی: لە سەرەتاوە، ئامانجی سەرەکیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا - بە تایبەت ئیدارەی دۆناڵد ترامپ**

- ڕێگریکردن بوو لە دەستڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە چەکی ئەتۆمی و بەرتەسککردنەوەی چالاکییە ناوکییەکانی ئەو وڵاتە. هاوکات، دابینکردنی ئەمنییەتی ئیسرائیل و دوورخستنەوەی لە هەڕەشە و پلانەکانی تاران، لە پاڵ کەمکردنەوەی مەترسیی گروپە چەکدارە پرۆکسییەکانی (نیابەتی) سەر بە ئێران، تەوەری بنەڕەتیی ئەو ستراتیژیەتە بوون.

بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکانی شەڕ و پێشهاتەکانی دوای ئەو قۆناغە، هاوکێشەکانی گۆڕی؛ کاتێک کۆماری ئیسلامی پەنای بردە بەر هێزی پێگەی جوگرافیی خۆی و لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردن و گرتنی گەرووی هورمزەوە، کاریگەرییەکی نەرێنیی قورسی لەسەر هاتوچۆی کەشتییە بازرگانییەکان و نەوتهەڵگرەکان دروست کرد. ئەم کارە بازاڕی جیهانیی نەوتی تووشی شڵەژان و شۆکێکی گەورە کرد، بە جۆرێک کە پرسی کردنەوە و دەستەبەرکردنی ئاسایشی گەرووی هۆرمۆز، بووە یەکێک لە کارە لەپێشینە و گرنگەکانی لایەنی نێودەوڵەتی و ئەمریکا. لەم سۆنگەیەوە دیارە کە ترامپ هەر لە سەرەتاوە بەرنامەیەکی ڕوونی بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی نەبووە؛ یان ئەوەتا پلانێکی دروست و کاریگەری بۆ ئەو مەبەستە دانەڕشتبوو، یاخۆ هاوسەنگی و هاوکێشەکانی بە دروستی هەڵنەسەنگاندبوو. لە ئێستادا، پرسیارە جەوهەرییەکە ئەوەیە: ئایا ئەو ئاگربەستەی هاتووەتە ئاراوە، دەبێتە دەرفەتێک بۆ سازان و گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی نوێ، یاخۆ تەنیا هێوربوونەوەیەکی کاتییە و زەمینە بۆ هەڵگیرسانەوەی خولێکی تری شەڕ و پێکدادان خۆش دەکات.

**شەهرام سوبحانی**: پاشهاتەکانی ئەم شەڕ و وتووێژە ناوچەییانە بۆ بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات، زیاتر هەڕەشەیەکی ستراتیژییە یان دەرفەتێکی مێژوویی؟

**حەسەن شەرەفی**: کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نە لە هەڵگیرسانی ئەم شەڕەدا خاوەن بڕیار و دەورگێڕ بووە، نە لەم ئاگربەست و ڕێککەوتنە کاتییەی کە باس دەکرێت و هێشتا بەفەرمی ڕانەگەیەندراوە، پشکی هەبووە. بەڵام سەرەڕای ئەمەش، ئەم وەرچەرخانە لە ناوچەکەدا ڕووداوێکی گرنگ و کاریگەرە لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ جا چ بە بەردەوامیی شەڕ بێت یان بەم ڕێککەوتنە لەرزۆکە. هۆکاری وەسفکردنی ئەم ڕێککەوتنە بە لەرزۆک و دەڵەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هیچ کام لە لایەنە ناکۆکەکان لەم قۆناغەدا نەگەیشتوونەتە ئەو ئامانجە ستراتیژییانەی کە شەڕەکەیان لەپێناودا بەرپا کرد. لەبەر ئەوەی ڕەگی کێشەکان وەک خۆیان ماونەتەوە، هیچ ڕێککەوتنێک ناتوانێت هەمیشەیی و جێگیر بێت. پرسیارە بنەڕەتییەکە لێرەدا ئەوەیە: لە ناو جەرگەی ئەم ئاڵۆزی و ناوچە پڕشێوێدا، کورد چۆن دەتوانێت لێزانانە هەنگاو بەرەو دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی خۆی بنێت؟ لەم قۆناغەدا ناتوانرێت بە بڕبڕایی و بە شێوەیەکی پێشوەختە حوکم بدرێت کە ئەم دۆخە دەرفەتێکی مێژووییە یان هەڕەشەیەکی ستراتیژی.



سەرچاوە
Serchawe

**شەهرام سوبحانی**: ئایا چارەسەری پرسی کورد گرێدراوی گۆڕانکارییەکانی تارانە، یان پێویستی بە پرۆژەیەکی سەربەخۆ و لە دەرەوەی مەرکەز هەیە؟

**حەسەن شەرەفی**: بە شێوەیەکی سروشتی، لەبەر ئەوەی هەمیشە داخوازییەکانی کوردی ڕۆژهەڵات و دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەیی و ئازادییەکانی لە چوارچێوەی جوگرافیای ئێراندا خراونەتە ڕوو، بێگومان هەر جۆرە گۆڕانکاری و وەرچەرخانێک لە دەسەڵاتی مەرکەزیدا، ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی (ئەرێنی یان نەرێنی) لەسەر دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت. بەڵام ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر کە بۆ هەمووان ڕوونە، ئەوەیە کە کوردستان خاوەنی مێژوویەکی پڕ لە شانازییە لە خەبات و خۆڕاگری دژ بە ستەم، ملهوڕی و پێشێلکاریی مافەکان. ئەم پێگەیەش پشتئەستووره بە بوونی حیزب و لایەنە سیاسییە دێرین و بەئەزموونەکانی. ڕەنگدانەوەی ئەم مێژووەش لەوەدا دەردەکەوێت کە دیارترین و کاریگەرترین سەرهەڵدانەکانی ئەم دواییانە لە کوردستانەوە چەکەرەیان کرد و تەنانەت کایە سیاسییەکانی ناوچەکانی دیکەی ئێرانیشیان هێنایە بزووتن. هەر ئەمەش وای کردووە کە لە کاتی هەر گۆڕانکارییەکدا، چاوی چاوەڕوانیی بەشەکانی دیکەی ئێران لەسەر کوردستان بێت.

تایبەتمەندییەکی تری کوردستان ئەوەیە کە سەرەڕای فرەیی حیزبی و سیاسی، لە پرسە چارەنووسسازەکاندا یەکدەنگ و یەکگرتووە؛ کەشوهەوای کۆمەڵایەتیی کوردستان تەواو لەژێر کاریگەریی فەرهەنگێکی سیاسی و حیزبیی پێگەیشتوودایە، ئەمەش خاڵی جیاکەرەوەی کوردستانە لە ناوچەکانی دیکەی ئێران. کەواتە، هێندەی کە مەرکەز کاریگەریی لەسەر داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێت، بەهەمان پێوەر و بگرە زیاتریش، کوردستان خاوەن هێزی کاریگەری و ئاراستەکردنە بەسەر مەرکەز و تەواوی جوگرافیای ئێراندا.

**شەهرام سوبحانی**: ئێوە چۆن کێشەی کورد - وەک پرسێکی نەتەوەیی- لە کێشەی ناوەندی فارسی کە تەنیا لە چوارچێوەی دێموکراسی و بژێویدا دەیبینن جیا دەکەنەوە؟

**حەسەن شەرەفی**: ئاشکرایە کە بۆ ئەو بەشە لە هاونیشتمانیانی ئێران کە وەک نەتەوەی باڵادەست و خاوەن دەسەڵات دەردەکەون، کێشەی سەرەکی بریتییە لە: چۆنیەتیی گوزەران، دابینبوونی دێموکراسی و مافە مەدەنییەکان؛ چونکە لە ئێستادا نە دێموکراسییان بۆ فەراهەم کراوە و نە باری ئابووری و بژێوی ژیانیان جێگای ڕەزامەندییە. لەم ڕوانگەیەوە، خواست بۆ دێموکراسی و باشترکردنی بژێوی، خاڵی هاوبەشی زۆربەی هەرە زۆری گەلانی ئێرانە. بەڵام کاتێک پرسی نەتەوەکانی دیکەی ئێران دێتە ئاراوە، هاوکێشەکە ڕەهەندێکی قووڵتر بەخۆوە دەگرێت. بۆ ئەم نەتەوانە، جیا لە دێموکراسی و بژێوی ژیان کە خەمی گشتییە، کێشەیەکی بنەڕەتیی دیکە هەیە کە بریتییە لە: مافی نەتەوایەتی. ئەوان

تەنیا بەدەست نەبوونی دێموکراسی و گرانیی ژیانەوە نانالێنن، بەڵکوو ئازارێکی جەرگبڕتر و قووڵتریان لەسەر شانە کە پەیوەستە بە شوناس و بوونیانەوە؛ بە جۆرێک کە ناسنامەی نەتەوەییان لێ سەندراوەتەوە، زمانی دایکیان لێ قەدەغە کراوە، سامانی نیشتمانیی خاکەکەیان بەتاڵان دەبرێت و تووشی جۆرێک لە هەڵاواردن و جیاکاریی سیستەماتیک بوونەتەوە کە تەنانەت لەسەر خاکی خۆشیان وەک بێگانە سەیر دەکرێن. ئەم ژانە، ژانی مان و نەمانە؛ ژانی بەدەستهێنانەوەی ماف، شوناس و سەلماندنی بوونە. بۆیە بۆ گەلی کورد، خەبات لە پێناو سڕینەوەی ئەم ستەم و هەڵاواردنە نەتەوایەتییەیە، بێ ئەوەی بۆ ساتێکیش لە خەبات بۆ ئازادی، دێموکراسی و دابینکردنی بژێوییەکی مرۆیی و سەردەمیانە غافڵ بێت. هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ناسنامەیە، زیندووکردنەوەی هەستی نەتەوەیی و پاراستنی زمان و کولتوور، ڕێک ئەو جیاوازی و کەلێنە سەرەکییەیە کە پرسی کورد و نەتەوە چەوساوەکانی دیکە، لە کێشەی نەتەوەی باڵادەستی ئێران جیا دەکاتەوە.

**شەهرام سوبحانی**: **حیزبی دێموکرات هەمیشە داوای "فیدراڵیزم" دەکەن، بەڵام ئەزموونی چەند ساڵی ڕابردوو پیشانی دا کە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی تەنانەت فیدراڵیزمیشی پێ قبووڵ ناکرێت؛ کاتێک ئەوان هێڵی سوور لەسەر ئەم داوایەتان دادەنێن، ستراتیژی جێگرەوە یان پلانی B ی ئێوە چییە؟**

**حەسەن شەرەفی**: لە زۆربەی بەڵگەنامە فەرمییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەشێک لە هێز و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستاندا، جەخت لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووس کراوەتەوە؛ لەم چوارچێوەیەشدا، فیدراڵیزم لەسەر بنەمای نەتەوەیی، جوگرافی و مێژوویی، وەک گونجاوترین ڕێگاچارە بۆ دابینکردنی مافە ڕەواکانی نەتەوە جیاوازەکانی ئێران دەستنیشان کراوە. ئەگەرچی لایەن یان پێکهاتەیەک بەهۆی تێڕوانینی پاوانخوازانەی خۆیەوە ئامادە نەبێت دان بەم ڕاستییەدا بنێت، بەڵام گەلی کورد لەبەر خاتری هیچ هێزێک کە حاشا لە بوون و مافەکانی دەکات، لە داخوازییە ڕەواکانی پاشگەز نابێتەوە.

**شەهرام سوبحانی**: **لەم وەرچەرخانە مێژووییەدا، ئەرکی پێشەنگیی شەقامی کوردی لە نێوخۆدا چییە؛ بەردەوامیدان بە خەباتی مەدەنی، یان ئامادەکاریی جیددی بۆ ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری؟**

**حەسەن شەرەفی**: شەقام هەرچەند هەمیشە، بەڵام بەرچاوتر لە پێشوو ئێستا ئەرکی پێشەنگ بوونی خۆی سەلماندووە. ئەم لەسەر شەقام بوونە هەرگیز دابەش ناکرێ، بەسەر دوو شێوەی بەردەوام بوون لەسەرر خەباتی مەدەنیی یان ڕاپەڕینێکی گشتی وا هەرووڕ شێوە پیرۆزە و شوێن دانەر لەپێناو ئەو ئامانجانەی کەوا بۆ بەرێوە دەبن.

شەقام، سەرەڕای ئامادەیی هەمیشەیی، لە ئێستادا زیاتر لە هەر کاتێکی پێشوو ڕۆڵی پێشەنگایەتیی خۆی سەلماندووە.

ئەم ڕاگرتنـی سـەنگەر و ئامـادەییە بەردەوامەی نێـو شـەقام، هەرگیـز شـیکاریی دووفـاقە قبـوڵ ناکـات؛ جـا چ لە قـاڵبی پشـوودرێژیی خەبـاتی مەدەنییـدا بێـت، یـان لە ڕێـگەی ڕاپەڕینێکـی سەرانسـەرییەوە. هەردوو شـێوازی ئەم داکـۆکیکردنە، هاوشانی یەک خاوەن پیرۆزیی و کاریگەریی مێژوویی خۆیـانن لەپێنـاو بەدیهێنـانی ئەو ئامـانجە باڵایـانەی کە ڕێـڕەوی ئەم بزووتنەوەیەیان بۆ دیاری کراوە.

١٧ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

## حەسەن شەرەفی: ترسی دژبەرانی مافە نەتەوەییەکان نەک لە پارچەبوونی خاک، بەڵکوو لە دابەشبوونی هێز و دەسەڵاتە




**دیمانە: فاتیمە عوسمانی**

**ئاماژە:**

**سەرچاوەی بنەمای وەهمی پارچەپارچەکردن و نکۆڵیکردن لە فرەیی نەتەوەیی لە ئێران چییە؟ چ کەسان و ڕەوتگەلێک بواریان بۆ هەڵاواردن، ناسەقامگیری و بەدینەهاتنی مافە بنەڕەتییەکانی نەتەوەکانی نێو ئێرانیان خولقاندووە؟ ئاخۆ بەبێ دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەکانی ئێران و دانان بە مێژووی خەباتی ئەوان، دێموکراسییەکی ڕاستەقینە دەستەبەر دەبێت؟ بەرنامەی "کانون"ی کوردکاناڵ لە دیمانەیەکدا لەگەڵ کاک حەسەن شەرەفی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هۆکاری تۆمەتبارکردنی نەتەوە مافخواز و خەباتکارەکانی نێو ئێرانی بە جیاوازیخوازیی تاوتوێ کردووە و "کوردستان"یش دەقی ئەم گفتوگۆیەی سەرلەنوێ بڵاو کردووەتەوە.**

**فاتیمە عوسمانی: بەڕێز کاک حەسەن، ئەو بابەتەی دەمهەوێت لەم گفتوگۆیەدا لەگەڵتانی بخەمە بەر باس، "وەهمی جیاوازیخوازی و نکۆڵیکردن لە فرەیی نەتەوەیی لە ئێراندا"یە. بەڕاستی ئەم قەبارەیە لە ترس و دڵەڕاوکێی دەستکرد لە**

**هەمبەر قبووڵکردنی واقعی سیاسیی ئێران و فرەنەتەوەییبوونی ئێران لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟**

**حەسەن شەرەفی:** مەسەلەی جیاکردنەوە و دابەشبوونی خاکی ئێران لە بارودۆخی ئێستادا، لە وەهمێک بەولاوەتر نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر پێداچوونەوە و خوێندنەوە بۆ ڕەوتی مێژوویی گۆڕانکارییە سنوورییەکانی ئێران بکەین، دەبینین کە لە سەردەمە دوورەکان و تەنانەت لە مێژووی هاوچەرخیشدا، هەمیشە بەشگەلێک لە خاکی ئەم وڵاتە جیا بووەتەوە. لێرەدا خاڵی گرنگ و پڕبایەخ ئەوەیە هیچ کام لەم جیابوونەوانە، هەرگیز خواست یان هەوڵی بەکردەوەی بەشێک لە خەڵکی ئەو جوغرافیا سیاسییە نەبووە؛ بەڵکوو ئەو بەشە بەربڵاو و بەرچاوانەی لە جەستەی ئێران جیا بوونەتەوە، هەر هەموویان بەرهەمی نەزانی و بێکیفایەتی یان هەوڵی دەسەڵاتبەدەستانی وڵات بۆ پاراستنی پێگە و دەسەڵاتی خۆیان خۆیان بووە. ڕەنگدانەوەی ئەم ڕاستییە مێژووییە دەکرێ لە سێ جوگرافیای سەرەکیدا بناسرێتەوە:

لە بەشی ڕۆژاوادا، بەشێک لە خاکی ئێران یان لە کاتی شەڕ لەگەڵ عوسمانییەکاندا لە دەست چوو، یان لەلایەن فەرمانڕەوایانی ئەو سەردەمەوە پێیان بەخشرا. لە بەشی باکووریشدا، بەهۆی شکستە سەربازییەکان، لێکدانەوەی هەڵە، سیاسەتی چەوت و تێنەگەیشتنی دروست لە هاوسەنگیی هێز، زەوی و زارێکی بەربڵاو بە ڕووسیای قەیسەری (یەکیەتیی سۆڤیەتی دواتر) بەخشرا. هەر لە باکووری وڵاتدا، دۆخی دەریای قەزوین (خەزەر) نموونەیەکی زەق و بەرچاوی ئەم تێڕوانینەیە؛ پانتاییەکی ئاوی کە لە ڕابردوودا بەپێی پەیماننامەکان بە شێوەیەکی هاوبەش و یەکسان لە نێوان ئێران و سۆڤیەتدا دابەش ببوو، بەڵام دوای ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤییەت و دەرکەوتنی کۆمارە سەربەخۆ نوێیەکان، لە ئەنجامی بێدەربەستی و لاوازیی دیپلۆماسیی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیدا پشکی ئێران بۆ کەمتر لە ١٥٪ دابەزی و بەشە هەرە زۆرەکەی لە نێوان وڵاتانی دیکەدا دابەش کرا. ئەم بابەتە و دەستبەرداربوونە لە هەمبەر سنوورەکاندا، لە باشووری وڵاتیشدا بە ڕوونی ڕاستە. وەک چۆن لە سەردەمی محەمەدڕەزا شادا، بەحرەین کە وەک پارێزگای چواردەیەمی ئێران ناوی لێ دەبرا، لە ژێر گوشارە نێودەوڵەتییەکاندا و بەهۆی بێتوانایی و بێمایەیی و بێلیاقەتیی حکوومەتی پەهلەوی زۆر بە سادەیی لە خاکی وڵات جیا بۆوە؛ و دەسەڵاتی ئەو کاتەش نەک هەر لە دژی ئەم جیاکردنەوەیە ڕانەوەستا، بەڵکوو لە تاران بۆ لەدەستچوونی ئەم بەشەی وڵات، ئاهەنگ و شادی گێڕدرا و نوقڵ و شیرینی دابەش کرا.

جێگای سەرنج و تێڕامانە ئەوانەی خۆیان کارنامەیەکی پڕ لە جیاکردنەوە و پارچەپارچەکردنیان هەیە، ئەمڕۆ کەسانی دیکە بە جیاوازیخوازی تۆمەتبار دەکەن. بە ڕوانینێکی واقیعبینانە بۆ بارودۆخی ئێستا، بەرنامەی حیزبەکان و نێوەرۆکی ڕاپەڕینە جەماوەرییە بەردەوامەکان، بە ڕوونی دەبینین کە هیچ دەنگ و خواستێکی ڕاستەوخۆ کە بنەمای لەسەر جیاکردنەوەی وڵات بێت نابیسترێت. بۆیە، هێنانەگۆڕێی مەترسیی پارچەپارچەبوونی ئێران لە قۆناغی ئێستادا، تەنیا وەهمێکە و هیچی تر؛ وەهمێکی دەستکرد کە هەندێک کەس کردوویانەتە ئامرازێک بۆ پێشخستنی ئامانجە سیاسییەکانی

تریان.

**فاتیمە عوسمانی**: لە بەستێنی مێژووی ئێراندا، بەڵگە و نموونەی بەرجەستە هەن بتوانن ئەم عەقڵییەت و وەهمە پاساو بدەن کە نەتەوەکان خوازیاری جیابوونەوەن لە ئێراندا؟

**حەسەن شەرەفی**: من ڕێک لە سەرەتای قسەکانمدا ئاماژەم بەم خاڵە کرد؛ چ لە سەردەمە دوورەکان و چ لە ساڵانی نزیکتردا؛ تەنانەت بە تایبەتی لە سەردەمی محەمەدڕەزا شادا؛ هیچ کات هەوڵ و هەنگاوێکی بەکردەوە لەلایەن خەڵکەوە نەنراوە کە بتوانێت ئەم وەهمە پاساو بدات. من ئاماژەم بە هەموو ئەم حاڵەتانە کردووە. بۆیە، هیچ بەڵگە، دۆکیۆمێنت یان نیشانەیەکی بەرجەستە لە ئارادا نییە ئەم وەهمە بە ڕەوا پیشان بدات و وەک واقیعێک یان مەترسییەکی ڕاستەقینەی وێنا بکات.

**فاتیمە عوسمانی**: بەڵام ئاخۆ نەتەوە جیاوازەکان لە ئێران بەهۆی نەگونجانی بارودۆخ و بوارە عەینییەکانەوە نەیانتوانیوە ڕێگای جیابوونەوە بگرنە بەر، یان ئەوەتا لەسەر بنەمای خواستێکی گشتی و بە شێوەیەکی خۆبەخشانە پێیان باش بووە لەنێو پێکهاتەی ئێراندا بمێننەوە؟

**حەسەن شەرەفی**: ئەمڕۆ نەتەوە جیاوازەکانی ئێران لەوانە کورد، تورک، عەرەب، بەلووچ، تورکمان؛ هەموویان خاوەنی بەرنامەیەکی سیاسیی دیاریکراون و لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانیاندا هەوڵ دەدەن. داواکارییەکانی ئەم نەتەوانە، ئامانجگەلێکی دێموکراتیک، ئازادیخوازانە و لە پێناو دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانیاندایە؛ خواستگەلێکی وەک پێداگری لەسەر پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی، زمانەوانی و کولتووری، و هەروەها مافی خوێندن بە زمانی دایک و سەرجەم ئەو مافانەی نەتەوەیەک دەتوانێ لە چوارچێوەی وڵاتێکدا لێیان بەهرەمەند بێت. لە ئێستادا، ئەم داواکارییانە لە نێو سنوورەکانی ئێراندا و بە شێوازێک دەخرێنە ڕوو کە هیچ شوێنێک بۆ وەهم، هەڕەشە یان ترس لە پارچەبوونی وڵات ناهێڵنەوە. بەڵام ئەگەر بارودۆخەکە بەم شێوەیە بەردەوام بێت، واتە ناسنامەی ئەم نەتەوانە نکۆڵیی لێ بکرێت، پاشبنەما و مێژوویان پشتگوێ بخرێت، بە فەرمی ددان بە بوونیان دانەنرێت و بخرێتە مەترسییەوە، و هیچ میکانیزمێکی دێموکراتیکیش بۆ گەیشتن بە خواستە یاساییەکانیان لە ئارادا نەبێت؛ ئەو کاتە ئیتر بابەتەکە لە نیگەرانییەکی سادە تێدەپەڕێت. لە دۆخێکی وەهادا، بەرپرسیارێتیی دەرئەنجامەکانی داهاتوو و مەترسییە ئەگەرییەکانی بەردەم، ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسانەی بواریان بۆ ئەم هەڵاواردن، نائەمنی و بەدینەهاتنی ئەو مافە بنەڕەتییانەی نەتەوەکان خوڵقاندووە و ئەوانن کە دەبێ وەڵامدەرەوە بن.

**فاتیمە عوسمانی:** جەنابت ئاماژەت بە خەباتی نەتەوەکان لە چوارچێوەی ئێراندا کرد. ئەمڕۆ هەموویان لە چوارچێوەی حیزبەکانیاندا کە خاوەن بەرنامەی ڕوونن و بەبێ هیچ گومانێکی جیاوازیخوازی بەدواداچوون بۆ ماف و داواکانیان دەکەن. لەگەڵ ئەم وەسفەدا، بە فەرمی ناسینی مافی ئەم نەتەوانە، چ دژایەتییەکی لەگەڵ دێموکراسی و پێشکەوتنی ئێراندا هەیە؟

**حەسەن شەرەفی:** بڕوانە، ئەم دوو چەمکە نەک هەر هیچ دژایەتییەکیان لەگەڵ یەکتردا نییە، بەڵکوو ڕێک بەشێکی دانەبڕاون لە پێکهاتەی دێموکراسی. هیچ دێموکراسییەک بەبێ دابینکردنی مافی نەتەوەکان، نابێتە دێموکراسییەکی ڕاستەقینە و ڕەسەن؛ لە لایەکی تریشەوە، هاتنەدی و جێگیربوونی ئەم مافانەش لە سیستەمە ملهوڕ و سەرەڕۆکاندا، ئەگەر نەڵێین مەحاڵە، بێگومان ناسەقامگیر و لەرزۆکە. بۆیە ئەو خاڵەی ئاماژەت پێدا تەواو ڕاستە. ئەمڕۆ بەرنامەی سیاسیی زۆربەی حیزبە کاریگەر و ڕەوتسازەکان لە فەزای خەباتی ئێراندا، لە چوارچێوەی ئەم وڵاتەدا پێناسە کراوە. بە بڕوای من، سەرڕای ئەو دژایەتییانەی لەم بوارەدا هەن، فیدراڵیزم تەنیا مۆدێلێکە کە دەتوانێ هاوکات پاراستنی چوارچێوەی ئێران و دابینکردنی مافی نەتەوەکانیش دەستەبەر بکات. لە ئەنجامدا، پاشبنەما و بەرنامەی سیاسیی ئەم حیزبانە، شتێک جگە لە دێموکراسی و ناوکی سەرەکیی ئەو، واتە دابینکردنی مافە نەتەوەییەکان نەبووە و نییە.

**فاتیمە عوسمانی:** تەواوی ئۆپۆزسیۆن باس لە دێموکراسی لە ئایندەی ئێراندا دەکەن؛ بەڵام ئایا بەبێ دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەکانی ئێران و ڕەچاوکردنی مێژووی خەباتی ئەوان، هاتنەدیی دێموکراسییەکی ڕاستەقینە شیاوە؟

**حەسەن شەرەفی:** دێموکراسی بەبێ دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەکان، یان لە بنەڕەتدا هەر نییە یان ناتەواوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەر کاتێک ئەم داواکارییە ڕەوا و دێموکراتیکانە دەردەبڕدرێن و ئەم نەتەوانە تەنانەت باس لە پرەنسیپی دێموکراسی دەکەن، لەلایەن ئەو دەستە لە خەڵکی ئێرانەوە کە باوەڕیان بە ئێرانێکی یەکناسنامەیی و یەکزمانی هەیە، بە جیاوازیخوازی تۆمەتبار دەکرێن. هۆکاری ئەم جۆرە ڕوانین و نواندنە تەواو ڕوونە؛ ئەوان دەزانن لە پێکهاتەیەکی دیموکراتیکی ڕاستەقینەدا، پشتگوێخستنی مافی نەتەوەکان مەحاڵە و ناتوانرێت لە وەڵامدانەوەی ئەم داواکارییانە خۆ بدزنەوە. لەبەر ئەوە، خستنەڕووی ئەم خواستنە نەک هەر لە دژایەتی لەگەڵ دێموکراسیدا نییە، بەڵکوو بە پێکهێنەری سەرەکی و بنەمای هەر سیستەمێکی دێموکراتیک دادەنرێت.

**فاتیمە عوسمانی:** واتە کاتێک باس لە ئێرانی دیموکراتیکی داهاتوو دەکرێت، ئەم دڵەڕاوکێ و ترسە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت کە دەبێ نەتەوەکانی ئێران ماف و داواکارییە یاساییەکانی خۆیانیان هەبێت؟

**حەسەن شەرەفی**: دەبێ جارێکی تر جەخت بکەمەوە کە ترسی ئەو حیزب و ڕەوت و لایەنانەی خۆیان بە خاوەنماڵ دەزانن و وا بیر دەکەنەوە کە ئێران تەنیا سەر بەوانە؛ نەک هەموو نەتەوەکانی ئێران؛ ترسیان لە پارچەبوونی خاک نییە؛ چونکە لە درێژایی مێژوودا، چەندین جار بەشگەلێک لە خاکی ئێران جیا بووەتەوە و ئەوان هیچ کاردانەوەیەکیان لە خۆیان نیشان نەداوە.

**فاتیمە عوسمانی**: ئەو جیابوونەوانەی نەتەوەکان هیچ ڕۆڵێکیان تێدا نەگێڕاوە!

**حەسەن شەرەفی**: واقیعەکە ئەوەیە هیچ بەڵگە و دیکیۆمێنتێکی مێژوویی لە ئارادا نییە کە نیشاندەری بوونی ترسێکی ڕاستەقینە بێت لە پارچەبوونی خاک لە لای ئەوانەوە؛ و تەنانەت ئەگەر دڵگرانییەکی وەهاش بخرێتە ڕوو، نیگەرانیی سەرەکیی ئەوان لە خاک و جوگرافیا نییە. شایەتحاڵە مێژووییەکانیش ئەمە پشتڕاست دەکەنەوە؛ وەک چۆن لە سەردەمی پەهلەویدا و لە کاتی جیابوونەوەی بەحرەین لە ئێران، هیچ کام لە حیزبە سیاسییەکان یان کەسایەتییە دیارەکانی ئەو سەردەمە نارەزایەتییان لە هەمبەر ئەم مەسەلەیە دەرنەبڕی و تەنانەت بەیاننامەیەکیان دەرنەکرد. بەپێچەوانەوە، دەزگای پاشایەتی خۆی خەریکی شادمانی و پاساودانی ئەم جیابوونەوەیە بوو. بۆیە، دەبێ لە جێیەکی دیکە بۆ ڕیشەی ئەم ترس و دڵەڕاوکێیە بگەڕێین: ترسی ئەوان نەک لە پارچەبوونی خاک، بەڵکوو لە "پارچەبوونی دەسەڵات" و "دابەشکردنی هێزی" دایە. ئەوان حاکمییەت بە موڵکی تایبەت و مافی قۆرغکراوی خۆیان دەزانن، لە کاتێکدا نەتەوە جیاوازەکانی ئێران داوای بەشداریی سیاسی، شەریکبوون لە پێکهاتەی دەسەڵات و دابەشکردنی دادپەروەرانەی هێز دەکەن. لەم پێناسەکردنەوەیەدا، باس لە هەڵوەشاندن و لێکترازانی جوگرافیایی نییە، بەڵکوو باس لە سڕینەوەی قۆرغکاری لە دەسەڵاتی پاوانکراودایە؛ واتە هەمان داواکاریی ڕەوا و گشتیی نەتەوەکان بۆ ئامادەیی چالاکانە لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا. نەتەوەکان داوا دەکەن بەڕێوەبردنی ناوچەی نەتەوەیی خۆیان لە ڕوانگەی مێژوویی، جوگرافیایی، کولتووری و زمانەوانییەوە بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە دەستدا بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا، بەڕێوەبردنێکی ناوەندیش لە گشت وڵاتدا بەرقەرار بێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، قبووڵکردنی ئەم جۆرە داواکارییانە بۆ ڕەوتە قۆرغخواز و خۆسەنتەرەکان، تەنانەت لەم سنوورەشدا بە خەیاڵ دانایەت. ئەم ڕەوتانە لە بنەڕەتدا لە تێگەیشتنی واقیعی فرەلایەنە و مۆزاییکیی کۆمەڵگەی ئێران بێتوانان و واقیعەکە تەنیا لە چوارچێوەی تێڕوانینە قۆرغکارییەکانی خۆیاندا لێک دەدەنەوە. لە کۆتاییدا، تا ئەوکاتەی تێگەیشتن لەسەر ئەم واقیعە عەینییانە نەیەنە ئاراوە و تێڕوانینێکی ئەرێنی بۆ دابینکردن و هاتنەدیی مافە یاساییەکانی نەتەوەکان دروست نەبێت، ناتوانرێت ئاسۆیەکی بەردەوام لە ئارامی، سەقامگیری و خۆشگوزەرانی بۆ ئایندەی ئێران وێنا بکرێت.

**فاتیمە عوسمانی**: ئایا لە غیابی بەشداریی بەکۆمەڵ لە پێکهاتەی وڵاتداری و بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا، دیسانەوە



سەرچاوە Serchawe

دەکرێ دێموکراسی ئەو هیوا و مانا ڕاستەقینەیە بەدەستەوە بدات؟

**حەسەن شەرەفی:** بێگومان دێموکراسی سیستمێکە هاوکات مافە گشتییەکانی کۆمەڵگە و مافە تاکەکەسییەکانی کەسەکان دەستەبەر دەکات. لە چوارچێوەیەکی وەهادا، ئەگەر بەشێکی گەورەی کۆمەڵگە، واتە نەتەوە جیاوازەکانی ئێران لە ناسنامەی خۆیان بێبەش بکرێن و داواکارییە ڕەواکانیان پشتگوێ بخرێت یان سووکایەتیی پێ بکرێت، هەرگیز گەشەپێدان و پێشکەوتن نایەتە دی. ئەم تێڕوانینە هەمیشە دەبێتە هۆی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی ململانێی نێوان دەسەڵات و خەڵکی مافخواز؛ ململانێیەک کە ئەگەر وەڵامێکی لێبوردوانە و گونجاو وەرنەگرێت، سروشتییە کە دەبێتە هۆی کاردانەوەگەلێک کە سەقامگیری، ئارامی و خۆشگوزەرانیی وڵات تێکدەدەن.

**فاتیمە عوسمانی:** وەک پرسیاری کۆتایی و کۆبەندی باسەکەمان، پێتان وایە قبووڵکردنی فرەیی نەتەوەیی و دانپێدانان بە مافی نەتەوەکان لە ئێراندا، یارمەتیی بنیادنانی ئایندەی ئەم کۆمەڵگایە دەدات یان پشتگوێخستنی؟

**حەسەن شەرەفی:** بە لێکۆڵینەوە لە دۆخی وڵاتە جیاوازەکانی جیهان، چ کۆمەڵگە فرەنەتەوەکان و چ ئەو وڵاتانەی خاوەنی فرەیی نەتەوەیین لە نێو سنوورە جوگرافیاییە هاوبەشەکاندا، بۆمان دەردەکەوێت کە دەستەبەرکردن و دابینکردنی مافی نەتەوەکان، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هاتنەدیی دێموکراسیدا هەیە. ئەو سیستمانەی دێموکراسییان لە سەرجەم ڕەهەندەکانیدا بە فەرمی ناسیوە و لە کردەوەدا بە پرەنسیپەکانی وەفادار ماونەتەوە، لە بێسەری هەر جۆرە شەڕ، نائارامی و تۆمەتبەخشینێک تێپەڕیون. دەستکەوتی ئەم بەردەوامییە، پابەندبوون بە ئاشتی، گەشەپێدان و پێشکەوتنی بەردەوام، و ڕاکێشانی چەتری ئارامی بووە بەسەر سەرانسەری وڵاتدا.

١٥ی پووشپەڕی ٢٧٢٦

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

بەفرانباری ٢٧٢٤ی کوردی - جانێوێری ٢٠٢٤ی زایینی

نۆژنکردنەوە: پووشپەڕی ٢٧٣٦ی کوردی = جوولای ٢٠٢٦ی زایینی



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو ئامادەکارانی وتووێژەکان، و وەڵامدانەوەی هاوڕێ حەسەن شەرەفی دەستان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

